دابینكردنی مافە نەتەوایەتییەكانی گەلی كورد
لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكی فیدراڵیدا

# كوردستان

ژمارە: ٤٤٤
چوارشەمە ١٥ی خەرمانانی ١٣٨٥
٦ی سێپتامبری ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

## كۆشكی سپی: ئێران چالاكترین پشتیوانی تیرۆریزمە

دەوڵەتی ئەمریكا لە راپۆرتێك دا لە ژێر ناوی "ئیستراتژیی نەتەوەیی بەربەرەكانێ لەگەڵ تیرۆریزم"دا، ئێرانی بە گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ناو بردەوەو ئەگەری پێوەندی نێوان تیرۆریزم‌و چەكە كۆمەڵكوژەكانی بە نیگەرانی خولقێنترین مەترسی لە لایەن ئێرانەوە داناوە. كۆشكی سپی رۆژی سێشەممە ٥ی مانگی سێپتامبر بە بڵاو كردنەوەی ئەم راپۆرتە دێكۆمێنتییە پێوەندیی نێوان دوو مەترسیی تیرۆریزم و "چەكەكانی كوشتاری بە كۆمەڵ"ی بەنیگەرانی خولقێنەرترین هەڕەشە" بۆ سەر ئەمریكا ناوبردەوە. ئەم راپۆرتە چەند كاتژمێرێك دوای دووهەم وتاردانی جۆرج بۆش سەركۆماری ئەمریكا لە بارەی "شەڕی دژی تیرۆریزم" بلاو بۆوە.


كۆشكی سپی، ئێرانی بە چالاكترین پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهان دا، ناسیوەو دەڵێ وەزارەتی ئیتلاعات‌و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، بەرنامەڕێژیی بۆ چالاكییە تیرۆریستییەكانی ئێران دەكەن. كۆشكی سپی هەروەها سوریەی بە یەكێك لە پشتیوانە سەرەكییەكانی تیرۆریزم ناساندوە.

ایران امروز

# سەركۆماری تیرۆریست لەكاتی سەردانی بۆ چەند شاری كوردستان دا بێزراویی ڕێژیمەكەی بەچاوی خۆی دیت

دۆسیەی ناوكیی ئێران لەنێوان بەرژەوەندیی هێزە جیهانیەكاندا ٢
هەواڵەكانی كوردستان ٣
ئاوڕێك لە كوشتاری بە كۆمەڵی زیندانییە سیاسییەكان ٤
یەكەم پاچ لێدان لە گوڵزاری خاوەران (٢) ٨
باسێك لەسەر چەمكی هاوولاتیبوون ٩
كێشەی باكووری كوردستان بەرەو چ ئاقارێك دەڕوا؟! ١٠
قوربانییانی جەهل و نەزانی ١١

## راپۆرتێك لەسەر سەفەری ئەحمەدی نەژاد بۆ كوردستان



رۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٥/٦/٩، مەحموود ئەحمەدی‌نژاد سەفەری خۆی بۆ شارەكانی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا دەست پێكرد.

**مەهاباد:** كاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە، ئەحمەدی‌نژاد لە كاتێكدا چووە شاری مەهاباد كە هەر لە رۆژی سێشەممەوە تەواوی شوێنەكانی شار خرابوونە ژێر چاودێریی توندی هێزە جۆراوجۆرەكانی رێژیمەوە. سەرەڕای ئەوەی كە رێژیم هەوڵێكی زۆری بۆ رێكخستنی پێشوازییەكی نمایشیی گەرموگوڕ لە ناوبراو دابوو، بەڵام خەڵكێكی زۆر كەم كە ئەویش لە كارمەندەكان، مامۆستایانی ئایینی‌و مامۆستایانی قوتابخانە ، ئەو كەسانەی كە لە بنیاتەكانی "موستەزعەفان"و " كومیتەی ئیمداد"و "بێهزیستی" یارمەتی وەردەگرن، چەند كەس لە ریش سپییەكانی ناوچەو سەرۆك عەشیرەكان، جاشەكان‌و بەسیجییەكان كە ژمارەیان نزیكەی ٢٥٠٠ كەس دەبوو بە پێشوازی ئەحمەدی‌نژادەوە چوون. هەروەها بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی لەم سەردانە، خەڵك دوكان‌و بازاریان دانەخست‌و تەنانەت هاتوچۆی نێو شەقامەكان لە رۆژانی پێشتر قەرەباڵغتر بوو.

ئەحمەدی‌نژاد هەر وەك چاوەڕوان دەكرا لەكاتی قسەكردندا چەند وادەو بەڵێنی درۆی وەك دابینكردنی ٧٢ میلیارد تمەن "ئێعتبار" بۆ شاری مەهاباد، سازكردنی یاریگای وەرزشی، سازكردنی ساڵۆنی وەرزشی بۆ كچان‌و كوڕان بەجیاو... بە خەڵك دا.

پێویستە بڵێین تەنانەت زۆربەی ئەو كەسانەش كە بۆ پێشوازیی ئەحمەدی‌نژاد چووبوون لە كاتی قسە بێ‌ناوەرۆكەكانی‌دا شوێنەكەیان بەجێهێشت.

هەروەها ئەندامان‌و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە مەهاباد بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی‌و بێزاریی خۆیان لە سەفەری ئەحمەدی‌نژاد، شەوی چوارشەممە لە چالاكییەكی تەبلیغاتی‌دا تراكتی حیزبییان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاوكردەوە:

**پیرانشار:** پاش مەهاباد ئەحمەدی‌نژاد هەر لە رۆژی پێنجشەممەدا بە گرتنەبەری رێوشوێنێكی توندی ئەمنییەتی لەگەڵ حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ‌دا سەردانی پیرانشاری كرد. لە پیرانشاریش‌دا پێشوازیی لە ناوبراو نەكراو ئەو كەسانەش كە لە رێورەسمی پێشوازی‌دا بەشدارییان كردبوو زۆرتر لە بەكرێگیراوانی رێژیم‌و كەسانێك پێك هاتبوون كە بە ناچاری هێنرابوون.

لەكاتی قسەكردنی ئەحمەدی‌نژاددا خەڵك بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە شێوەیەكی بەرچاو شوێنی كۆبوونەوەكەیان جێ‌هێشت.

**بۆكان:** ئەحمەدی‌نژاد رۆژی شەممە، ١١ی خەرمانان سەردانی بۆكانی كرد.

شیاوی وتنە كە رێژیم بۆ بەڕێوەبردنی رێوشوێنی ئەمنییەتی هێزێكی زۆری لە تارانەوە بۆ شارەكانی بۆكان‌و مەهاباد بردبوو و رۆژانە هێلیكۆپتەرەكان بە ئاسمانی ئەو شارانەدا دەسووڕانەوە. هەروەها تا ئێستا بۆ پێشگرتن لە هەرچەشنە ناڕەزایەتییەك‌و چاوترسێن كردنی خەڵك دەیان كەسیان لە مەهاباد و بۆكاندا دەستبەسەركردوە. هەروەها لەم چەند رۆژەدا‌و پێش چوونی ئەحمەدی‌نژاد بۆ بۆكان، ئەو جاشانەی كە لەنێو شاردا پێشتر مۆڵ دەدران چەك كراون!!

**نەغەدە:** كاتێك ئەحمەدی‌نژاد رۆژی پێنج شەممە، ١٣٨٥/٦/٩، سەردانی شاری نەغەدەی كرد لەگەڵ پێشوازیی ساردوسڕی خەڵكی ئەو شارەدا بەرەوڕوو بوو.

لە شوێنی پێشوازی كردن لە ئەحمەدی‌نژاددا نزیكەی دووهەزاركەس كۆببوونەوە كە ئەوانەش بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەسەفەری ئەو لەوێ كۆببوونەوە. خەڵك لە كۆبوونەوەكەدا دەستیان كرد بە دروشم دان‌و مۆڵەتیان نەدا فەرمانداری نەغەدە قسە بكاو هەروەها دروشمیان دەدا " فەرمانداری جینایەتكار دەبێ ئێعدام بكرێ".

جێی باسە ناڕەزایەتیی خەڵك لە فەرماندار بەهۆی كوشتنی ١٣ كەس لە خەڵكی نەغەدە چ كوردو چ ئازەری لە كاتی خۆپیشاندانی خەڵكی ئەو شارە لە دژی سووكایەتی كردن بە ئازەرییەكان دا بوو كە بە بڕیاری تەقەكردنی ئەو جێبەجێ كرابوو.

**شنۆ، سەردەشت:** پێویستە بگوترێ لە شارەكانی سەردەشت‌و شنۆش وەك شارەكانی دیكەی كوردستان، ئەحمەدی‌نەژاد لەگەڵ بێ‌تەفاوەتی‌و تەحریمی سەفەرەكەی لەلایەن خەڵكەوە بەرەوڕووبوو و لەنێو پێشوازیكەرانی‌دا بێجگە لە دەست‌و پێوەندەكانی رێژیم، ژمارەیەكی كەم لەو كەسانە كە بە شێوەی جۆراوجۆر ناچار كرابوون بێنە پێشوازی، دەبینران.

## گرتن و دادگایی‌كردنی تێكۆشەرانی مەدەنی‌و سیاسی بەردەوامە



لە سەرەتای ئەم ئەمانگەوە چەند چالاكێكی بواری مەدەنی بە ناوەكانی فەرزاد كەمانگەر، ماموستای دەبیرستانەكانی شارستانی كامیاران، سامان بابایی (مامۆستا)یەكی دیكەی كامیارانی، لە لایەن مەئموورانی ئیتیلاعاتی رێژیمەوە گیران، تا ئێستا هۆی گیران‌و بارو دۆخیان روون نیەو هەروەها هەر لەم پێوەندییەدا، بەكرێگیراوانی رێژیم هێرشیان كردۆتە سەر ماڵی چالاكێكی دیكەی بوار مافی مرۆڤ لە بۆكان بە ناوی رەحمان ئەسلانی، دەستیان بە سەر كامپیوتێرو كۆمەڵێك كتێب‌و بلاڤۆكی ناوبراودا گرتوە.

لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهابادیش تێكۆشەرێكی دیكەی بواری مافی مرۆڤ بە ناوی مەجید ئێوەر خەڵكی گوندی "خانكەندی" كەوتۆتە بەرهێرشی جاشەكانی ناوچەكەو دەستبەسەر كراوە.

لە رێكەوتی ٨٥/٦/٨دا، حەوت لاوی قوورەیی بە ناوەكانی میكاییل ئەمینی، مەنسوور مروەتی، تالیپ میرزایی، تالیب مێهری، مەحموود شەریفی، حەبیبوڵڵا محەممەدی‌و نەسروڵڵا تەهماسبی، بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تێكدانی تەنایی میللی، لەسەرو بەندی خۆپیشاندانەكانی پاردا، دەستبەسەر كرابوون بۆ جاری دووهەم‌و بێ پارێزەر دادگایی كراون. هەروەها سێ كەسی دیكە خەڵكی ماكۆش بە تۆمەتی هاوكاری لەگەڵ حیزبە كوردییەكان، بە ناوەكانی محەممەد ئارخا، مستەفا ئەختەر شناس، ئاراز ئارسان هەركام بە شەش مانگ زیندان مەحكووم كران.

لە شاری سەقزیش، رۆژی دووشەممە،٦ی خەرمانان، نۆ كەس بە ناوەكانی محەممەد سالح نەسری، فەتاح رەزازادە، عەبباس رەزازادە، سەید هادی حەیدەری، پەیمان مێهری، محەممەد وەتەن خا، سامان بیگلەری، لوقمان محەممەدی‌و مستەفا توفیقی لە لقی یەكی دادگای شۆڕشی سەقزدا بە بێ پارێزەر دادگایی كران، شایانی باسە ئەم نۆ كەسە لە دەستبەسەر كراوەكانی رووداوەكانی ساڵی رابردووی شاری سەقزن.

## كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ لە بەرامبەر كێشەی ئەتۆمیی ئێراندا هەڵوێستیان بكەن بە یەك

خاتوو ئانجیلا مێركێل، راوێژكاری ئاڵمان، داوای لە كۆمەڵگای نێونەتەوەیی كرد كە بەرامبەر كێشەی ئەتۆمیی ئێران، هەڵوێستێكی یەكگرتووانەیان هەبێ.

مێركێل گوتی: كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نابێ بكشێتەوەو چاوەڕوان بێ ئێران بە قەبووڵ نەكردنی داخوازەكانی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان، زەبر لەم رێكخراوە بدا.

بە پێی راپۆرتی هەواڵدەریی رۆیتێرز، راوێژكاری ئاڵمان رۆژی چوارشەممە ٦ی سێپتامبر گوتی: وەڵامی ئێران بە بەستەی پێشنیاریی ٥ ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش‌و ئاڵمان لە بەرنامەی ناوكی‌یەكی، جێگای رەزامەندی نیە. ئێمە دەرگا لە رووی وتوویژ داناخەین، بەڵام ئێمەو كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناوێستین‌و چاوەڕوان نامێنینەوە تا ئێران زەبر لە یاسا ناوكی‌یەكانی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بدا.

راوێژكاری ئاڵمان پێی لەسەر ئەمەدا گرتەوە كە تەنیا یەكیەتی‌و یەك هەڵوێستی دەتوانێ كێشەی ئەتۆمیی ئێران بگەڕێنێتەوە ئاكامی دڵخواز.

ایران امروز

## زیندانی‌یەكی سیاسیی دیكە بەهۆی مانگرتن گیانی لە دەست دا

دەنگوڕەنگی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، رۆژی سێشەممە ١٤ی خەرمانان لە بەشی هەواڵەكانی كاتژمێر ٨:٢٠ی دوانیوەڕۆدا رای‌گەیاند زیندانیی سیاسی، فەیزوڵڵا مەهدەوی لایەنگری رێكخراوی موجاهیدینی ئێران لە ئاودەستخانەی زیندان بە جلوبەرگی شەخسیی خۆیەوە، خۆی كوشتوە.

فەیزوڵڵا مەهدەوی، ساڵی ١٣٨٠ بە تاوانی ئەندامەتی لە رێكخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران‌دا گیراو بە مەرگ مەحكووم كرا. حوكمی مەرگی ناوبراو بەدوای ناڕەزایەتی‌یە نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی‌یەكان لە بانەمەڕی ئەمساڵ‌دا هەڵوەشایەوە، بەڵام ئەم هەڵوەشانەوەیە هیچكات بە ناوبراو رانەگەیەندراو فەیزوڵڵا بە بڵاوكردنەوەی نامەیەك، ناڕەزایەتیی لە وەزعی خۆی دەربڕی‌و رای‌گەیاند ئەگەر ئەم حوكمە نوێ‌یە بەو رانەگەیەندرێ‌و لە بەندی بەندی‌یە ئاسایی‌یەكانی بەندیخانەی گەوهەردەشت بۆ بەندی زیندانی‌یە سیاسی‌یەكان لە ئێوین رانەگوێزرێ‌و چاوی بە وەكلیی خۆی نەكەوێ، مان لە خواردن دەگرێ.

بەرپرسی مەرگی فەیزوڵڵا مەهدەوی حكوومەتی ئیسلامی‌یە. ئەگەر رێژیم لە دەیەی ١٣٦٠دا قۆڵی لە كوشتاری بەندی‌یە سیاسی‌یەكان هەڵماڵی ئەوانی لە دەستەی سەدكەسی‌دا بە تیغی جەللادەكانی دەسپاردو لە هاوینی ١٣٦٧دا هەزاران زیندانیی سیاسیی قەڵاچۆ كرد، ئەمجار بە شێوەیەكی دیكە بەر بۆتە گیانی بەندی سیاسی‌یەكان‌و لە نێویان دەبا.

**وەرگیراو لە راگەیەندراوی كانوونی زیندانی‌یە سیاسی‌یەكانی ئێران (تاراوگە)**
**سایتی "اخبار روز"**

## وەڵامی جۆرج بووش بۆ هێندێك لە قسەكانی ئەحمەدی‌نەژاد



جۆرج بووش سەركۆماری ئەمریكا لە وتارێك دا، ئاماژەی بە هێندێك لە قسە توندڕەوانەكانی مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد، سەركۆماری رێژیمی ئێران كرد كە خوازیاری جیهانێكی بێ ئیسرائیلە. جۆرج بووش گوتی: ئەمریكا سەر بۆ دیكتاتۆرەكان نەوی ناكا. سەركۆماری ئەمریكا هەروەها لە بارەی ئامانجە درێژخایەنەكانی ئێران لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا وریایی‌دا. بووش گوتی: "رێژیمی ئێران ئامانجی دیاریكراوی هەن. دەیەوێ ئەمریكا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەر بكا، ئیسرائیل لەنێو ببا و كونترۆڵی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگرێتە دەست. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرووپە تیرۆریستی‌یەكان وەك حیزبوڵڵای لوبنان ڕادێنی‌و پشتیوانییان لێ‌دەكا".

**BBC**

## درێژەی گیرانی لاوانی خەباتگێڕ لە كوردستان

لە درێژەی كردەوە سەركوتكەرانەكانی كاربەدەستانی رێژیمدا، ژمارەیەكی دیكە لە لاوان‌و تێكۆشەرانی كورد لە شارە جیاجیاكانی كوردستان، بە تۆمەتی هاوكاری لەگەڵ حیزبە كوردییەكاندا گیراون‌و یان دادگایی كراون. هەر لەم پێوەندییەدا سێ لاوی مەهابادی بە ناوەكانی رامین لەتیفی، محەممەد رەحیم توركەو دیاكۆ شێخ محەممەدی لەگەڵ كەسێكی دیكە خەڵكی سەقز بە ناوی فواد لە پیرانشار گیران. لە شاروچكەی دێگوولانیش لاوێكی دیكە بە ناو حەبیبوڵڵا تەهماسبی هەر بە هەمان شێوە، بە دانانی بارمتەیەكی ٣٠ میلیون تمەنی لە لایەن دادگای شۆڕشەوە تا كاتی دادگاییكردن ئازاد كرا.

# دۆسیێ ناوکیی ئێران لە نێوان بەرژەوەندیی هێزە جیهانیەکاندا

عەباس ئەحمەدی

پاش بە بنبەست گەیشتنی وتووێژەکانی نێوان ئێران‌و سێ وڵاتی ئورووپایی لە ئاکامی دەست پێکردنەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە نەتەنزو ئیسفەهان‌و، ڕازی نەبوونی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی ئەو پیتاندنە، هەروەها ڕەد کردنەوەی گەڵاڵەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە نێو خاکی ڕووسیەدا، فایلی کۆماری ئیسلامی ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرا. لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا بە هۆی ئەو بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری‌و ژێئۆپۆلتیکانەی کە ئێران‌و سیستەمی دەسەڵاتداری تاران بۆ وڵاتانی چین‌و ڕووسیە هەیەتی، گریمانەی ئەوە دەکرا کە ئەم دوو وڵاتە پشتیوانی لە بڕیارنامەیەك نەکەن کە گەمارۆ بخاتە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و تەنانەت باس لە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لە لایەن ئەم وڵاتانەوە دەکرا. بۆ پێشگرتن لە دروستبوونی درزێکی لەو چەشنە، پێنج وڵاتی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، (ئەمریکا، ئینگلیز، فەرانسە، چین‌و ڕووسیە) لەگەڵ ئەڵمان لە یەکی ژووئەندا لە ڤیەن کۆبوونەوەو بە هاودەنگی ڕیزە پێشنیارێکیان دایە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرانبەر ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمدا لە لایەکەوە مافی ئێران بۆ کەڵك وەرگرتن لە وزەی ناوکی بۆ بەرهەمهێنانی بەرق‌و کاروباری پزیشکیی دەپاراست‌و تەنانەت سووتەمەنیی ئێرانی بۆ ماوەی ٥ ساڵ گەرەنتی دەکرد لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێك ئیمتیازی سیاسی‌و ئابووریی لە خۆ دەگرت کە دەکرێ ئاماژە بەمانەن بکەین:

١ـ پێکهێنانی کۆنفرانسێك بە مەبەستی وتووێژو هاریکاری لەمەڕ مەسەلە ئەمنییەتییەکانی ناوچەکە، تیجارتی نێونەتەوەیی‌و سەرمایەگوزاری. باشتر کردنی دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە ئابووری، بازاڕو سەرمایەی نێونەتەوەیی لە ڕێگایی پشتیوانی لە پەیوەست بوونی ئێران بە پێکهاتە نێونەتەوەییەکان لە چەشنی ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی (WTO)و پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆ زیاد کردنی سەرمایەگوزاریی ڕاستەوخۆ لە ئێران‌و تیجارەت لەگەڵ ئێران.

٢ـ هاریکاری لە بواری سەنعەتی گەشتی ئاسمانیی مەدەنیدا کە لابردنی گەمارۆکان لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەمهێنەرەکانی ئەمریکایی و ئورووپایی بۆ ناردنی فرۆکەی غەیری نیزامی بۆ ئێران لە خۆدەگرێ.

٣ـ پشتیوانی لە نوێکردنەوەی ژێربینای موخابێراتی‌و نوێکردنەوەی ئەنتەرنێتی پێشکەوتووی ئێران کە هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم ناردەی ئەمریکاو ناردەکانی دیکە بۆ ئێران لە خۆ دەگرێ.

٤ـ پشتیوانی لە پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە ئێران کە دەست ڕاگەیشتن بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، تیکنۆلۆژی‌و کەرەستە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکاو ئورووپا لەخۆ دەگرێ.

بەڵام پاش چەند جار دانیشتن لە نێوان عەلی لاریجانی، دەبیری ئەنجومەنی بەرزی شۆڕش‌و خاویەر سۆلانا بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، کۆماری ئیسلامی وەڵامی پۆزەتیڤی بەو ڕیزە پێشنیارە نەدایەوە. لە ئاکامدا وڵاتانی ١+٥ لە ٢١ی پووشپەڕی ١٣٨٥ (١٢ی ژووئیەی ٢٠٠٦)دا لە ڕاگەیەندراوێکدا فایلی کۆماری ئیسلامییان دووبارە ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد تاکەو لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێ.

پاش ئەوەی کە ئەم بابەتە لە پێنج هەزارو پانسەدەمین دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراو نەتەوەیەکگرتوەکاندا کەوتە بەرباس، ئەم ئەنجومەنە بە ١٤ دەنگی ڕازی‌و یەك دەنگی ناڕازی (قەتەر) بڕیارنامەی ١٦٩٦ی دژی کۆماری ئیسلامی دەرکرد کە داوادەکا تا ٩ی خەرمانانی ١٣٨٥ (٣١ی ئووتی ٢٠٠٦) پیتاندنی ئۆرانیۆم ڕابگرێ. هەروەها دەڵێ: "ئەگەر ئێران تا ئەو ڕێکەوتە بەم بڕیارنامەیەوە پێبەند نەبێ، ئەوکات پێوانەگەلێکی گونجاو لە چوارچێوەی خاڵی ٤١ی فەسڵی ٧ی ئەساسنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دیاری دەکا تاکوو ئێران بۆ پێبەندی بەم بڕیارنامەیەو خواستەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی هان بدا".

بەڵام هەر لە یەکەم لێکدانەکاندا پەسند نەکردنی ئەم بڕیارنامەیە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرکەوت، لە یەکەم لێدوانیدا "جەوادی زەریف" نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە نەتەوەیەکگرتوەکان ڕایگەیاند کە: "کردەوەی ئەم دوایانەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە پێوەندی لەگەڵ پەسند کردنی بڕیارنامەیەك دژی ئێراندا بنەمایەکی حقووقی‌و یاسایی نیە". بەدوای ناوبراویشدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی یەك لەدوای یەك دژی ئەو بڕیارنامەیە دوان‌و پێیان لەسەر مافی گەردونەی سووتەمەنی داگرت. لە ئاکامدا پاش تێپەڕبوونی کاتی دیاریکراو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی پەسند نەکردو وازی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم نەهێنا کە بووە هۆی دژکردەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی ئورووپایی‌و ئەمریکا. لەو پێوەندییەدا دوست بلازی، وەزیری دەرەوەی فەرانسە، وەڵامی کۆماری ئیسلامیی بە جێگەی ڕەزامەندی نەزانی‌و ئانگلا مێرکێل، ڕاوێژکاری ئەڵمانیش، دوو ڕۆژ دوای وەڵامی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئەو هێشتا خەریکی تاوتوێ کردنی وەڵامی ئێرانە بەڵام ئەوەی کە لەمەڕ ئەم تاوتوێیە دەبیسێ، وەها دێتە بەرچاو کە وەڵامی ئێران ناتوانێ جێگای ڕەزامەندی بێ. لەو لایەشەوە بەرپرسانی ئەمریکا خەریکی خۆسازکردنن بۆ شەپۆلێکی دیپلۆماسی بە مەبەستی گەمارۆ خستنە سەر کۆماری ئیسلامی‌و لەو پێوەندییەدا جۆرج بووش ڕایگەیاند کە: "ئێستا کاتی بڕیاردان لەسەر ئێران گەیشتوە". بەو پێیە چاوەڕوان دەکرێ کە ئورووپاو ئەمریکا هەردوولا بە هاودەنگی خۆیان بۆ گەمارۆ خستنە سەر کۆماری ئیسلامی ڕێك دەخەن.



**لەگەڵ زیاتر ئیسبات بوونی ئەوەی کە ئێران بەتەمایە چەکی ناوکی بەرهەم بێنی، ئەم دوو وڵاتە [چین‌و ڕووسیە] لە سیاسەتەکانی ئەمریکا نزیك بوونەتەوەو لە بڕیارنامەی ١٦٩٦دا نەتەنیا دژی ڕانەوەستان، بەڵکوو دەنگی پۆزەتیڤیشیان بەو بڕیارەدا**

**چین‌و ڕووسیە**

ئەم دوو وڵاتە بە دوو هۆکاری سەرەکی کە دەگەڕێنەوە بۆ ڕیزبەندیی هێزە جیهانیەکان‌و پێوەندی‌و بەرژەوەندییەکانیان لە بوونی کۆماری ئیسلامیدا، پێیان خۆش نیە کە ئەم ڕێژیمە بکەوێتە ژێر گەمارۆو بنەماکانی ئەو ڕێژیمە لاواز بێ:

**الف) ڕیزبەندیی هێزەکانی جیهان:**

لە ماوەی دەیەی ٩٠ی سەدەی بیستەمدا ڕووسیە پێگەی خۆی وەکوو هێزێکی گەورە لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهاندا لە دەستداو لەوە بەدوا ئورووپا وەکوو هێزی یەکەم لە هاوکێشە جیهانییەکاندا لە بەرامبەر ئەمریکادا زەق بووەوە، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێك فاکتەر بوونە هۆی ئەوەی کە ئورووپا لە ئەمریکا نزیك بێتەوە کە دەکرێ بەم خاڵانە ئاماژە بکەین:

١ـ نزیك بوونەوەی چین‌و ڕووسیە‌و تەنانەت بەڕێوەبردنی مانۆڕی هاوبەشی نیزامی لە پاییزی ٢٠٠٥داو هەروەها هاریکاری کردنی دوو لایەنەی ئەو دوو وڵاتە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە، بوو بە هۆی ئەوەی کە جیگە پێی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێژ بێت.

٢ـ ڕەد کرنەوەی یاسای هاوبەشی یەکیەتیی ئورووپا لە ڕیفراندۆمدا بووە هۆی ئەوەی کە بوونی بە یەکەیەکی هاوبەش بۆ هەمیشە وەلابنرێ، یان ئەوەی تا ماوەیەکی درێژ بە هەڵواسراوی بمێنێتەوەو ئەمەش پێگەی ئورووپای لە بەرانبەر ئەمریکادا لاواز کرد.

٣ـ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی "مێرکێل" لە ئەڵمان‌و گرتنە پێشی سیاسەتی نزیکایەتیی دەوڵەتی ناوبراو لەگەڵ ئەمریکا، بەهۆی ئەو پێگەو سەنگەی کە ئەڵمان لە ئورووپا هەیەتی ڕۆڵێکی کاریگەری لە داڕشتنەوەی سیاسەتەکانی ئورووپا بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا گێڕا و سێ وڵاتی لایەنی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵوێستێکی توندتریان نواند.

دیارە لە پێوەندی لەگەڵ فایلی ناوکیی کۆماری ئیسلامییشدا دەبێ ئەو خاڵە زیاد بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەك حازر نەبوو مل بۆ داخوازییەکانی جیهان ڕاکێشێ‌و نیگەرانییەکانیان لەبەرچاو بگرێ.

هەروەها کە پێشتر باسمان کرد لە لایەکی دیکەشەوە چین‌و ڕووسیە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەتایبەت لە دوای ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان‌و عێراق کە گومانیان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا هەبوو، چونکە پێیان وابوو لە هەوڵی دەستبەسەرا گرتنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە دایەو ئەوان لە پەراوێز دەخا، چەندین هەنگاوی گرنگیان بۆ نزیك بوونەوە لە یەکتری هەڵ گرت‌و تەنانەت هەوڵیاندا کە هینندیش لە خۆیان نزیك بکەنەوە کە ئەمریکا بە بەستنی چەند پەیماننامەی زانستی‌و ناوکی‌و...هتدو بەکردەوە پەراوێز خستنی ئەو گەمارۆیانەی لە ساڵی ١٩٩٨ەوە کە هێند چەکی ناوکیی تاقی کردەوە، بەسەر ئەم وڵاتەیدا سەپاندبوو ئەو بەرنامەیەی ڕووسیەو چینی بە کردەوە هەڵ وەشاندەوە. بەڵام بەگشتی لە پێوەندی لەگەڵ نزیك بوونەوەی چین‌و ڕووسیەدا دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانەی خوارێ بکەین:

١ـ دامەزرانی "ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای" لە ساڵی ٢٠٠١دا لەسەر بنەمای "دامەزراوەی هاریکاریی شانگهای" کە ساڵی ١٩٩٦ بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکانی نێوان چین‌و ڕووسیەو وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست پێکهاتبوو (قرقیزستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، قرقیزستان).

٢ـ بەڕێوەبردنی مانۆڕی هاوبەشی نیزامی لە ئاستێکی بەریندا لە پاییزی ٢٠٠٥ (زەوینی، نیزامی، ئاسمانی).

٣ـ گرتنی هەڵویستی هاوبەش لە زۆر لە مەسەلە جیهانییەکاندا وەکوو بەرنامەی ناوکیی ئێران‌و کۆریای باکوور.

٤ـ گرتنەپێشی سیاسەتی نزیکایەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە لە چوارچێوەی پەیمانی شانگهایدا بەتایبەت‌و لە دەرەوەی ئەو پەیمانەش.

**ب) بەرژەوەندییەکانی چین‌و ڕووسیە لە مانەوەی کۆماری ئیسلامیدا:**

مانەوەی کۆماری ئیسلامی‌و نەسەپانی گەمارۆی ئابووری بە سەر ئەم وڵاتەدا، لە چەندین لایەنەوە بۆ چین‌و ڕووسیە گرنگە کە لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

١ـ چین‌و ڕووسیە هەر یەك سوودێکی ئابووریی گەورەیان لە ئێراندا هەیە. ڕووسیە لە ڕێگای فرۆشتنی کەرەستەی نیزامی‌و چین لە ڕێگای سەرمایەگوزاری لە ناوچە نەوتییەکانی ئێراندا تا ئێستا سوودێکی یەکجار زۆریان دەست کەوتوە. ئەگەر گەمارۆی ئابووری بخرێتە سەر ئەم ڕێژیمە، ئەوە لانیکەم بەشێکی زۆر لەو سەرمایەگوزاریگەلە ڕادەوەستن، هەورەها ئەگەر ئەو گەمارۆگەلە ببێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیم ئەوە بازاڕەکانی ئێران یەکلایەنە لە بەردەستی ئەو دوو وڵاتەدا نابێت‌و دەبێ لە پێشبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا ئیمتیاز وەرگرن کە بێگومان ئەگەریش بتوانن پەیماننامەکان بە دەست بێنن ئەوە دەبێ بە سوودێکی کەمتر ڕازی بن.

٢ـ وڵاتی ئێران خاوەنی پێگەیەکی ژێئۆپۆلتیکیی تایبەتە، گۆڕینی ڕێژیم‌و ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەمریکادا، دەتوانێ دەرگایەك بۆ ئەمریکا بکاتەوە بۆ ڕەخنە کردنی زیاتر لە ناوچە هەرە گرنگەکانی ئاسیای نێوەڕاست‌و قەفقاز کە ڕووسیە بە ناوچەگەلی ژێر کاریگەریی خۆی دایاندەنێ‌و لە کۆتایی شەڕی ساردەوە یەکێك لە گرنگترین هەوڵەکانی ئەوە بووە کە پێش بە ڕەخنەی ئەمریکا بۆ ئەم ناوچەیە بگرێ.

٣ـ گۆڕانی ڕێژم لە ئێران‌و ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی‌و ئەمریکا بەتایبەتی دەتوانێ ڕێگای هێڵی بۆرییەکان بگۆڕێ. لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا ئەو هێڵە بۆرییانەی کە نەوتی ئاسیای ناوەندی‌و قەفقاز بە خاکی ڕووسیەدا دەگەنە بازاڕە جیهانییەکان، گرنگیی خۆیان لەدەست دەدەن، چونکە ئەوکات ئەگەری ئەوەی کە بەشێك لەو نەوتە لەسەر خاکی ئێرانەوە تێپەڕێ کە لە بواری ئابوورییەوە بە سوودترە، زۆرە. بەڵام بۆ ڕووسیە باشتر وایە کە پێوەندییەکانی ئێران‌و ئەمریکا هەر بەو شێوەیە بێت، لانی کەم تا ئەو کاتەی کە هێڵی بۆرییەکان بۆ گواستنەوەی نەوتی ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست‌و قەفقاز دیاری دەکرێ‌و دەچێتە قۆناغی پراکتیکەوە.

٤ـ ئێران دەتوانێ لە ناوچەی کەنداوی فارسدا ڕۆڵی هاوپەیمانێکی بەهێز بۆ ئەو دوو وڵاتە بگێڕێ. لە پەیمانی شانگهاییشدا هەر بەو شێوەیە شەریکێکی بەهێزە لەبەرانبەری جەمسەری ئەمریکا ـ ئورووپادا.

ئەم شێوە ڕاوەستانەی هێزەکان لە ئاستی جیهانیدا کارێکی وەها دەکەن کە چین‌و ڕووسیە پێیان خۆش نەبێ بڕیارنامەیەك دژی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دەربکرێ کە بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە بخاتە مەترسییەوە. بەڵام ئەوە هەموو مەسەلەکە نیە، چین‌و ڕووسیە هەر دووکیان کۆمەڵێك خاڵی لاوازیان لە بەرانبەر ئورووپاو ئەمریکادا هەیە کە ئەگەر ئەمریکاو ئورووپا وەکوو کارتی گوشار بەکاریان بێنن ئەوە گوشار دەکەوێتە سەر ئەم وڵاتانە. لەو پێوەندییەشدا دەکرێ ئاماژە بە مەسەلەی دێمۆکراسی لەم وڵاتانە، کێشە نێوخۆکانیان لە چەشنی کیشەی تایوان‌و چێچن‌و هەروەها پێویستیی ئابووریی ئەم وڵاتانە بە ئابووریی ئورووپاو ئەمریکا بکەین کە ئەگەر ناچار بن لە نێوان ئێران لەلایەك‌و ئەمریکاو ئورووپا لەلایەکی دیکەوە یەك لایەن هەڵ بژێرن ئەوە بێگومان پشتی ئێران چۆڵ دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا بە تیگەیشتنی دروست لەو مەسەلانە، بەو شێوەیە کە لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا لە هەوڵی گەمارۆدانی ئێران دایە، لە دەرەوەی ئەو شورایەش بەتەمایە ڕیزە هەوڵێك دەست پێبکات تاکوو ئەگەر ئەم ئەنجومەنە نەیتوانی بە هۆی دژایەتیی چین‌و ڕووسیە بڕیاری گەمارۆ دەربکات ئەوە هاوپەیمانیەتییەکی دڵخوازانە بۆ گەمارۆیەکی دڵخوازانەی ئێران دروست بکات. لەو پێوەندییەشدا جان بولتون نوێنەری وڵاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکخراو نەتەوەیەکگرتوەکان دەبێژێ: "بە بێ پەسندی ئەم ئەنجومەنەش ڕێگا بۆ گەمارۆدانی ئێران ئاوەڵایە".

هەر ئەم هۆکارانەشن کە کارێکی وەهایان کرد کە لە بڕیارنامەکانی پێشوودا چ لە ئاژانسی وزەی ناوکی‌و چ لە ئەنجومەنی ئاسایش نەتەنیا ڕووسیەو چین دژایەتیی ئەمریکا نەکەن، بەڵکوو لەگەڵ زیاتر ئیسبات بوونی ئەوەی کە ئێران بەتەمایە چەکی ناوکی بەرهەم بێنی، ئەم دوو وڵاتە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا نزیك بوونەتەوەو لە بڕیارنامەی ١٦٩٦دا نەتەنیا دژی ڕانەوەستان بەڵکوو دەنگی پۆزەتیڤیان بەو بڕیارە دا.

بەم پێیە چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا مل بۆ خواستەکانی جیهانی ڕانەکێشی ئەوە پاش ڕیزە وتووێژێکی دیپلۆماتیك لە نێوان هێزەکانی جیهانی لەلایەك‌و لەگەڵ ئێران لەلایەکی دیکەوە، لە ئەنجومەنی ئاسایشدا گەمارۆ بخرێتە سەر ئەو وڵاتە کە ڕەنگە لە سەرەتاوە بە گەمارۆیەکی دیپلۆماتیك دەست پێبکات‌و لەگەڵ ڕازی نەبوونی ئێران بۆ ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم توندتر بێت‌و بەرەو لایەنی ئابووری ڕاکێش بکرێ.

**چین‌و ڕووسیە هەر دووکیان کۆمەڵێك خاڵی لاوازیان لە بەرانبەر ئورووپاو ئەمریکادا هەیە کە ئەگەر ئەمریکاو ئورووپا وەکوو کارتی گوشار بەکاریان بێنن، ئەوە گوشار دەکەوێتە سەر ئەم وڵاتانە**

**[چین‌و ڕووسیە] ئەگەر ناچار بن لە نێوان ئێران لەلایەك‌و ئەمریکاو ئورووپا لەلایەکی دیکەوە یەك لایەن هەڵ بژێرن، ئەوە بێگومان پشتی ئێران چۆڵ دەکەن**

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## کۆبوونەوەی ئیعترازیی خەڵکی سەقزلەبەر درگای فەرمانداریدا

بـــەیانیی رۆژی دووشــــــەممە، ١٣٨٥/٥/٣٠، کۆمەڵێك له خەڵکی سەقز بـۆ دەربڕینـی ناڕەزایـەتی لـە نـەدانی ئیمتیازی گـازو سـەهمیەی نـەوت پێیـان لەبــەر درگــای فەرمانــداریی شــاردا کۆبوونــەوە. بــەڵام کاتێــك یــەکێك لــە بەشدارانی کۆبوونەوەکـە کـە ژنێـك بـوو لەگەڵ کارمەندێکی فەرمانداریـدا قسـەی دەکرد، کارمەندەکە بە شێوەیەکی ناشیرین لەگەڵیدا هەڵسوکەوتی کردو دەستی کـرد بە لێدانی. ئەم کردەوە بووە هۆی ئەوە کـە خەڵك شیشەکانی فەرمانـداری بشـکێنن. پاش ئەوەی کە هێزەکانی یەگانی تایبەتو جلوبــەرگ مــــەدەنی چــوونە شــوێنی رووداوەکە، فەرمانـدار لـە شـوێنی خـۆی هاتـــــــە دەرەوەو خـــــــەڵکیش داخوازینامەیەکیان دایە دەستی.

## مەهاباد

### باجگرتنی بەکرێگیراوانی رێژیم لە خەڵکی ناوچەی مەنگوڕایەتی

له ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباددا تاقمێك کە بەسیجو بەکرێگیراوی دەوڵـەتن، بە پشتیوانیو چەکی رێژیمەوە شەوانە رێگەی هاتوچۆی ئەو ماشینانەی کە لەو ناوچەیەوە تێدەپەڕن، دەگرنو پاشان پارە لە رێبواران دەستێننو دواتر لێیان دەدەن.

جێی باسە ئەم کردەوەیەی بـەکرێگیراوانی رێـژیم گێروگرفتێکـی زۆری بـۆ خـەڵك خولقاندوە. شیاوی باسە کە ئەم کەسانە دانیشتووی گوندەکانی ناوچەی مەنگوڕایەتین.

### ژنو شوویەك خەریکی گیرۆدەکردنی لاوان بە ڤیرۆسی ئەیدزن

ژنو شوویەك لە مەهاباد لـە رێگـەی فریـودانو خەڵەتانـدنی لاوانـەوە خـەریکی تووش کردنی ئەوان بە ڤیرۆسی کوشندەی ئەیدزن. ئەم ژنو شووە، لاوەکان بـە کۆمـەڵێك کچی تووشبوو بە ویرووسی ئەیدز کە زۆربەیان خوێندکارو نیشتەجێی ورمێن، دەناسێن تا لە رێگەی پێوەندی جینسییەوە، گیرۆدەی ڤیرۆسی ئەیدز بن.

شیاوی باسە ماوەیەکی زۆرە رێـژیم سیاسـەتی نامرۆڤانـەی تووشـکردنی لاوانـی کـوردی بـە ڤیرۆسـی نەخۆشـیی ئەیـدز گرتۆتەبـەرو وێدەچـێ ئـەو ژنو پیـاوەش لـە بەکرێگیراوانی رێژیم بن.

## هاویشتنی نارنجەك لەلایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە بۆ نێو پاسگای کۆنەخانێ

شەوی ١٣٨٥/٦/١، کەس یـان کەسـانێکی نەناسـراو یـەك یـان دوو نارنجـەکیان هاوێشتۆتە نێو پاسگای کۆنەخانێ لـە شـاری پیرانشـار. خـەڵکی دەوروبـەری پاسـگاکە بەبیستنی دەنگی تەقینەوە لەماڵ دەچنە دەرەوەو سەر شەقامەکان.

لە رادەی کـوژراوو برینـدارەکانی ئـەم رووداوە هـەواڵێك لەدەسـتدا نیـە. بـەڵام بەشێك لە دیوارەکانی پاسگاکە رووخاون.

## کارخانەی "پەڕریس"ی سنه

### مانگرتنی کرێکاران

کرێکارانی کارخانەی "پەڕریس"ی سـنە بـۆ دەربڕینـی ناڕەزایـەتیی لـە بڕیـاری بەرپرسانی کارخانە بۆ نوێکردنەوەی رێکەوتن نامە کاتییەکان مانیان گرت.

مانگرتنی کرێکارەکان بـۆ دەربڕینـی ناڕەزایـەتی لـە بڕیـاری نـوێی بەرپرسـانی کارخانەکەیە کە رایانگەیاندوە رێکەوتننامـەی کرێکـارانی ئـەم کارخانەیـە بـە شـێوەی یەکساڵە، سێ‌مانگەو یەك مانگە نوێ دەکرێتەوە، پێك هاتوە. هۆیەکی تری مانگرتنەکە دەربڕینی ناڕەزایەتی لەوەیە کە هەر یەك لە کرێکاران بە مەرجێك دەتوانن لەسەرکار بـن کە چەکێکی دوو میلیۆن تمەنی بە بارمتە دابنێنو سێ زامنیش بناسێنن.

دەرکردنو نوێنەکردنەوەی رێکەوتننامـەی یـەکێك لـە کرێکـارانی نـاڕازیی ئـەم کارخانەیە سێهەمین هۆی مانگرتنی کرێکارانە.

لــەم مانگرتنــەدا کرێکــاران پلاکارتگــەلێکیان کــە ئــەم بابەتانــەی خــوارەوەی لــەخۆگرتبوو لەدەســت دا بــوو: "کــار بەشــێکی جیانــەکراوەی ژیانــە، کــەس مــافی ئەستاندنەوەی نیە"و "ئێمە مـانگرتوانی کارخانـەی "پـەرریس" دەرکردنمـان مـەحکووم دەکەین.".

جێی باسە مانگرتنی کرێکارەکان لە بەرانبەر دەرگای کارخانەکەدا هەروا درێـژەی هەیە.

سەرچاوە: mukrian.blogsky.com

### داخوازییەکانی کرێکارانی مانگرتوو

لە پاش هێرشی هێزی ئینتیزامی بۆ سەر ٢٠٠ کرێکاری مانگرتوو لە کارخانـەی "پەڕریس"ی سنە لـە رۆژی شـەممە، ٤ی خـەرمانان داو کوتـانو لێـدانی ژمارەیـەك لـە کرێکارانو دەستبەسەرکردنی دوو کرێکار بەناوەکانی ئیبراهیم وەکیلیو ئاکۆ کوردنەسەب بۆ ماوەیەك، کرێکارانی مانگرتوو رۆژی دووشەممە، ٦ی خەرمانان لە بەرامبـەر ئیـدارەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی‌دا کۆبوونـەوەو بـە ناسـاندنی بێهـزاد سـۆهرابی وەك نوێنـەری کرێکارانی ناڕازی، خوازیاری پووچەڵکردنەوەی گرێبەستە کورتماوەکانو بڕیـاری دەرکـردن لەسەر کاری مەهوەش وەکیلی، ماهان نزاکەتی، حەبیبوڵڵا خودارەحمیو تـەیب چـەتاییو وهەروەها داوای لێبوردنی فەرمیی هێزی ئینتیزامی لە کرێکارانی مانگرتوو بوون.

سەرچاوە: هەواڵنێرانی RMMK

## هەواڵنێرانی RMMK

### کوژرانی دوو لاوی سەقزی

دوو لاوی سەقزی بەناوەکانی کامران بابامیری، ٢٥ ساڵانو عـەلی ئەلیاسـی، ٣٠ ساڵان، شەوی شەممە، ١١ی خەرمانان لە مەیدانی ٧ی تیری سەقزدا لەلایەن ماشینێك کە ژمارەکەی مەدەنی بوو، درانە بـەر دەسـترێژو کـوژران. ئامـانج لـەم کـردەوەو شوناسـی بکوژەکان تا ئێستا روون نەبۆتەوە.

### خۆسووتاندنی ژنێك لە سەقزدا

لـە رۆژانـی رابـردوودا ژنێکـی ٢٨سـاڵان بـەناوی "فەریـدە" خـەڵکی گـەڕەکی "حاجی‌ئاوا"ی سەقز بە هۆیەکی ناروونەوە لە ماڵی خۆیدا، ئـاگری لـە جەسـتەی خـۆی بەردا. دەوترێ ناوبراو بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە پاش ماوەیەکی کەم گیـانی لەدەسـت دا.

### خۆکوژیی کچێکی ١٢ ساڵان

کچێکی ١٢ ساڵانی مەهابادی، لـە گـەڕەکی بـاغی شـایگانی ئـەو شـارەدا بـە هەڵواسینی خۆی، خۆکوژی‌کرد. هەرچەند هۆی خۆکوژیی ئەم کچە رانەگەیەندراوە، بـەڵام بەپێی هێندێ لە وتەکان هۆی ئەم کردەوەیـە لـە خـەمۆکیی زۆر لـە ئـەنجامی نـاکۆکیی بنەماڵەیی‌دا بووە.

## تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

بـە مەبەسـتی رێزگـرتن لـە ٢٥ی گەلاوێــژ، شێســتویەکەمین ســاڵڤەگەری دامەزرانـــدنی حیزبـــی دێمـــوکراتی کوردستانی ئێران، لە چـەند شـارو وڵاتـی ئورووپـایی، چـەند رێـوڕەسمێکی جـەژنو شایی لەلایەن کومیتەکانی حیزبـەوە لـەو شـارو وڵاتانـەدا، بـە بەشـداریی بـەرینو گـەرموگوری حیزبەکـەمان پێـك هـاتنو هـەروەها بـە نـاردنی پـەیامی پیرۆزبـایی لەلایـەن حیـزب، رێکخـراو، کەسـایەتییە کـــوردی، ئێـــرانو بیانییەکانـــەوە، رێوڕەسمەکان رازانەوە.

هەندێك لەو وڵاتانە بریتین لە:

١ـ نۆروێژ (درامـن) کـە ئێـوارەی رۆژی ٢٠٠٦/٨/١٩، لەلایـەن کومیتـەی حیـزبو رێکخراوەکـانی سـەر بـە حیـزب (یەکیەتیی لاوانو یەکیـەتیی ژنـان) پێـك هات.

٢ـ کانـادا (وانکـۆوێر) رێکـەوتی ٢٠٠٦/٨/٢٧

٣ــــ شـــاری ئوســـت فولـــد ٢٠٠٦/٨/٢٧

٤ــــ ســـوئید (ئـــۆربیرۆ) ٢٠٠٦/٨/٢٦

٥ــــ ســـەردانی هەیئـــەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنکەی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی سوسیالیســـتی چـــەپی نورویـــژ (٢٠٠٦/٨/٢١) بـۆ بـاس‌وخواس لەسـەر چەند مەسەلەیەکی پێوەندیـدار بـە لاوانو بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو دانانی میکانیزمێك بۆ هاوکاری سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کێشـە پێوەندیدارەکان.

## ئیجلال قەوامی هەڕەشەی کوشتنی لێکرا

ئــیجلال قــەوامی، رۆژنامەنووســی کورد لە رۆژانی رابردوودا چەندین کـەڕەت لەلایەن کەسـانی نەناسـراوەوە هەڕەشـەی کوشتنی لێکراوە. ئەم رۆژنامەنووسە لـەم پێوەندییـــــەدا گـــوتی: "پێوەندییـــــە تەلەفۆنییەکان لەگەڵ ماڵو شـوێنی کـارم لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە بەم بیانوویـە کە بۆچی چالاکیی چاپەمەنیتان هەیـە لـە رۆژانی ئەم دوایانەدا گیراوە".

قــەوامی هــەروەها وتــی: "جنێــو، هەڕەشەی بـە لـەناوبردنی جەسـتەییو... لەلایەن ئەم کەسـە نەناسـراوانەوە هـەموو رۆژێ لــــە رێگـــــەی پێوەندییـــــە تەلەفۆنییەکانــەوە درێــژەی هەیــەو ئــەم مەسەلەیە ئەمنییەتی دەروونیی لـە مـنو بنەماڵەکەم گرتوە". نـاوبراو لـە درێـژەدا وتی: "ئەگەر ئەم رەوتە درێژە پەیـدا بکـا بـۆ لای سەرچـاوە دادوەرییـەکان سـکاڵا دەبەم".

قــەوامی لــە کۆتاییــدا وتــی: ئــەو کەسانەی کە دەست بۆ ئەم شێوە کردەوانە دەبەن لە کاتی شیاودا بـۆ روونکردنـەوەی بیروڕای گشتی لەقاو دەدا".

سەرچاوە: ماڵپەڕی خوێندکارانی کورد

## وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا: وەڵامی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە شورای ئەمنییەت بۆ حکوومەتی ئێرانی داناون، ناگونجێ

وەزارەتــی دەرەوەی ئامریکــا رۆژی چوارشــــــەممە، ١٣٨٥/٦/١، لــــــە راگەیەنـدراوێك دا سـەبارەت بـە وەڵامـی ئێـران بـە پێشـنیارەکانی وڵاتـانی ١+٥ گـــوتی: بڕیارنامـــەی ١٦٩٦ی شـــورای ئەمنییەت بە روونی ئـەو مەرجانـەی کـە کۆمـاری ئیسـلامی دەبـێ سـەبارەت بـە بەرنامە ئەتۆمییەکەی جێبـەجێیان بکـا، دیـارکردوە، ئێمـە وا بـیر دەکەینـەوە کـە حکوومـەتی ئێـران وەڵامـی خـۆی وەك پێشـنیارێکی جیـددی هێناوەتـە ئـاراوەو ئێمە تاوتوێی دەکەین.

بەهـەرحاڵ ئـەم وەڵامـە لەگـەڵ ئـەو مەرجانـەی کـە شـورای ئەمنییـەت بـۆ ئێرانـی دەستنیشـان کـردون، ناگونجـێ. مەرجگەلێك کە خوازیـاری هەڵپەسـاردنی پیتانـــدنی ئورانیـــۆم، بەرهەمـــەکانی پێوەندیدار پێیەوەو تێکنۆلۆژیی ناوکی بـە شـێوەیەکی پەسـندکراو بـووە. وەزارەتـی دەرەوەی ئامریکا دەڵێ ئێمە لـە نزیکـەوە لەگــەڵ ئەنــدامانی دیکــەی شــورای ئەمنییــەت لەســەر هــەنگاوەکانی دواتــر راوێژ دەکەین.

سەرچاوە: رادیۆ فەردا

## مەرگی گوماناویی ئەندامێکی حیزب

مــاکۆ: ئەنـدامێکی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی سەروان "حەسەن ئابخەزەر"، خـەڵکی شاری ماکۆ، رۆژی ٢ی خەرمانان بـە شێوەیەکی گوماناوی لە رووداوێکـی پێکدادانی ماشێندا گیـانی لەدەست دا. ناوبراو پێشتر ئەفسەری ئیـدارەی شـارەوانیی تـاران بـووەو لـە سـاڵی ١٣٥٧ەوە هاوکـاریی لەگـەڵ حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەست پێ‌کرد. خەڵك لەو بڕوایەدان کە ئـەم رووداوە ئەنقەستو پلانێکـی پێشـتر بەرنامە بۆ دارێژراو بووە.

شـــەهید ســـەروان حەســـەن ئابخـەزەر بـە هـۆی بـەرگری‌کردن لـە مافەکانی نەتەوەی کـوردو هاوکـاری لەگـەڵ حیزبـدا، لـە سـاڵی ١٣٦٦دا لەسەر کار دەرکرا. تەرمی ناوبراو لە رێوڕەسمێکدا لە قەبرستانی ماکۆ بـە خاك سپێردرا.

شایانی باسە پێشتر برایـەکی ناوبراو بە ناوی مەحموود ئابخەزەر بـە تۆمــەتی هاوکــاری لەگــەڵ حیزبــە کوردستانییەکاندا بە بڕیاری دادوەری دادگوستەریی تاران بە ٧ ساڵ زیندان (٦٧ ـ ١٣٥٩) لــە بەندیخانــەی ئێویندا مەحکوم کرا. نـاوبراو پـاش ئازاد بوونی لە ئێران هەڵاتو ئێسـتا لە ئاڵمان نیشتەجێیە.

بـــەم بۆنـــەوە پرســـەو سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەی ئەو شـەهیدە سـەربەرزە رادەگەیـەنینو خۆمــان لــە خــەمو پــەژارەیاندا بــە بەشدار دەزانین. رۆحی شـادو رێگـای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕرێبوار بێ.

## بۆ خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی خوارەوە چاو لە ماڵپەڕی www.kurdistanmedia.com بکەن

- دادگایی‌کردنی ٩ کەس لە سەقز
- مەریوان: دزینـی سـەهمیەی نـەوتی خــەڵك لەلایــەن عــاملانی دابەشــکردنی نەوتەوە
- مــانگرتنی کرێکــارانی کارخانــەی "ایران خودرو دیزل"
- دەستبەســەرکردنی ٥ هــاووڵاتیی بۆکانی لەلایەن هێزی ئیتلاعاتەوە
- ئاگــاداریی ئەنــدامانو لایــەنگرانی نهێنیــی حیــزب، بــۆ ســەرجەم جــەماوەری تێکۆشەری شاری شنۆ
- بــارودۆخی نــاڕوونی مامۆســتایانی دەستبەسەرکراوی کامیارانی
- دەستبەســەرکردنی هاووڵاتییــەکی بۆکانی
- برینداربوونی هاووڵاتییەك لە ناوچەی مەهاباد بەهۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمەوە
- بــەکرێگیراوێکی رێــژیم، کوڕەکــەی خۆی دایە بەر دەسترێژ
- کێشــەی کــەمیی ســووتەمەنیو هۆکارەکانی لە شنۆ
- دەستبەســەرکردنی ٤ هــاووڵاتی لــە نەغەدە
- بــارودۆخی نــاڕوونی مامۆســتایانی دەستبەسەرکراوی کامیارانی
- حەبیبوڵڵا تەهماسبی بە دانـانی ٣٠ میلیۆن تمەن بارمتە ئازاد بوو
- دادگایی‌کردنی ٧ هاووڵاتیی قوروەیی
- دەستبەســەرکردنی هاووڵاتییــەك لــە ناوچەی مەهاباد
- بێ‌سەروشوێن بـوونی خوێنـدکارێکی سنەیی
- گرتنــی لاوێکــی بۆکــانی لەلایــەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە
- گرتنی لاوێکی مەهابادی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد
- تەقینەوەیــەك خــەڵکی پیرانشــاری هەژاند
- گوشاری هێزەکـانی رێـژیم بـۆ سـەر خەڵك
- بەبۆنەی بـەڕێوەبردنی ئاهەنگـەکانی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ
- مانگرتن لە خواردنی کـلارا وەفـایی بۆ ئازاد کردنی هاوسەری
- بڕیاری دەرکردنی ئەندامێکی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران پووچـەڵ کرایەوە
- ٣ هاووڵاتیی ماکۆیی هـەرکام بـە ٦ مانگ زیندان مەحکووم کران
- بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە شاری وانکۆوێری کەنەدا
- نۆهەمین دەورەی گەڕانو پشکنین لـە پێتەختی ماناکان لە قەڵایچی بۆکان دەستی پێکرد
- بەڕێوەچوونی ئاهەنگی ٢٥ی گەلاوێژ لە شاری "درامن" لە وڵاتی نورویژ
- بریندار بوونی هاووڵاتییەك لە ناوچەی مەهاباد
- پۆلیسی تورکیا ١١ ئەندامی پـارتی کۆمەڵگای دێموکراتی کوردی دەستگیر کرد
- تەقینەوەی چەند بۆشکە بـەنزین لـە بۆکان
- تورکیا هەڕەشەی سـووتاندنی پیپـی گۆرەوی دەکات
- پێشـوازی نـەکردنی خـەڵك لـەکاتی سـەردانی ئەحمەدی‌نـژاد بـۆ چـەند شـاری کوردستان
- چەك کرانی جاشەکانی بۆکانو جلـی کوردیی ئەحمەدی‌نەژاد !!
- چـاوپیکەوتن لـە بنکـەی ناوەنـدیی یەکیەتیی لاوانی سوسیالیستی چەپی نورویژ
- گیان لەدەستدانی سێ کـەس بـەهۆی وەرگەڕانی ماشین لەسەر رێگای بۆکان
- کۆچـی دوایـی بـاوکێکی دڵسـۆزو نیشتمانپەروەر لە گوندی نییەردا
- کـوژرانی هاووڵاتییـەك لـە ناوچـەی سەڵماس
- ناڕەزایـەتیی خـەڵکی نەغـەدە لـە سەفەری ئەحمەدی‌نەژاد
- کۆچی دوایی دایکێکی دڵسـۆزو لـە ناوچەی نەوسوودی هەورامان
- بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە ناوچەی ئۆست فۆلد
- خۆکوژیی ژنێك لە ناوچەی نەغەدە
- حوکمی لەسـێدارەدان بەسـەر شـەش هاووڵاتیی ئەهوازیدا سەپێنرا
- لە یادی ٢٧ ساڵەی تـاوانی قاڕنـێو قەڵاتاندان، لە ٢٠٠٦/٩/٢دا سمینارێـك لـە فینلاند ساز دەکرێ
- چـالاکیی تـەبلیغاتیی ئەنـدامانو لایەنگرانی نهێنیـی حیـزب بەبۆنـەی ٢٥ی گەلاوێژەوە
- چـالاکیی تـەبلیغاتیی ئەنـدامانو لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە کرماشان
- راپـۆرتی جێـژنی ٢٥ی گەلاوێـژ، ٦١ەمـین سـاڵڕۆژی دامەزرانـدنی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئید
- مۆڵـەتی دوو حـەوتوویی یەکیـەتیی ئورووپا بە ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشـەی ناوکیی ئێران
- وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا خوازیـــاری درێـــژەدان بـــە هەوڵـــە دیپلۆماتیکەکان بوون
- وەزیـری دەرەوەی ئیسـرائیل: ئێـران مەترسییە بۆ ئاشتیی جیهانی
- ئەحمەدی‌نەژاد سەرکۆماری ئامریکای بۆ گەنگەشەیەکی راسـتەوخۆو بێ‌سانسـۆر بانگهێشت کرد
- تورکیـا گەشـتی فڕۆکـەی مـەدەنی جـۆری "ئـارتور"ی ئێرانـی بـۆ ئاسمـانی وڵاتەکەی قەدەغەکرد
- کوفی عەنان سەردانی هەریەکـە لـە لوبنانو عێراقو ئێران دەکا

❊❊❊

# تاوانبارانی تراژیدیای ئەنفال لەبەرامبەر دادگا دا

سەلاح مورادی



ISNA/PHOTO:AP

ئەم رۆژانەدا سەددام حسێن و شەش کەس لە هاوکارە نزیکەکانی بە تاوانی کوشتاری بەدناوی "ئەنفال"ی کورد دادگایی دەکرێن. لە مێژووی کورد دا ئەمە یەکەمجارە یەکێك لەو گەورە جینایەتکارانەی کە دەستیان بە خوێنی رۆڵەکانی ئەو گەلە سوورە، دادگایی دەکرێ. دادگاییکردنێك کە هەڵگری چەند هێما و نیشانەی هیوا بەخشە، بەچەشنێك نیشانەی دادگاییکردنی سەرجەم ئەم خوێن رێژانەیە کە بە درێژایی تەمەنی نەتەوەی کورد تاوانیان دەرهەقی کردوە، نیشانەی ئەوەیە کە لەمەودوا چیدی هیچ جینایەتکارێك ناتوانێ لە ئاکامی سزای تاوانەکانی دەبازی ببێ، نیشانەی ئەوەیە کە کورد ئیتر بێ پشت و پەنا و گوێ بۆ دەنگ نەگیراو نیە. هەر لەو کاتەدا ئەوە بە جینایەتکارانی دیکە نیشان دەدا کە دادگایەکی وەها لە داهاتوودا چاوەڕوانیی ئەوانیش دەکا.

هەروەها ئەو دادگایی کردنە سەرکەوتنێکی رەوانیی گەورەی بۆ کورد تێدایە، سەرکەوتنێك کە کورد هەمیشە چاوەڕوانیی دەکرد. ئەویش کۆتایی هاتنی سەردەمی هەڵاتنی بکوژانی رۆڵەکانی لەدەست عەدالەت و دادوەرییە. لەمێژە هەموو جینایەتکارانی مێژووی کورد دەیانەوێ بەوە رای بهێنن کە دەتوانن لە ئاکامی سەرجەم تاوانەکانیان دا دەرباز بن و وەڵامدەری هیچیان نەبن. بەڵام دادگاییکردنی سەدام حسێن کۆتایی بەو خەونە هێنا.

دادگاییکردنەکە لەباری سیاسیشەوە دەسکەوتی گرینگی بۆ کورد تێدا دەبێ. روخساری ئەو دیکتاتورەی کە کوردەکان چەند دەیەیە لەدژی خەبات دەکەن چاکتر بۆ بیروڕای گشتیی دنیا دەردەخا، رەوایی و هەقانییەتی خەباتەکەیان جوانتر بە دنیا دەناسێنێ، کێشەی کورد لە دنیادا بەگشتی لە کۆڕو کۆمەڵە بڕیاردەرەکان دا بەتایبەتی زەقتر دەکاتەوەو پشتیوانانێکی فرەتری بۆ پەیدا دەکا.

تاوانبارانی ئەنفال هەر لە رۆژانی دەسپێکی دادگاکەوە لەگەڵ شایەتیدانی کەسانێك بەرەوڕوو بوونە کە رۆڵەکانیان، کەس و کاریان و ژیانیان بە گشتی لە ئاکامی پرۆسەی ژینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد لەژێر ناوی "ئەنفال"دا لەدەست داوە، لەگەڵ شایەتیدانی دایکانێك دا بەرەوڕوو بوون یان لە رۆژانی داهاتوو دا بەرەوڕوو دەبنەوە کە شایەتی راستەوخۆی جینایەتەکانیان بوون، دایکانێك کە بە چاوی خۆیان دیویانە چۆن تەرمی جگەرگۆشەکانیان بە مردوییش دەرخواردی گیانلەبەرانی دڕندە دەدرێن. شتێك کە لە رۆژانی سەرەتایی دادکاییکردنەکەدا جێگای تێڕامان بوو ئەوەبوو کە سەددام لە وەڵامی وتەی دادوەردا کە ئاخۆ پرسیارێکیان لەو دایکە جگەر سووتاوەی کە لە دژی ئەو و داروودەستەکەی شایەتی دەدا، هەیە، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە وەڵامی پرسیاری ئەو دایکەی کە پرسی بووی، "سەددام دەیگوت شەعبی عێراق، مەگەر ئێمە شەعبی عێراق نەبووین؟" بداتەوە. هەرچەند دادوەر مۆڵەتی وەڵامدانەوەی بە سەدام نەدا بەڵام چاوەڕوان دەکرا وەڵامێك بداتەوە، لەبەر ئەوەی کە کوردەکان سیخوڕییان بۆ دوژمنان کردوتەوەو خەیانەتیان بە عێراق کردوەو....

ئەمە پاساوێکە کە دوژمنانی کورد هەمیشە بۆ رەوایی‌دان بە سەرکوت و کۆمەڵکوژ کردنی ئەم نەتەوەیەو بزووتنەوە رەواکانی دەی‌هێنێتەوە. بەڵێ رێژیمی بەعس کوردەکانی کوردستانی عێراقی بە بەشێك لە خەڵکی عێراق نەدەزانی، چونکە ئەوان هیچ کات ئامادە نەبوون لەبەرامبەر سەرەڕۆییەکانی‌دا چۆك دابدەن و دەست لە کوردبوونی خۆیان هەڵگرن.

خەڵکی کوردستان بە گشتی و کەس و کاری داخداری ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی پێیان خۆش بوو کە دادگایی کردنەکە لەسەر خاکی کوردستان، ئەو خاکەی کە بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەنفال دەیانویست کوردی لەسەر بسڕنەوە، بەڕێوە بچێ. بەڵام بەداخەوە ئەم داخوازییە کە دەی‌توانی تۆزقاڵێك سووکنایی بە دڵی برینداری کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بدا، جێبەجێ نەکرا.

ئامانج لە هەر دادگایی کردنێك بەجێ گەیاندنی دادپەروەرییە. بەڵام ئاخۆ دادگایی کردنی ئەم تاوانبارانەو تەنانەت دەرکردنی بڕیاری ئیعدام لە سەریشیان بە تاوانی ژینۆسایدی نەتەوەیەك، کۆمەڵکوژ کردنی کوێرانەو دڕندانەی ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێ تاوان و خاپوورکردنی نزیکەی چوار هەزار گوندی کوردستان، دەتوانێ دادپەروەری بچەسپێنێ‌و ئاسەوارە رۆحی‌و دەروونی‌و ماددییەکانی ئەو تاوانە گەورەیە قەرەبوو بکاتەوە؟ بێ‌گومان وەڵامی ئەم پرسیارە نایە و ئەم دادگایە زۆرتر دەتوانێ سارێژکەرەوەی بەشێك لە برینەکانی جەستەی کورد و هیوابەخشی ئەوە بێ کە جارێکی دیکە دیکتاتور و خوێنرێژێکی دیکە بڕیاری قڕ کردنی ئەم نەتەوەیە نەدا.

هەر لەم پێوەندییەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە رادەی بەرینی و گەورەیی جینایەتەکانی سەددام و رێژیمەکەی ئەوەندە بەربڵاوە کە بەشی هەرەزۆری تاکەکانی کوردی سەردەمی دەسەڵاتداریی رێژیمی بەعسی گرتۆتەوەو لەم دادگایەدا هەرکام لەوان دەتوانێ شایەتێکی زیندوو و راستەوخۆی تاوانەکانی سەددام بێ.

سەرانی رێژیمی بەعس لەسەر پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد کە خۆیان ناوی پرۆسەی ئەنفالیان لێ نابوو دادگایی دەکرێن. هەرچەند لێرە دەرفەتی ئەوە نیە بە وردی و دوورودرێژی لەسەر ئەنفال بدوێین، بەڵام بە کورتی ئاماژەیەکی پێ دەکەین.

ئەنفال ناوی سوورەتێك لە قورئانەو وەك شەش مانای "دەسکەوتی شەڕ" دەدات. ناونانی سوورەتێکی قورئان لە پرۆسەی کۆمەڵکوژکردنی کوردە فەرمانی جیهادی خومەینیمان وەبیر دێنێتەوە. چونکە جیهادیش وەك ئەنفال چەمکێکی ئایینی‌یەو خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٥دا بۆ رەوایی‌دانی ئایینی بە سەرکوتی بزاڤی کوردو کوشتوبڕی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کەڵکی لێ وەرگرت. یەکێك لەو هۆکارانەی کە رێژیمی بەعس دەست دەداتە ئەنفالکردنی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆکی شەڕخوازنەو دەستدرێژیکەرانەی سوپای عێراق. سوپایەك کە بەوە راهێنراوە کە هەمیشە هێرش و دەستدرێژی بکاتە سەر دەوروبەرەکەی و هیچکات لە شەڕکردن نەوەستێ. دیتمان سوپای عێراق چۆن سەرەتا شەڕێکی بەربڵاوی بەسەر کورد دا سەپاند، دواتر کارەساتی شیمیایی بارانی هەڵەبجەی خولقاند، پاشان پرۆسەی ئەنفال و سڕینەوەی کوردی لەسەر خاکی کوردستان دەستی پێ‌کرد و لەئاکام دا چۆن پەلاماری وڵاتی کویتی دا و داگیری کرد. سوپای عێراق سوپایەکی دڕندە و دەستدرێژیکارە کە هەمیشە پێویستی بە قوربانی گرتنە تا لەم رێگایەوە دەردەکانی نەخۆشیی دڕندەخویی خۆی هێور بکاتەوە. وەها سوپایەك بۆ دڵنیایی لە سەرکەوتنی خۆی هەمیشە بە شوێن دوژمنێکی لاواز و کەم هێزدا دەگەڕێ. لەم روانگەیەوە کوردەکان وەك نەتەوەیەکی بێ‌دیفاع و بێ پشت و پەنا ئامانجێکی ئاسانن تا دڵنیایی سەرکەوتن بەسەریاندا مسۆگەر بێ و کۆمەڵکوژ کردنیان ببێتە دەسکەوتی شەڕێکی نابەرامبەر، دژی مرۆڤانەو رەگەز پەرستانە. لە رەهەندێکی تەرەوە رێژیمی بەعس کە هیچکات نەیتوانیبوو جووڵانەوەی سیاسی‌و چەکداریی کورد بەچۆك دابێنێ، بە گومانی خۆی بۆ زەبر وەشاندن لەم بزاڤە رەوایە، دەیویست ئەو خەڵکەو ئەو خاکەی کە ئەم جووڵانەوەیە خەباتی بۆ دەکرد، لەناو ببا تا ئیتر شتێك نەمێنێ کە بۆی تێ بکۆشێ. بە شێوەیەکی روونتر ئەم رێژیمە دەیویست بە سڕینەوەی خەڵکی مەدەنیی کورد بەگشتی لەسەر خاکی کوردستانی عێراق و جووڵانەوەکە لەناو ببات.

بە کورتی "ئەنفال" تراژیدیای ژینۆسایدی نەتەوەیەکە لەلایەن رێژیمێکی دڕندەو رەگەز پەرستەوە کە مەگەر جوولەکەکان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەها تراژیدیایەکیان بەچاوی خۆیان دیبێ‌و دادگایی کردنی سەددام و تاقمەکەی دەتوانێ ئەو هیوایەمان پێ بدا کە چیدی تراژیدیایەکی وەها دژی نەتەوەی کورد دووپات نەبێتەوە.

# ئاوڕێك لە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان

ناسر ساڵحی‌ئەسڵ

***دایەگیان ئەو گیژەی وا دەتویست بە بووکی تۆ ببێ [1]***

***جاروبار خۆتی نیشان دە با بە هیوای من نەبێ.***

١٨ ساڵ بە سەر کارەساتی جینایەتی سامناکی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکاندا تێ‌پەڕی. هەزاران کەس لە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕانی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە زیندانە تاریکەکانی رێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧(١٩٨٨ی زایینی)دا بە فەرمانو دەستووری راستەوخۆی خومەینی ئێعدام کران. بۆ ئاوڕدانەوەیەك لە کارەساتی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان پێویستە لاپەڕەکانی رابردوو هەڵ دەینەوە. پاش سەرکەوتنی شورشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران، زۆری نەخایاند لەگەڵ گۆڕانی رێبازو زیندەبەچاڵکردنی دەسکەوتەکانی ئەو شۆرشە بە فیتو فیتنەی ئاخوندەکان، هێرشو راوەدوونانی ئازادیخوازانو سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران دەستی پێ‌کردەوە. دیسان زیندانەکان لە ئازادیخوازانو نیشتمانپەروەران ئاخنرانەوە. بە هەڵایسانو دەستپێ‌کردنی شەڕی ئێرانو عێراق، تەوژمی سەرکوتو خەفەقانو پێکهێنانی فەزایەکی ئەمنییەتی ـ پۆلیستی، جێی زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان لەق بوو. بە گەرم بوونی تەنووری شەڕ بە یەك جاری حاکمییەتی رەشی رێژیمی ئیسلامی "بێجگە لە کوردستان" بەسەر ئێراندا زاڵ بوو. بەرهەڵستکارانی رێژیمی ئێران یان کەوتنە زیندان یان ئاوارەی هەندەران بوونو بەشێکیشیان لە کوردستان گیرسانەوە.

ددان پێداهێنانی‌و تێگەیشتنی رێژیمی ئیسلامیی بە شکستی شەڕی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵە لەگەڵ رێژیمی بەعسی عێراقو خواردنەوەی جامی ژار لە لایەن خومەینی‌یەوە لە هاوینی ١٣٦٨ (١٩٨٨)دا، بە هۆی تێکچوونی شیرازەی هێزە نیزامییەکانی رێژیم، نزم بوونەوەی هەناردنی نەوت، تێکڕمانی پاڵاوگەکانی نەوت، بەرزبوونەوەی کەسریی بودجەو قەرزە دەرەکی‌و ناوخۆیی‌و هەست بە مەترسی لە نارەزایەتیی‌و راپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئێران بەگشتی‌و خوێندنەوەی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بەگشتی، بڕیارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە یەك ساڵ پێشتر پەسند کرابوو لە بارەی راوەستانی شەڕ لە نێوان ئێرانو عێراقدا لەلایەن رێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە قبووڵ کرا.

رێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستانەو چاوترسێن کردنو دامرکاندنی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بە فەرمانو دەستووری راستەوخۆی خومەینی‌و بە دیاریکردنی شاندێکی تایبەت دەستی کرد بە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان.

لەو جینایەتە ترسناکەدا کە لەلایەن رێژیمی خومەینی‌یەوە بەڕێوە چوو، هەزاران ئازادیخواز، نیشتمانپەروەرو شۆرشگێڕ لە زیندانەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا لە ماوەی کەمتر لە سێ‌مانگدا ئێعدام کران. چونکە رێژیمی ئیسلامیی ئێران باشی لێك دابۆوە کە بەبێ سەرکوتو زەبروزەنگو کوشتاری بەرهەڵستکاران نەی دەتوانی قەرەبووی ئەو شکستانە بکاتەوە. تەنانەت نەی‌دەتوانی بۆ ماوەیەکی کورتیش درێژە بە دەسەڵاتی رەشی خۆی بدا. هەر بۆیە رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران لە سۆنگەی سیاسەتی پاك کردنەوەی زیندانەکانی ئاخنراو لە رۆڵە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرو شۆرشگێڕەکان قوڵی لێ‌هەڵ‌ماڵی.

هەرچەند رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران هەواڵی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی بە رەسمی بڵاونەکردەوە بەڵام پاش ئاشکرابوونی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لە جیهاندا دەنگی دایەوە. رێژیمی مرۆڤ کوژی ئاخوندی لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانو ماف پەروەرانەوە ریسواو مەحکووم کرا. تەنانەت لە باروودۆخێکی وادا "آیت اللە منتظری"یش کە ئەو کات جێگری خومەینی بوو، نەی‌توانی بێ‌دەنگ بێ‌و چاوپۆشی لەو کارەساتە مرۆڤکوژییە بکا. هەر بۆیە نارەزایەتیی خۆی سەبارەت بە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان دەربڕی.

بۆ پێزانین لەخۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەکان لێرەدا قسەکانی کەسێك کە بۆخۆی شاهیدی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانی ورمێ‌دا بوو، دەخەمەبەر دیدی خوێنەرانی "کوردستان". پاش ساڵێك تەحەمول کردن لە سلوولە ئینفرادییەکانی ئیتلاعات لە شارەکانی سنە، بۆکانو مەهاباد بە حوکمی دادگای شۆرشی مەهاباد لە پاییزی ساڵی ١٩٩٥دا گوێزرامەوە بۆ زیندانی ورمێ. لە بەندی ١٥ لەگەڵ زیندانییەکی ئازەری زمان ئاشنا بووم. ئەو زیندانییە بۆخۆی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨دا شاهیدی کوشتاری زیاتر لە ٤٥٠ کەس لە تێکۆشەرانو ئازادیخوازانو نیشتمانپەروەرانی کوردو ئازەری بووە.





ئەو زیندانییە ئاوا دەگێڕێتەوە: "لە کوشتاری هاوینی ١٩٨٨دا لە زیندانی ورمێ زۆرینەی ئێعدام کراوەکان لە هیچ دادگایەکی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بە سزای ئێعدام مەحکووم نەکرابوون. ژمارەیەك لە ئێعدام کراوەکان بۆ ماوەیەك وەك "بلاتکلیف" لە زیندانی ورمێدا راگیرابوون. ژمارەیەکی دیکە کە زۆرینەیان لایەنگرو ئەندامو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو چەند لایەنی سیاسیی دیکە بوون، لەو سەروبەندەدا گیرابوون کە هێشتا بە تەواوی بازجوویی‌و لێپرسینەوەیان لێ‌نەکرابوو. بەشێکی دیکە لە ئێعدام کراوەکان لە هێزە چەپو موجاهیدەکان بوون کە ماوەی مەحکوومییەتی زیندانیان کۆتایی پێ‌هاتبوو، بەڵام ئازاد نەکرابوون. هەروەها کەسانێك کە زۆرینەیان هیچ بەڵگەیەکی روونیان لەسەر هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بەدەستەوە نەبوو، بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە بە چەکی کلاشینکۆفی پاسدارانی نەزانی کوشتارو ئێعدام کران.

کاتی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی زیندانی ورمێ، ساتێکی زۆر تاڵ بوو، هەر لەو کاتەدا پڕ لە شانازییش بوو، خۆڕاگری، ورەبەرزی، لەخۆبردوویی‌و ئیمانی زیندانییەکان، چۆکی ئاڵقەبەگوێکانی رێژیمی وەلەرزە خستبوو. کاتی بانگ کردنی هەر زیندانییەك، هاوبەندەکانی بە چاوی فرمێسك تێدا قەتیس ماوو رەنگو روخساری ماتەم لێ‌نیشتوو، دەیان روانییە هاوبەندەکەی خۆیان کە تازە بۆ هەتاهەتایە نای بیننەوە. بە نیشانەی ماڵئاوایی لێکردن دەستیان بۆ یەکتر رادەوەشاند. هەر وەها کاتێك درگای بەندەکان دەکرایەوە یان بە بڵندگۆ بانگی کەس یا کەسانێکیان دەکرد بۆ وەتاغی فەرمان یان ئەفسەر نیگابانی، هەموومان چۆکمان دەنوشتایەوە کە دیسان بەشێکی دیکە لە هاوبەندەکانمان کوشتار دەکرێن. زۆرجار هاوبەندە کوردەکانم هاواریان دەکرد: کاك..... ئەمن ئێعدام دەکرێم، هەروەك چەند هاوبەندیی دیکەمان ئێعدام کران. ئەمنیش بەزەردەخەندەی پڕ لە ئێشو ئازارەوە دەمگوت: تۆ شۆرشگێڕی نابێ لە مەرگ بترسی، دەبێ مەرگ لە تۆ بترسێ. دەبێ ورەت بەرز بێ‌و بە ئامانجەکانت وەفادار بی. هەروەك هەزارانی وەك تۆ گیانیان بۆ بەخت کردوە. کوردەکان بە بزەو پێکەنینەوە وەڵامیان دەدامەوە: نا بەخودا لەمردن ناترسین، بەڵام دەترسین ئەو خائینو جاسووسانە هەروا موفت بۆی دەرچنو سزای خیانەتەکانیان لێ‌نەستێندرێتەوە....."

لە پاش تێپەڕبوونی ١٨ ساڵ لە کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان، ئێستاش رێژیمی ئیسلامیی ئێران هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتوە. ئێستاش کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان، یانی ئەوانەی کە لە نەزەری رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، بەلایەنگرو ئەندامی لایەنە سیاسییەکان دەناسرێن، بەدڕندەیی‌یەکی کەم وێنەوە هەر درێژەی هەیە. ئێستاش زیندانەکانی رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران لە ئازادیخوازان، خوێندکاران، ژنانی شۆرشگێڕ، نووسەرانو جەماوەری وەزاڵەهاتووی نەتەوەکانی ئێرانو تەنانەت لە رووحانییە نارازییەکانو ئەو کەسانەی کە بەگژ سیاسەتی کۆنەپەرستانەی رێژیمدا دەچنەوە ئاخنراوە. لە هەژدەهەمین ساڵوەگەڕی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکاندا جارێکی دیکە لەگەڵ گیانی پاکیان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەرکەوتنی یەکجاری وەفادار بە رێگاو ئامانجیان بین.

[1] ئەو بەیتە شێعرە لە دیواری یەکێك لە سلوولەکانی ئیتلاعاتی سنەدا نووسرابوو.

# تێکۆشان لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان

**شەماڵ تەرغیبی**

لە مێژە نەتەوە بندەستەکانی دنیا، بۆوەدەستهێنانی ئازادی، دیموکراسیو مافی دیاریکردنی چارەنووسو هتد.... خەبات دەکەنو تەنانەت لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانیاندا قوربانییان دەدەن. یەك لەو نەتەوە زۆرلێکراوانە کە لە مێژساڵە، سەرەڕای بوونی ئاستەنگو چەڵەمەی جۆراوجۆرو دانی نرخێکی لە ڕادەبەردەر، هەوڵی گەیشتن بە ئازادیی داوەو خوێنی بۆ بەخشیوە، گەلی کوردە کە لە کەمترین مافەکانی خۆی بێبەش بووە. گەلی کورد سەرەڕای ئەوە کە لە نێوان چوار وڵاتدا، دابەش کراوە، هیچکات لە خەبات دژی زوڵمو زۆرو بۆ وەدەسخستنی مافە ڕەواکانی خۆی ڕانەوەستاوەو هەموو هەوڵو تێکۆشانی وەگەڕخستووە تا بە ئامانجە لەمێژینەکەی خۆی بگا؛ بەڵام هەردەم بە هۆی فاکتەرو هۆکارە دەرەکیو نێوخۆییەکانەوە تووشی شکست بووەو کۆڵنەدەرانە درێژەی بەو خەباتە ڕەواکەی داوە.

بۆ نموونە لە کوردستانی ئێران، لە چەندین قۆناغو دەوری جیاجیادا، شاهیدی تێکۆشانی گەلەکەمان هەین؛ وەکوو چالاکییە مەزنەکانی سمایل ئاغای شکاك (سمکۆ)و کۆمەڵەی ژ ـ ك کە دواتر لەلایەن پێشەوای نەمر قازی محەممەدەوە پەرە دەستێنێو وەك ئۆرگانیزاسیۆنێك، لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بە ئاشکرا داوای مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان دەکا.

دوابەدوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستاندا، خەڵکی کوردو بە تایبەت لاوانو ڕووناکبیرانی کورد، دەستیان لە خەبات نەکێشایەوەو بە شێواز گەلی جۆراوجۆر، نهێنیو ئاشکرا، بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان هەوڵیان داوە. ئەم ڕەوتە تاکوو شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ـ (١٩٧٩)، درێژەی هەبوو. لەم کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە بە شێوەی ئاشکرا تێکۆشانی خۆی بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد ڕاگەیاند. لەو بارودۆخەدا بە بڕوای ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد، لە سەرووی هەموویانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، باشترین ڕێگە چارە

**بۆ گەیشتن بە ئامانجی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی نیزامێکی دیموکراتیکدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دیموکراتیو نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ**

بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، لەو کەشوهەوا هەستیارو ناسکەدا درانی خودموختاری بەو نەتەوە چەوساوە بوو. هەر لەوکاتەشدا، ڕێبەرایەتیی گەلی کورد جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە فیدرالیزم باشترین ڕێگەچارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی، نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە، بەڵام هەلومەرجی نێوخۆییو دەرەکی دەرەتانی هەڵگرتنی دروشمی فیدرالیزم، وەکوو دروشمی ئیستراتیژیکی نەدەدا. هەروەها هزرڤانانی کورد زۆرجار لەمەڕ مەسەلەی مافی نەتەوەیی گەلانی بندەستی ئێران ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، بۆ وێنە شەهیدی نەمر د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٨٧دا سەبارەت بە مەسەلەی گەلانی ئێران دەفەرموێ: "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ئێراندا گەلانی زۆر لێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی وڵات پێك دێنن. خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستنو پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری، سیاسیو لە هەمووی گرنگتر؛ دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان، بەشێك لە مافەڕەواکانی ئەو گەلانەیە. لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو گەلانە بە پێچەوانەی ئیدیعای ژمارەیەك لە دوژمنان، هاندانی خەڵك بۆ جیابوونەوە نیە؛ بە پێچەوانەوە دابینکردنی یەکیەتیی ڕاستەقینەی ئەو گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیك دایە کە زامنی پاراستنی یەکیەتیو سەربەخۆیی وڵاتە. مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا هەیەو هیچ چەشنە خۆگێلکردنێك لە بایەخی ئەو کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانە، ڕێگا بۆ کەلکوەرگرتنی دوژمنانی ئازادیو سەربەخۆیی ئێران خۆش دەکا".[1]

یان لە گۆڤاری وەرزیی " فصلی در گل سرخ" بەرگی سێهەم، لە وتووێژ لەگەڵ عاتفەی گورگیندا دوکتور قاسملوو دەفەرموێ "بزووتنەوەی گەلی کورد هەرچەندە بەهێزیش بێ ئەوپەڕەکەی دەتوانێ ڕێژیم لاواز بکاو ڕێگا بۆ ڕووخانی ڕێژیم خۆش بکا، بەڵام هیچ کات ناتوانێ بە تەنیا ببێتە ئاڵترناتیو، بۆیە ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە کە پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی گەلی کوردو بزووتنەوەکانی دیکەی ئێران بەهێز بکەین".[2]

ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کە لە تەمەنی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران، واتە کۆماری ئیسلامی، زیاد دەبوو زیاتر لە جاران ئەو ڕاستییە بۆ گەلانی بندەستی ئێران دەردەکەوت کە لە چوارچێوەی سیستمێکی سەرەڕۆی وەك کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هیچکات ناتوانن مافەکانی خۆیان دیاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە هەمیشە هەوڵی داوە نەتەوە ئێرانییەکانو بە تایبەتی گەلی کورد وشیار بکاتەوەو بێباکانە پیلانەکانی ڕێژیی لەقاو داوەو دۆزینەوەی باشترین ڕێگەچارە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەکانی بندەست بە گشتیو نەتەوەی کورد بە تایبەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، ڕێگەچارەیەك کە بتوانێ ناوەندگەراییو دەسەڵاتی ناوەندی لە نێو بباو گەلانی ئێرانی بۆخۆیان بیرۆکەی "چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵات" دابڕێژن، نەك ئەوە کە تاقمێکی بچووکی دەسەڵات بە دەست داهاتووی خەڵکی ئێران دیاری بکەن. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدا لە ڕێکەوتی ١٨ ـ ١٣ /١٣٨٣/٤، باسێکی بەرینو بەربڵاوی لە سەر مەسەلەی فیدرالیزم کردو بە پێی هەلومەرجی لەباری کوردستانو ئێرانو ناوچە، مەسەلەی فیدرالیزمی پەسند کردو وەك باشترین شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران ناوی لێبردوە. فیدرالیزمێك کە لە سەر بنەمای میللی ـ جوگرافیایی داڕێژرا بێ؛ هەر بۆیە دروشمی ئیستراتیژیکی خۆی لە "دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان"ەوە گواستەوە بۆ دروشمی "دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵی"دا هەروا کە لە بەندی حەوتەمی سەرەتای بەرنامەی حیزبی دیموکراتدا هاتووە" "بۆ گەیشتن بە ئامانجی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی نیزامێکی دیموکراتیکدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیەتیی هێزە دیموکراتیو نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دەزانێ. حیزبی دێموکرات پێی وایە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی دیموکراتیی ئێران جارێکی دیکە تووشی بێبەرنامەیی نەبێو دەسکەوتەکانی بەتاڵان نەچێ، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەو هێزە سیاسییانە کە بەڕاستی دیموکراتو پێشکەوتنخوازن، لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوارۆژی وڵات یەك بگرن". بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٣ ـ ٢٠ی فێوریەی ٢٠٠٥دا بۆ کۆکردنەوەی هێزە دیموکراتو فیدراڵیخوازەکان لە دەوری یەکترو پێکهێنانی جۆرێك لە هاوپەیمانی ئیستراتیژیك لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی گەلانی بندەستداو یەکدەنگ کردنی ئەم لایەنانە، ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی "ائتلاف"ێك لە ژێر ناوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" گێڕا.

دامەزرێنەرانی "ائتلاف"ی ئاماژە پێکراو پێك هاتبوون لە حەوت ڕێکخراوو لایەن لە نەتەوەکانی کورد، تورك، عەرەب، تورکمانیو بەلووچ کە بریتیی بوون لە:

١ـ بەرەی یەکگرتووی بەلوچستانی ئێران

٢ـ بزاڤی فیدراڵ دیموکراتی ئازەربایجان

٣ـ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٤ـ حیزبی خەڵکی بەلوچستانی ئێران

٥ـ حیزبی هاوپێوەندیی دیموکراتیکی ئەهواز

٦ـ ڕێکخراوی بەرگری لە مافە نەتەوەیییەکانی گەلی تورکمەن

٧ـ کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ڕۆڵو کاریگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر کۆنگرە:

واقیعبینی یا ڕێئالیسم یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی هەر حیزب، لایەنو تەنانەت کەسایەتییەکی سیاسییە کە بێگومان هەبوونی ئەزموونو چالاکی لەمێژینە لەسەر سەرکەوتنی ئەو "ائتلاف"ە کاریگەرە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستیی ئاماژە پێکراویش، دەکرێ لە سەر ڕۆڵو سەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەزموونی پتر لە ٦٠ ساڵ خەبات لە پێناو لەنێوبردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە گشتی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە تۆیشەدایە، پێداگری بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەندی شەشەمی بەیاننامەی دامەزرانی خۆی لە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ ـ ١٦ی ئووتی ١٩٤٥دا دەڵێ: " حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەباتدا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجانو کەمایەتییەکانیتر، کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسورییەکانو ئەرمەنییەکانو هی دیکە، یەکیەتیو برایەتییەکی تەواو پێك بهێنێ"[3].

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوردنەگۆڕی ئەم ئایدیایە بۆ نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە شێوەیەکی کردەکی، پێویستی بوونی ئاڵترناتیڤێکی وەها بەهێزی بۆ لاوازکردنو لە ئەنجامدا ڕووخاندنی کۆماری ئیدئۆلۆژیكو توتالیتێری ئیسلامیو وشیارکردنەوەی هەرچی زیاتری گەلانی بندەستی ئێرانو ئاگادارکردنەوەی وڵاتانی پێشکەوتووو زلهێزی دنیای سەلماند.

**پرنسیپە بنەڕەتییەکانی کۆنگرە:**

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ڕێکەوتی ٢٠ی فێوریەی ٢٠٠٥ لە لەندەن لەسەر ڕێسا بنەڕەتییەکانی خوارەوە وەکوو بنەمای ئیستراتیژی، دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند.

١ـ کۆماری ئیسلامی، حکوومەتێکی توتالیترە کە ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە مەرجی یەکەمی دامەزرانی حکوومەتێکی فیدراڵو دیموکراتیك لە ئێران دایە.

٢ـ ئێمە لەگەڵ ئەوە کە باوەڕێکی قووڵمان بە ئیرادەی خەڵکی ئێران هەیە، خوازیاری دامەزرانی حکوومەتێکی فیدراڵین لە ئێراندا لە سەر بنەمای نەتەوەیی ـ جوگرافیایی.

٣ـ جودایی تەواوی دین لە دەوڵەت.

٤ـ هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی جینسیو دابینکردنی مافی یەکسانی ژنو پیاو.

٥ـ دابینکردنی ئازادیی ئەندیشەو ڕادەربڕین.

٦ـ دابینکردنی دادپەروەریو بردنەسەری ئاستی ژیانی هاونیشتمانان.

٧ـ چەسپاندنی پەیوەندیی ئاشتیخوازانە لەگەڵ هەموو وڵاتانی دنیا لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە.

٨ـ خەبات دژی تیرۆریزمو چەکە کۆکوژەکان.

کاروچالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرە:

لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانی کۆنگرە بەملاوە هەرکام لەو حەوت ڕێکخراوە، بە قەدەر قورساییو شوێندانەریی خۆیان، بۆ ناساندنو پەرەپێدانی ئامانجەکانی کۆنگرە لە نێوخۆی وڵاتو بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات هەوڵیان داوەو لە ڕێگەی پێوەندیی دیپلوماتیکڕا هەوڵی وەرگرتنی "مشروعییەت"یان لە لایەن ڕێکخراوو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان، داوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەبێوچان لەو ڕێگایەدا تێکۆشاوە کە بەشێك لەو تێکۆشانانە بریتین لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١ـ هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەی "داگنێس ناویسن"ی نۆروێژیو باس کردنی ئامانجەکانی کۆنگرە لەوێدا لە لایەن بەڕێز کاك مستەفا هیجرییەوە. (٢٠٠٥/٣/٧)

٢ـ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆنگرە بە بەڕێز "پیتێر تەیلێر" بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی سوئید. (٢٠٠٥/٢/٢٤)

٣ـ باس کردنی مەسەلەی کۆنگرە لە لای بەڕێز "لارش ئۆللی" سەرۆکی حیزبی چەپی سوئیدو بەرپرسی کاری ئەندامی پارلمانی سوئید. (٢٠٠٥/٢/٢٨)

٤ـ دیدار لەگەڵ سەرۆکی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئورووپا بەڕێز "ئیلماز بڕۆك". (١٥ی مارسی ٢٠٠٥)

٥ـ دیدار لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا بەڕێز "یان بیکەن"و هەروەها بەرپرسی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل بەڕێز "دەروێش فەرهۆ" (١٦ی مارسی ٢٠٠٥)

٦ـ دیداری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ سەرۆکی گرووپی سەناتۆرەکانی حیزبی کومونیستی فەڕانسە لە سەنای ئەو وڵاتەدا. (٤ی ئاپریلی ٢٠٠٥)

٧ـ چاوپێکەوتنی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ بەرپرسانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە پاریس. (٢٠٠٦/٦/١٩)

٨ـ چاوپێکەوتنی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ بەرپرسانی پارلمانی ئورووپا. (٢٠٠٦/٦/٢٦)

٩ـ بەشداری لە کۆنفرانسی knc لە ئەمریکاو نواندنی گرنگو بایەخی مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران. (٢٠٠٦/٦/٣٠)

هەرواکە ئاماژەی پێکرا ئەمە چەند وێنەیەك بوو لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ پەرەپێدانی ئامانجەکانی کۆنگرە کە لەلایەن بەڕێز کاك مستەفا هیجرییەوە لە ماوەی دوو سەفەری خۆیدا بۆ دەرەوەی وڵات سازدرابوون. جیاواز لەم خاڵانە ئێمە شاهیدی چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی بەنرخو شوێندانەر هەر لەوز بابەتەوە بووین وەك: کۆنفرانسگەلێك کە لە کۆنگرێسی ئەمریکاو لە سەنای ئەمریکاو لە پارلمانی فەڕانسە گیرنا. شایانی باسە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی گرنگی لە گواستنەوەی هەواڵی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران فیدراڵ لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهانیو ناوچەیی وەك ڕۆژنامەی liberasionfrو Elmundoو تەلەویزیۆنی باسك (ئیسپانیایی)و .... هتد داگێڕاوە.

**لەمپەرەکانی سەر ڕێگای کۆنگرە:**

هەروا کە دەزانین هەر کارێکی گەورەو مەزن بە هەمان ڕێژەش تەنگو چەڵەمەی دەکەوێتە سەر ڕێگا، بۆیە بە گشتی ئەگەر بمانهەوێ ئەو لەمپەرانە تاوتوێ بکەین دەگەینە ئەو ئاکامە کە دوو ئاستەنگی سەرەکی لەسەر ڕێدایە کە پێشتر لە سەرەتای بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاماژەیان پێکراوە بریتین لە:

١ـ شوڤینیزمی ئێرانی کە حاشا لە بوونی گەلانی ئێران دەکا،

٢ـ ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی گەلانی ئێرانە کە دیکتاتۆری مەرکەزیو خەڵکی ئێران لێك جیاناکاتەوە.

"شوڤینیزمی ئێرانیو ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی گەلانی ئێرانی هەردووکیان کۆسپی سەر ڕێگای پێکهاتنو پەرەگرتنی یەکیەتیی گەلانی ئێرانن".

هەر چەند لایەنە شۆڤینیستییەکان خاوەن پلەو پێگەو نفووزێکی ئەوتۆ لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا نین بەڵام مەترسیی ئەوە هەیە کە لە بڕگە زەمانییەکی هەستیار دا بتوانن بە سازدانی هێندێك پروپاگەندەی ئەفسانەیی ببنە هۆکارێك بۆ لاوازکردنی خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران بۆیە ئەو ئەرکەی کۆنگرە زیاتر قورسایی خۆی نیشان دەدا کە دەبێ بە پەرەپێدانی سیاسەتە دیموکراتیکەکانی خۆی، خەتی کۆتایی بەسەر نەژادپەرستیی ئەواندا بهێنێو پێگەو جێگەی کۆنگرە هەرچی زیاتر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بەهێز بکاو کەشوهەوایەکی لەبار بۆ هاتنی لایەنو ڕێکخراوە دیموکراتیکەکان بۆ نێو کۆنگرە بڕەخسێ. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی گەلانی ئێران ئاگایانە یان نائاگایانە، دەتوانێ لە درێژخایەندا ببێتە کۆسپێك لە سەر ڕێگای بە ئاکام گەیشتنی مەبەستە ئاشتیخوازانەکانی گەلانی بندەستو یەکیەتییەکەیان؛ بۆیە دەبێ کۆنگرە هەموو هەوڵو تێکۆشانی خۆی بۆ هەرچی زیاتروشیارکردنەوەی گەلانی بندەست لە ئێراندا، لەمەڕ مەسەلەی ناسیۆنالیزم وەگەر بخا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەباتدا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجانو کەمایەتییەکانیتر، کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسورییەکانو ئەرمەنییەکانو هی دیکە، یەکیەتیو برایەتییەکی تەواو پێك بهێنێ**

سەرچاوەکان

١ـ دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرنو شۆڕشگێرێکی دیموکرات ـ فەسڵی دووهەم

٢ـ هەمان سەرچاوە

٣ـ چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی

٤ـ بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەسندکراوی کۆنگرەی سێزدەهەم

٥ـ کوردستان ـ ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی ـ ژمارەکانی: ٤٠٨ـ ٤٠٩ ـ ٤١٠ ـ ٤١١ ـ ٤٢٦ ـ ١٣٩ ـ ٤٤٠

کوردستان
ژمارە:444(15)ی خەرمانانی ١٣٨٥)

## سەرنج

مەسعوود بابایی

سەرنجی هەژدەهەم: (١-٢)

### زمانو وەرگێڕان

هەموو داهێنەرەکانی مرۆڤ توانیویانە جۆرێك لە پێوەندی دروست بکەن. هەموو داهێنانەکان دەتوانن پانتاییەك لە تاریکی روناك بکەنەوە. ئالّو گۆڕی کولتووری لە هەموو سەردەمە مێژوییەکان دا بە شێوەیەکی جۆراوجۆر - هەروەك پێشتر باسمان کرد - هەبوە. بەلّام وەرگێڕان لە هەموو رێگاکانی گواستنەوەی کولتووری کاراتر بووە. وەرگێڕان وەك هونەر یا زانست رۆلێکی گرنگی لە ئاشناکردنو رۆشنگەری هەبووەو هەیە. بزووتنەوەی وەرگێڕان لە سەردەمی عەبباسیو بە دامەزراندنی "دارالحکمە" برەوێکی زۆری پەیدا کرد. لە سایەی پاچڤەی بەرهەمە یونانیەکانو فەلسەفەی یونانی، چەشنی بەرهەمەکانی ئەفلاتونو ئەرەستۆ هۆراسو ...هتدو زاناو فەیلەسووفە موسلّمانەکان لەگەلّ لقە زانستیەکانو پۆلێن کردنی زانستەکان - کە تا ئەو کات ئەرەستۆ بە رابەری پۆلێنکردنی زانستەکان لە قەلّەم دەدرا - گۆڕانێکی بەرچاو لە جیهانبینیو زانیاری لە رۆژهەلّات دروستبوو، فەلسەفەی (مشأ)ی ئیسلامی لە سایەی فەلسەفەی مشأ[ = پیاسەکردن]ی یونانی سەری هەلّدا. کەسانێکی وەکوو ئیبن سینا، فارابی، لەمبارەوە نموونەی دیارن. لە پاش سەدەکانی نێوەڕاست کە بە سەدەتاریکەکان بەو ناوبانگە، ئاراستەی پێچەوانە دەستی پێکرد، ئەمجارەیان رۆژئاوا روی لە رۆژهەلّات کرد، کتێبەکانی (شەفاو قانوون)ی ئیبن سیناو چەندانیتر پاچڤەکران، ئەمجارەیان رۆژئاوا لە خەو رابوو، ئە رابوونە بەرەبەرە رۆژئاواییەکانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە ئروپا ئەم سەرو ئەوسەری دنیا نیە. ئەوکات ئروپا لە فەلسەفەی ئیسکۆلاستیك چەقیبوو. وەرگێڕانی بەرهەمەکانی رۆژهەلّات یەکێك لە هۆکارەکانی ڕاچەنینی خەلّکی ئروپا بوو. سەرەتا کەسانێکی وەك مارکۆپۆلۆ پاش گەڕانێکی زۆر بینینی ولّاتانی هێندو پاکستانو ئەفغانستانو ئێرانو تورکیەو...و هەروەها ماژیلانو دواجار کریستۆف کولۆمب ... نەخشەی دنیایان بۆ ئوروپاییەکان روون کردەوە، لە قۆناغی دوەم دا رۆژهەلّاتناسیو قۆناغی سێیەم کۆلۆنیالیزمو کاریگەریی کولتووری، هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە یەکەم هەنگاو واتە وەرگێڕان دەستیان پێکرد. مەبەستی ئێمە لێرەدا تەنیا ئەوە بوو کە گرنگیی هونەر یا زانستی وەرگێڕان دەرکەوێت. بەلّام بابەتی سەرەکیمان زمانە. زمان وەکوو ئامرازی سەرەکیی گەیاندن، لە چوارچێوەی وشەکانو رستەکان، زمان وەکو کۆکەرەوەو رون کەرەوەو لە هەمان کاتدا خەیالّ ورژێنو ئایدیا پەروەر، دەتوانێ ئالّوگۆڕی کولتووری یا بە پێچەوانەوە پێکدادانی کولتووری دروست بکا، هەلّبەت شێوازی هەلّسوکەوتو نیازی دوو نەتەوە لێرەدا گرنگە، هێرشبەری یا هەلّکردنو پێکەوە ژیان. وەرگێڕان لەم روەوە بە پێی نیاز (نیت)ی دو لایەن دەتوانێ ئامرازی پێکدادانو پێکەوەژیان بێ.

زمان لە وەرگێڕاندا دەبێ دەروەست بێ، واتە وەرگێڕ دەبێ بەدەر لە هەر چەشنە دەمارگرژییەك دەق پاچڤە بکاتە سەر زمانی خۆی. هەلّبەست ئەگەر مەبەست هەق گۆیی بێ، ئەگینا زۆرن ئەو وەرگێڕانەی کە بە پێچەوانەوە بە ئەنقەست بەرهەمەکان دەسکاری دەکەن یاخۆ لێیکەم یا خۆ زیاد دەکەن. مەبەستی من ئەوەیە کە بلّێم زمان لە بیاڤی وەرگێڕانیش دا پەیوەستە بە رێژەی توانایی زمانەوانیی وەرگێڕ (باری زانستی)و هەروەها ملکەچی بۆ دەقی رەسەن. لایەنێکی دیکەش نیازی وەرگێڕ لە وەرگێڕانی بەرهەمەکەیە کە ئەویش جێی رامانە.


لە روی شێوازی وەرگێڕانەوە سێ شێواز ناسراون: وشە بە وشە، رستە بە رستە، پەرەگرافیو دارشتنەوەی دەق. ئەم سێ شێوازە هەرکامەو لایەنی باشو لاوازی خۆیان هەیە کە لە سەرنجی داهاتوودا باسیان دەکەین.

# کات

ئەفراسیاب گرامی

## مەرگ

تەواوی بیرەوەرییەکانی لە پێش چاوی ریشکەو پیشکەی دەکرد.. نە لە وێنەی ئالبۆمەکانی تێدەگەیو نە لە وێنەی شەقامەکانی ئەستێرە.. تازە زانیویە زەوی خڕەو خرۆشان شەپۆلیش لە لێوار دەدا.. تازە تێگەیشتووە کە مانگو دەریا ئارام ترین وێنەی سروشتن.. تازەش تیدەگا کە ژیان خۆرهەلّاتێکەو خۆرئاواشی لەگەلّدایە...



## زایەلّە

شانەکەی هەلّگرتو ورد ورد قژی شانە دەکرد. ئەو رۆژە تەمەنی گەیشتبووە ژنایەتی. کەیفی لە شانەو لە ئاوێنەی بەرهێوان دەهات. زیوالّ زیوالّ قژی دەکەوتە سەرشانیو لەنجەی بە داهاتووی ئەو دیو پەنجەرەکانی تەمەنی دەکرد. گولّەبەڕۆژەی سەر حەسارەکەی کردبۆوە هێماو رۆژانە دەیکردە نیشانەی داهاتوو. بەلّام هێشتا لەو رۆژە بیری نەکردەوە کە گولّە بەڕۆژە دایم رووی لە خۆرەو خولیای خۆرهەلّاتە...

## تەرزەی قەزوانەکانی دەم کەل

مەگەر ئەوە ئاسمان نەبوو کە هەموو رۆژە چاوەڕوانی تیشکی خۆر بووو ئاسمانی تیشك باران دەکرد.. مەگەر ساتێك بە لێزمەی قەزاوانەکانی دەم کەل شەرابی حەوت سالّت لە پەرداخی حەکایەتێکی مردوو نەناشت.. ئێمە هەموو دەنگی ئەو شەوەمان لە بیرە کە تۆو ئەستێرە بۆ چرکەیەك باوەشتان کرد بە ئەژنۆی هیوای ئاسمان کەچی لەو تیشکانەی خۆر بێبەش مانەوە...



## ئاواتێکی گەورە

قەلّەم رەنگەکەی دانووساندە سەر کاغەزێکی بۆری تۆز گرتوو. هەورێکی شینی رەنگ بزرکاوی کێشا. ئاواتێکی یەکجار زۆری تێدا کۆکردەوە.. لە کۆتایی وێنەکەیدا رەنگی شینی کردبۆیە رەنگی رەشو ئاواتەکانی لە هەوێنی رەشی جەوهەرەکەدا نوقم بوون...

# سرود بۆ سپاس و پەرەستن

ئەحمەد شاملو        و: مەسعود بابایی


ماچەکانت چۆلەکەی زۆربلّێی باخن و
مەمکەکانت کەنوی کوێستانان
لەشت نهێنییەکی نەمرە و
لە بێدنگییەکی مەزن دا
ئەپچڕێنن بەگوێمدا...
جەستەم وشەیکەو
لەودا لەنگەر دەگرێ
بەشکم گۆانییەك بێتە دی،
سرودێك لە بەردەوامی بژەنێ
نیگات پڕە لە مێهرەبانییەکان
لە چاوانتا پەیکێك بەدی دەکەم
هەلّگری سوسەی ژیانە
بێدەنگیت لانکەی گشت دەنگەکانە
هاوارێکە،
بوون ئەزمون دەکا...

## شەو

قادر قادری

شەو درەنگە
تاریکانە
شەوەزەنگە
بەلای
دلّە شەیداکەی
منی دلّدار
ئەم دنیایە گشت بێدەنگە
ئازیزەکەم
ئەم گلّۆپە بچکۆلانە
رووناکی تەواو
نابەخشن بە ژوورەکەم
تیشکی سۆمای چاوەکانی
خۆتم بەرێ
دەست بخەرە ناو دەستمەوە
ئەم سۆبانە ناتوانن گەرمم بکەنەوە

## بێ دوان



# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

## ئاراستەی وەرگێڕان
## کورتە مێژووی وەرگێڕان لە جیهان دا
بەشی شەشەم

ن:حسین یەعقووبی
و: سمایل زارعی

**دۆخی وەرگێڕان لە جیهانی هاوچەرخ دا**

لە حاڵێکدا کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەرگێڕان ئامرازی گواستنەوەی ڕێك و پێك و کانگای زانست بوو، لە سەردەمی ڕێنسانس دا ئامرازێك بوو بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبیەکانی جیهانی کۆن بە زمانە ئەورووپاییەکان و لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا بە ئامرازێکی یەك لایەنە بۆ پێوەندیەکی تاڕادەیەکی کەمیش لە نێوان مەزنەکانی ئەدەبیات و هونەر فەیلەسووفان و زانایان و خوێنەرانیان لە هەموو جیهاندا دەژمێردرا.

سەدەی بیستەم بە سەردەمی وەرگێڕان ناو دەبردرێ. لە ڕاستیدا پێویستییە سیاسییەکان، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، کولتووری و زانستی و ململانێیە بازرگانی و ئابوورییەکانی سەدە وای دەخواست کە هەموو بەڵگەنامە، بابەتەکان، کتێبەکان و دێکۆمێنتەکان بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا و لانیکەم زمانی هەر دوو لایەنەکە وەرگێڕدرێن. لە ڕاستیدا وەرگێڕان لەم سەدەیەدا لەو ڕەهەندەوە بەهایەکی زۆری بەخۆوە گرت کە بەشێکی گەورە لە ناوەندەکانی زانیاری کۆمەڵگا سەرنجی بە زانیاری یا زانیارییە بنەماکان داوە. کات و ساتی نێوان وەرگێڕان بە مەبەستی گواستنەوەی زانیاری و سەرچاوەی ئەو هەمیشە کەمترو کەمتر دەبێتەوە و پانتایی ئەو زمانانانەی کە بۆ کاری وەرگێڕان کەڵکیان لێوەردەگیردرێ و ئەو بابەتانەی کە وەردەگێڕدرێن فرەچەشنییەکی زۆرتریان دەبێ. هەڵبەت لە لایەکی دیکەوە ئەم بەرپانییانە بوونەتە هۆی میکانیکی بوونی وەرگێڕان، بەم واتایە کە هەنووکە کەمتر هەوڵی ئەوە دەدرێ کە لە بیرۆکەی دەقی سەرەکی تێبگەین بەڵکو وەرگێڕان لە سەر بنەمای جێگیرکردنی وشەکانی زمانێك لە گەڵ وشەکانی زمانێکی دیکە ئەنجام دەدەرێ.

رابێرت ئۆسکارپێت لێکدانەوەیەکی باشی لە دۆخی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان لە سەردەمی ئێستادا خستۆتە ڕوو. دەکرێ تێبینییەکانی ئۆسکارپیت بەو شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

ئا — لە ساڵی ١٩٦٠دا ژمارەی ٣١٣٨٤ ناوی کتێبی وەرگێڕدراو لە سەرانسەری جیهان دا بڵاوبۆتەوە کە تاڕادەیەك لە سەدا ١٠ی(١٠٪) کۆی ناوە بڵاوبووەکان هەر لەو ساڵەدا ئەنجام دراوە کە ٣١٠,٠٠٠ ناو بووە. بە سەرنجدان بەوە کە یەك کتێب زۆر جار بە زیاتر لە زمانێك وەرگێڕدراوە و گەلێك کتێبیش لە زمانە کلاسیکییەکانەوە وەرگێڕدراون، دەبێ دان بەوەدا نێین کە ئەو کتێبانەی وەرگێڕدراون تەنیا ڕۆڵێکی بچووکیان لە تێگەیاندن و پێکەوەهەڵکردنی نێونەتەوەییدا گێڕاوە.

ب — نزیك بە ٧٢ یا ٧٣٪ی کتێبە وەرگێڕدراوەکان لە جیهاندا هی یەکێك لە چوار زمانی ئینگلیزی، ڕووسی، فەڕانسە و ئاڵمانی بووە. ئینگلیزی نموونەیەکی بەرچاوی زمانییە کە گەلێك بەرهەم لەویەوە بە زمانەکانی دیکە وەرگێڕدراوە بەڵام ژمارەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان بەم زمانە زۆر کەمە. ئەوە لە لایەکەوە ئەوە نیشان دەدا کە سەچاوەی لێوانڕێژی ئەدەبی — زانستی، زمانی ئینگلیزییە و لە لایەکی دیکەوە باس لەوە دەکا کە درێژەی ئەم دۆخە لە درێژخایەن دا دەبێتە هۆی لاوازی بێ ئەملاو لای ئەم زمانە.

ج — لە هێندێك وڵات دا، وەرگێڕانێکی زۆر دەکرێ و لە هێندێك وڵاتدا وەرگێڕانێکی کەم. بە گشتی ئەم دۆخە لە ژێر کاریگەری هەڵکەوتوویی ئەو وڵاتەدا لە جوگرافیای سیاسی — کۆمەڵایەتیدایە.

د — وڵاتانی جیهان بە پێی زمان یا زمانەگەلێکی زاڵ کە ڕەوتی وەرگێڕان دیاری دەکەن دەکرێ بە چەند نموونەی جۆراوجۆر دابەش بکرێن. ئەم نموونەگەلە زۆرتر بەرپرچدانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ڕێژەییە و دۆخی ئەدەبی و سەیترە یا وابەستەبوونی وڵاتان دەردەخات.

و — هەموو وڵاتێك لە وەرگێڕاندا زۆرتر هۆگری بە بوارێکی تایبەت بە خۆی نیشان دەدا. هێندێك وڵات زۆرتر حەزیان لە ئەدەبیاتە، هێندێکی دیکە کەم و زۆر حەزیان لە زانست و کۆمەڵێکی دیکە لە زانستە سرووشتییەکان. (مینۆڤا، ١٣٧٦: ٦٢ — ٦١).

ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان لە جیهاندا بڵاو کردەوە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامەکەی بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

١ — لە سەدا ٨٦ی تەواوی وەرگێڕانگەلێك کە لە جیهاندا بڵاو بۆتەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا چاپ بووە و سەرچاوەکانیشیان زۆرتر ڕۆژئاوایی بووە بە واتایەکی دیکە ئیدی ڕۆژئاوا هیچ حەز و مەیلێکی بۆ فێربوونی زانست جگە لە ڕۆژئاوا نیە.

٢ — بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان کە لە وڵاتانی ناڕۆژئاواییدا، جگە لە ژاپۆن، بڵاوبوونەوە تەنیا لە سەدا ٨ی تەواوی وەرگێڕانەکان پێك دێنێ ئەم وەرگێڕانانەش نیشاندەری حەز و مەیلی زۆرە بۆ فێربوونی زانست لە ڕۆژئاواوە.

٣ — ژاپۆن بە تەنیا لە سەدا ٥ی تەواوی وەرگێڕانە بڵاوبووەکانی جیهانی چاپ کردووە و وەرگێڕانەکانی ئەو وڵاتەش بە شێوەی یەك لایەنە لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکانەوە ئەنجام دراوە(باسێینت، ١٩٩٠: ٢٦ — ٢٥).

**پووختەی دیرۆکی وەرگێڕان لە جیهانی ئیسلام و ئێران دا**

سپای ئیسلام، دوای داگیرکارییە زۆر خێراکانی دا، بە سەر وڵاتێکی پان و بەریندا بە میراتێکی یەکجار گەورەی کولتووری و شارستانیدا زاڵ بوو. جوولەکە و مەسیحییەکان ئیمانیان هێنا و ئێرانییەکان و هێندی و سەریانی و میسر و مەغریبی و ئسپانیاییەکانیش ملیان بۆ ڕەوا پێدان بە پیرۆزبوونی دا، بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی ببێتە زمانی هاوبەش بۆ هەموو دانیشتووانی وڵاتانی ئیسلامی. پزیشکە شارەزاکان و زانا مەزنەکان (جوو و مەسیحی زۆرتر و بە تایبەتی نستۆرییەکان) چوونە بەر دەرگای خەلیفەکان و بەمشێوەیە تێکەڵاوییەکی گەورە لە نێوان هەموو توخمە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلام پێك هات و گۆڕینەوەی فرە لایەنەی بیرۆکە عەقڵانییەکان لەم جیهانە نوێیەدا بەها و پەرەی گرت. عەرەبەکان خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ژیاری یۆنانی — ئێرانیدا دۆزییەوە و کەوتنە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆ و قووڵایی ئەوانەوە.

لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی دا، وەرگێڕە ئیسلامییەکان وردە وردە هێندێك شتیان وەرگێڕا بەڵام بزاڤی ڕاستەقینەی وەرگێڕان تەنیا لە نیوەی دووهەمی سەدەی دووهەمەوە پێی گرت. وەرگێڕەکانی ئەم سەردەمە سەرنجێکی زۆر تایبەتییان بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەرەستوو و ئەفلاتوون دەدا و زۆریان هۆگر بوون. سەدەی سێهەمی کۆچی، واتە سەردەمی کلاسیکی ئیسلام، سەرەتای سەردەمی زێڕینی بزاڤی وەرگێڕانی ئیسلامی بوو کە تا کۆتایی سەدەی پێنجەم درێژەی هەبوو. هەر بۆیە موسڵمانەکان زیاتر لە سێ سەدە زۆر بە توندی سەرقاڵی وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و فەلسەفی و ئەدەبی و ئایینییەکانی ژیارە کۆنەکان بوون و بوونە خاوەنی میراتێکی گەورەی مرۆڤانی کە سەرچاوەکانی لە شەش زمانی ناسراوی ئەو کاتدا واتە عیبری و سریانی و فارسی و هیندی و لاتین و لە هەمووان گرینگتر یۆنانی بوو. گەلێك ناوەندی زانستی بە ناوی *دار الحکمە* بۆ جێگیرکردنی وەرگێڕەکان و پاراستنی بەرهەمەکانیان دامەزراو و گەلێك لێژنە بۆ گەڕان بە دوای بە نرخترین کتێبەکان لە ئێران و هیند و قۆستەنتەنییەدا دانران و گەڕان و بۆ ئەوەی کە گەلێك بیرۆکەی بەهادار و کامڵ لە زمانەکانی دیکە بە ئەمانەتی تەواوەوە وەرگێڕن هەم وەریانگێڕان و هەم وەرگێڕانەکانی پێشووتریشیان ڕاست کردەوە یا جارێکی دیکە وەریانگێڕانەوە.

خەلیفەکانی بنی عەبباسی سەرنج و هۆگرییەکی تایبەتیان بە دیاردەی وەرگێڕان دەدا و بۆ دابین بوونی ئەم گرینگییە، واتە وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و فەلسەفییەکان بە زمانی عەرەبی، پشتیان بە زمانزانانی ئێرانی و هیندی و سائێبی و جوولەکە و مەسیحی بەست. سێ ناوەندی وەرگێڕان لەو کاتەدا بریتی بوون لە ئەسکەندەرییە، جێندی شاپوور و حەڕڕان. گرینگترین هەوڵ بۆ وەرگێڕان بە زمانی عەرەبی لە قووتابخانەی ئەسکەندەرییەدا دەستی پێکرد. قووتابخانەی ئەسکەندەرییە کە میراتی کولتووری ئاکادێمی ئاتێن (ئەسینا) بوو بوو بە پێوەندییەك لە نێوان بیرۆکەی یۆنانی و بیرۆکەی ئیسلامی و بە بڕوای زۆربەی خاوەن بیرو ڕاکان کاریگەرییە لە زانست و فەلسەفەی ئیسلامیدا زۆر گەورەیە. کیمیای عەرەبی زۆرتر بەرهەمی ئەم کاریگەری و پزیشکی ئیسلامی لە بنەڕەتدا جالینووسی یان بە واتایەکی دیکە ئەسکەندەرانییە. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا موسڵمانان شان بە شانی مامۆستایانی مەسیحی دەستیان بۆ کاری وەرگێڕان و ڕاڤەکردنی کتێبە ناعەرەبییەکان — بریتی لە فارسی و هیندی و عیبری و سەریانی — برد وەرگێڕە ئیسلامییەکان ئەرکێکی دوو لایەنەیان لە سەر شان بوو بۆ گێڕانەوەیەکی دروست لە دەقە سەرەکییەکان و گونجاندنی وشەگەلی گونجاو بۆ چەمکە تازەکان. لە ناو وەرگێڕە بەرچاوەکانی ئەم سەردەمە دەبێ ئاماژە بە عەبدوولڵای کوڕی ئەلموقەفەع بکەین کە شێوەی داڕشتنی ئەو لە نووسین دا ئێستاش هەر سەرمەشقی نووسەرانی عەرەبە. ئەم وەرگێڕ و نووسەرە بە ڕەچەڵەك ئێرانییە دوای ئەوەی کە ئیمانی بە ئیسلام هێنا زۆر بە باشی فێری زمانی عەرەبی بوو و چەند کتێبێکی مۆڕاڵی بە زمانی عەرەبی وەرگێڕا کە نموونەی بەرچاوی ئەو کتێبی بەناو بانگی کلیلە و دەمنەیە.

وەرگێڕەکانی ئەم چاخە هەڵبەت تەنیا هەر بە کیمیا و پزیشکی ڕازی نەبوون بەڵکو کتێبگەلێکی دیکەشیان بە گەلێك نێوەڕۆکی زانستی سرووشتیی، بان سرووشتی و ئایینییەوە، و بۆ وێنە کتێبی پیرۆز و ئینجیل و بەرهەمەکانی مانەوەی و زەرتەشتیەیان وەرگێڕا کە لە پێکهاتنی زانستە ئایینییەکانی موسڵماناندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. لە ئەستێرەناسی و ئەژمێر و سیاسەتدا بەرهەمگەلێکیان لە هیندی و جگە لەوەش گەلێك کتێبی هەندەسی و پزیشکی و ئەستێرەناسی یۆنانیشیان بە عەرەبی وەرگێڕا.

مێژوو شتێکی ئەوتۆی لە وەرگێڕانە عەرەبییەکان بۆمان بە جێ نەهێشتووە، ئەو هێندە کەمەش کە ماوەتەوە لە چوار قورنەی جیهاندا بڵاوبوونەوە و بە ناو کتێبخانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دابەش بوون. بەڵام دەکرێ بە خوێندنەوەی ئەم نووسخە کەم و دەگمەنانەش بە گەلێك خاڵی ورد و سەرنجڕاکێش بگەین" ئەگەر لە ئاگاداری ورد و تایبەتمەندییە مۆڕاڵی و زانیارییە یەکجار زۆرەکانی وەرگێڕە ئیسلامییەکان گەڕێین، ئەو شتەی کە لە هەموو شتێك زیاتر شیاوی سەرنجە ئەوەیە کە ئەوان لە کاری وەرگێڕاندا شێوازێکی تەواو زانستییان لە بەرچاو گرتووە. دەقێك چەند جار کەتۆتە بەر دەستی وەرگێڕە جۆراوجۆرەکان و لە ڕووی سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەردەگێڕدران. ئەو کات وەرگێڕەکان ئەو وەرگێڕانانەی کە پێشتر بە پەلە یا بە دەستی کەسانێك کە شارەزاییەکی کەمتریان هەبووە ئەنجام درابوو دووبارە پێداچوونەوەیان بە سەردا دەکردن یان ئێدیتۆرییان بۆ دەکردن. هێندێك ژمارە لەم بوارەوە ئەو شتە دەردەخات: بیست و سێ کەس کە نیوەی زیاتریان یۆنانیان دەزانی قۆڵیان لە وەرگێڕان یا دووبارە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەرەستوو هەڵکرد و لەو بیست کتێبەی ئەرەستوو کە جیهانی ئیسلام دەیناسین نزیك بە هەشتا و هەشت وەرگێڕانیان خستۆتە بەردەست واتە بە شێوەیەکی ناونجی بۆ هەموو کتێبێك زیاتر لە چوار وەرگێڕان. (مذکور، ١٣٧٩: ١١١ — ١٠٥).

بەمشێوەیە دەبینین کە کاری وەرگێڕە ئیسلامییەکان زۆر بەرچاوە. ئەوان کولتوورێکی مەزنیان دامەزراند. بەو شێوەیە کە ئەوانەی کولتوور و ژیاری یۆنانیان دێنا لەو کولتوور و ژیارە تێدەگەیشتن بۆ جیهانی ئیسلامیان دەگواستەوە. لە ڕەهەندی مێژووی زانستیشەوە دەبێ بڵێین ئەم وەرگێڕانانە یۆنانیان بە عەرەبستانەوە گرێ دا، ئێسکۆلاستیکی ڕۆژئاوایی بەرەو زانستی یۆنانی ڕاکێشا و بە کورتی چاخی دێرینی لە گەڵ سەدەکانی ناوەڕاست پێکەوە گرێ دا. بە هۆی ئەم وەرگێڕانانەوە بوو کە لاتین زمانەکان لە گەڵ بەرهەمە کلاسیکییەکان ئاشنا بوون.

بەڵام لە ئێراندا" وەرگێڕان لە ئێراندا پێشینەیەکی زۆر دوور و درێژی هەیە. بەر لە ئیسلام، ئەوەندەی کە بەڵگە و دێکۆمێنت دەریدەخات، گەلێك کتێب لە زمانی سانسکریت و زمانەکانی دیکەوە بە تایبەتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا وەرگێڕدراوە کە بە داخەوە دەقە پەهلەوییەکانیان لە بەردەستدا نیە، بەڵام ئەو وەرگێڕانانەی کە لە ڕووی ئەوانەوە لە سەدەکانی دواتردا بە زمانی عەرەبی ئەنجام دراون هێشتاش هەر ماون (بۆ وێنە *هەزار و یەك شەو* و *کلیلە و دەمنە*). لە سەردەمی ئیسلامیدا، هەر لە هەمان سەدەکانی سەرەتای کۆچییەوە، لە لایەکەوە وەرگێڕانی زۆربەی بەرهەمە جێگا باوەڕە زانستی و فەلسەفییەکانی یۆنان (زۆربەیان لە ڕێگای زمانی سەریانی)یەوە بە عەرەبی لە بەر دەستی ئێرانییەکانیشدا بوون و لە لایەکی دیکەوە گەلێك دەقی عەرەبی و بە تایبەتی ڕاڤە و شیکردنەوەکانی قورئان بە فارسی وەرگێڕدران و ئەم دەست خەتەی وەرگێڕان تا چەند سەدەی دواتریش هەر وا مابۆوە.

وەرگێڕان لە زمانە ئەورووپاییەکانەوە پێشینەیەکی زیاتر لە سەدەیەکی هەیە. لە ڕاستیدا کاری وەرگێڕان لە زمانە ئەورووپاییەکانەوە (بە تایبەتی فەڕانسە) بە کتێبە وانەییەکانی دارەلفنوون دەستی پێکرد و بە هۆی ئاشنابوون لە گەڵ پیشەی چاپ و ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات پەرەی گرت. لەوەڕا کە مەبەستی دامەزراندنی ئەم ناوەندە ناوەندێکی ڕاهێنان لە سەردەمی عەبباس میرزا — دا بە پێشنیاری ڕووناکبیرانی ئەو کات — وەرگرتنی ژیار و زانست و تێگەیشتنەکانی ڕۆژئاوا بوو هەر بۆیە هەوڵی دا مامۆستای دەرەوەیی و بیانیش دامەزرێنێ. هەروەها گەلێك کتێبی وانەیی بیانیش لە بوارەکانی زانستی، ئەدەبیات، مێژوو، پزیشکی و هەتا دوایی هەر بە یارمەتی ئەم مامۆستایانە بۆ فارسی وەرگێڕدران. دوای ماوەیەك لە سەر پێشنیاری عەبباس میرزا هەوڵیان بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیش دا. لەوەڕا کە زۆربەی خوێندکاران بۆ فەڕانسە دەناردران زمانی فەڕانسە لەم وڵاتەدا [ئێران] بوو بە باو و بە پەرەگرتنی ئەو نەك تەنیا بەرهەمی نووسەرانی فەڕانسە بەڵکو بەرهەمە ئەدەبییەکانی زمانەکانی دیکەی ئەورووپاییش وەك ئاڵمانی، ڕووسی، لەهێستانی، مەجار، ئیسپانیایی و پۆرتەقالی بە فارسی وەرگێڕدران.

یەکەمین شانۆنامە کە لە فەڕانسییەوە بۆ فارسی وەرگێڕدرا شانۆنامەی *خەڵك ڕەتێن* (مردم گریز) بەرهەمی مۆلێر بوو. دوای مردنی عەبباس میرزا و فەتح عەلیشا لە سەردەمی *محەممەد* شادا بزاڤی وەرگێڕان و چاپی کتێب تووشی نسکۆ و کەم و کوڕی هات بەڵام لە سەردەمی ناسرەددین شا و موزەففەرەدین شادا گەیشتە لوتکە. *محەممەد* تاهیر میرزا و *محەممەد* خانی ئێعتمادۆلسەڵتەنە پڕ کارترین وەرگێڕەکانی ئەم سەردەمە بوون. لە نێودارترین وەرگێڕانەکانی *محەممەد* تاهیر میرزا، *سێ چەکدار*، *کێنت مۆنت کریستۆڤ* و لە بەرچاوترین وەرگێڕانەکانی ئێعتمادولسەڵتەنە *پزیشکی تۆبزی* و *ژیاننامەی کریستۆف کلۆمب* ە.

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، زمانی ئینگلیزی بەرە بەرە جێی فەڕانسەی وەك زمانی سەرچاوەی وەرگێڕان لە ئێراندا گرتەوە و ئێستا زۆربەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان بە زمانی فارسی، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەردەگێڕدرێن.

# یەکەم پاچ لێدان لە گوڵزاری خاوەران

## بیرەوەرییەك لە خاوەران

### بەشی دووهەم و کۆتایی

وەرگێڕانی حەمەرەسووڵ کەریمی

هەروا بیست میترێك خوارتر ١٠ تا ١٥ گۆڕێك بە جیا دەبینران، بە ڕەنگ لە سەر چەند خڕکە بەردێك هێندێك ژمارە نووسرابوون و هەر ژمارەیەکیان لە سەر قەبرێك دانابوو. (زۆر دواتر لە یەکێك لە نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێرانم بیست کە، ئەوانەی ژمارەیان لە سەر بوو کومونیست و موجاهید نەبوون و ئەوان حوکمی کافربوونیان لەسەر نەدرابوو).

ئەو ژمارەی کە بە دەستی دەروێش مەولوود بوو دیتمانەوە. ئێستا ئیدی کوڕەکەی دیتبۆوە، خۆی بەسەر گڵ و خۆڵی گۆڕەکەدا کێشا، پاش چەند چرکەیەك ڕاست بۆوە. گڵی سەر گۆڕەکان زۆر نەبوو، ئەگەر بایەکی توند هەڵی کردبایە بێشك هەموو گڵەکەیان لەسەر لادەچوو. هەموو جەستەیان بە دەرەوە بوو. محەممەد کوڕەکەی دەروێش مەولوودیان هەر بە لیباسی کوردییەوە ژێر خۆڵ کردبوو.

دەروێش مەولوود دەگریا و دەیگوت: خۆزگە هەزار جار ئێعدامیان کردبای، بەڵام ئەو خوادنناسانە بەم شێوەیە ئەتۆیان ژێر گڵ نەکردبایە. پێم وابێ کاتژمێرێك زیاتر گریا، پاشان لە سەر چۆك دانیشت و سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: " خودایە هەزار جار استغفرالله، بە گەورەیی خۆت بم بوورە هیچ موسڵمانێك بۆ ڕۆڵەی شەهیدی ناگری، بەڵام گریانکەم بەدەست خۆم نەبوو، خوایە گیان محەممەدی من بێگوناح و مەزڵووم بوو، شایانی ئەو بەدکرداری و سەزایە نەبوو، بە گەورەیی خۆت حەقی لە دوژمن و زاڵمەکان وەربگرەوە وەی ڕۆۆۆ" دوای تۆبە و پاڕانەوەیەکی زۆر هەستایە سەر پێ و ڕووی لە من کرد و پێی گوتم: "پیاوەتی زۆرت لەگەڵ من کردوە و پێم وایە قەت ناتوانم چاکەت بدەمەوە، بەڵام دڵنیام کە خوای مەزن پاداشی ئەو چاکانەت دەداتەوە، بەڵام یەك هیممەت و پیاوەتیی دیکەم لە جەنابت دەوێ و دوایەش خوات لەگەڵ بێ و بڕۆ" پێم گوت هەر کارێك لە دەست من بێ لە خزمەت دام و فەرموو پێم بڵێ چ شتێکت دەوێ، گوتی" "بەس تەنیا پێویستم بە پاچ و پێمەڕەیەکە."

****

کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بوو، پاچ و پێمەڕەیەکم کڕیبوو لە سەر ڕێگای خوراسان بووم، هێندێك ترێ و پەنیر و چەند نان سەنگەکێك و دەبەیەکی ٢٠ لیتری پڕ لە ئاوم پێبوو، دڵی خۆمم لە دەریا و بیابان دابوو، دەمهەویست لەو کۆستە گەورەیەدا بەشداری بکەم. ماوەیەك دواتر ماشێنێکم بەکرێ گرت و کەلوپەلەکانم لەسەر ماشێنەکە دابەست و گەڕامەوە بۆ لای دەروێش مەولوود.

سەرەتا گۆڕی محەممەد"مان بە دڵی دەروێش مەولوود هەڵقەند، ئەو زۆر بە لە سەرخۆیی و بە شێوەیەکی تایبەت و وەستایانە کاری دەکرد، چەند داوە بەنێکی پێکەوە گرێدان و باڵای "محەممەد"ی بەو داوە بەنە پێوا، دەستی بە گریان کرد، ئەوجار بە باڵای بەرزی کوڕە لاوەکەی هەڵدەگوت. دەستی بە هەڵقەندنی زەوی کرد، ئەو پاچی دەوەشاند و عەرزی هەڵدەقەند و منیش بە پێمەڕە گڵم فڕێ دەدایە دەر. پاش ماوەیەك کارکردن پێی وابوو گۆڕەکە تەواوە، پشتێندەکەی لەناو قەدی خۆی کردەوە و تەرمی کوڕە لاوەکەی زۆر بە ڕێك و پێکی لە پشتێندەکەوە پێچا و بە وریاییەکی زۆرەوە تەرمەکەی داهێشتە ناو گۆڕەکە، لە دوایین کاتەکانی داپۆشین و گڵ وەسەردانی تەرمەکەدا، ئاه و ناڵە و گریانێکی بەکوڵی بەرز بۆوە.

پاشان سەیرێکی ئەو تەرمانەمان کرد کە بە دەرەوە بوون، بە تەواوی وەڕەز ببووم و توانای مانەوەم لەو شوێنە نەما



بوو، زۆر لەمێژبوو پێمەڕەکاریم نەکردبووو دەستەکانم ئاولیکیان هێنابوو و هێندێکیان دڕابوون و ئازاریان هەبوو. دەروێش مەولوود خەریکی فاتیحە خوێندن بوو، هیوادار بووم کە دوای فاتیحە خوێندن ملی ڕێگا دەگرین و دەڕۆین.

دوای تەواوبوونی فاتیحە ڕووی تێ کردم و گوتی: "خوا پاداشی ئەو چاکانەت بداتەوە با بڕۆین ئەتۆش کار و ژیانت هەیە." لە ناخی دڵەوە بەو پێشنیارەی دەروێش ڕازی و دڵخۆش بووم، بۆنی تەرمی ئێعدام کراوەکان هەموو شوێنێکی داگرتبوو، بەڵام نە من و نە دەروێش مەولوود چیدی دەم و لووتمان دانەپێچاو تا ڕادەیەك بە بۆنەکە عادەتمان کردبوو. چاوێکمان بە دەوروبەری خۆماندا گێڕا، دەروێش دەستی بۆ لای دەبە ئاو و پاچ و پێمەڕەکە برد، پێم گوت ئێمە پێویستمان بەو شتانە نیە، با هەر لێرە بن خێرمان دەگاتێ.

لە دەم و چاوی یەك ڕامایین، لە نیگای دا کۆمەڵێك پرسیاری شاراوە هەبوون، داخوازی دیکەی هەبوون، بەڵام ڕووی نەبوو لەگەڵم باس بکا. بەبێ دەنگی ڕاوەستابووین لاقە لاقمان دەکرد و فرمێسکمان دەهاتەخوار. ئەمن قسەیەکم نەدەکرد بۆ ئەوەی خواستی دەروێش باسی لێ نەکرێ و ئەویش هیچی نەدەگوت بۆ ئەوەی دڵی من ڕازی ڕابگرێ. زۆر بە باشی بیر و فکری ئەوم خوێندبۆوە، بەڵام دڵ و غیرەتی ئەوەم نەبوو باسی لێوە بکەم.

خەریکی ڕۆیشتن بووین، تاوی دایە پێمەڕە و چەند پێمەڕە گڵێکی هەڵدایی سەر تەمێك پێمەڕەکەی لە عەرز دانایەوە و بە گریانەوە گوتی: "دایکتان بمرێ، ئاخر ئەو دوو پێمەڕە گڵەی لە سەرتانە کوا لە چنگی ئەو قەلەڕەشانە دەتان پارێزێ."

هەر لەبەیانی ڕا قەلەڕەشەکان دەوریان دابووین، کاتێك چووبووم کەلوپەلەکان بکڕم دەروێش مەولوود دەستی بەتاڵ بوو، هەوڵی دابوو قەلەڕەشەکان بترسێنێ و لەو شوێنە دووریان بکاتەوە بەڵام ئەو کارەش هیچ سوودی نەبوو، قەلەڕەشەکان هەروا لەدەوروبەرمان بوون و چاوەڕوان بوون کە ئێمە ئەوێ بەجێ بێڵین و بێنەوە سەر تەرمەکان. دەروێش گوتی تەنانەت ڕێوییەکیشی دیتوە کە لەو شوێنە بووە.

لە سەر چۆکان دانیشتبوو، دڵی نەدەهات ئێرە بەجێ بێڵێ. دەردی ئەو ئێعدامی محەممەدی کوڕی نەبوو. دەردی ئەو شتێکی دیکە بوو. ژانی دەروێش ئەو چەند تەرمانە بوون کە بەدەرەوە بوون. نەیدەتوانی ئەو هەموو "محەممەد"انە هەروا بەجێبێڵێ و بڕوا. هەموویان بۆ ئەو محەممەد بوون. بۆ منیش هەموویان زیندانی سیاسی بوون کە ئێعدام کرابوون و بەبێشەرمانەترین شێوە تەرمەکانیان لەوێ بەجێ هێشتبوون.

بەڵام لە نێوان هەستی من و هەستی باوکێك کە ڕۆڵەیەکی قارەمانی بە دەستی خۆی دوور لە کەسوکار و شوێنی لە دایك بوونی دەنێژێ جیاوازییەکی زۆر هەبوو. ئەمنیش بە تەواوی هەستم بەوە دەکرد، بەڵام هەڵاتن "لەو شوێنە سامناکە، و خۆدەربازکردن لەو بۆنە ناخۆشە و ڕاکردن و نەدیتنی قوڵکی چاوی بەتاڵ، لووتی شکاو ڕەش و هەڵمساوە و ئێسقانی دەم و چاو کە بە دەنووك و دەمی حەیوان گۆشتیان لێ کرابۆوە"، بۆ من بەر لەهەموو شتێك بوو.

لانیکەم ئەمن لە ترس و گوشاری ڕەوانیی و لەو هەموو سەنەد و بەڵگەی جینایەتەی کە لەو شوێنە بوو لەلای خۆم ڕوونکردنەوەیەکم هەبوو، دەمگوت، مرۆڤ کە مرد تەنیا شتێکی بێگیانە و فەرق ناکا کە جەستەی چۆن لەنێو بچێ، "بە ئاوی دەریایدا بدەی، لە قوڵکی ڕۆکەی و یا حەیوان بیخۆن و لەت و پەتی بکەن."

بەڵام بۆ پیاوێکی کۆست کەوتووی وەك مام دەروێش بەو هەموو باوەڕ و ئیمان و دیندارییە و بەو داب و نەریت و کلتوورەی کە لە گەڵ خۆی هەڵی گرتبوو بۆ کەسێك کە هیچ ترس و خۆفی لە دەروونیدا نەبوو لە هیچ هێز و قودرەتێك نەدەترسا، ئەو تەرمانەی دەوروبەری تەنیا مردوویەکی بێگیان نەبوون، ئەوان شتێکی سادە نەبوون. ئەوان دەبوو بپارێزرێن تا مەولوودەکانی دیکەش خاکی پاکی ئەوان لە باوەش بگرن. ئەوان مانای ژیان بوون کە دەبێ بن تا لە داهاتوودا ببنە خاڵێکی ڕەش بە ناوچاوو بەرۆکی کۆماری پڕلە درۆ و سەرمایەی ئیسلامیی ئێرانەوە.

ئەو بڕیاری خۆی دابوو بۆشی گرنگ نەبوو ئەمن چ بڕیارێك دەدەم. ڕاست بۆوە، ڕوخساری ڕەش داگیرابوو دەم و چاوی بایان کردبوو، ڕقی لە ئاسمان و زەویش هەستابوو و ناوچاوانی ئاگری لێ دەباری. دڵنیا بووم کە ئەو ڕق و نەفرەتە منیشی گرتبۆوە. هاتە پێش و بەرامبەر بە من ڕاوەستا، ئیدی دەنگی وەك جاری پێشوو نەمابوو، شێوەی دەنگی بە تەواوی گۆڕابوو، گوتی: "داوای لێبووردن لە جەنابت دەکەم، زۆرم ئازار دای، خوا چاکەت بداتەوە، ئەتۆ بڕۆ، ئەمن دەمێنمەوە تا ئەو چەند تەرمانەش بە خاك نەسپێرم لێرە ناڕۆم."

ئەوە ئەو وشانە بوون کە لە دەمی هاتنەدەر. بەڵام ئەمن لە وشەکانی ئەو شتێکی دیکەم هەست پێ کرد. (بڕۆ لاچۆ ئەتۆش هەر وەك ئەوانەی ئەو جینایەتەیان کرد وای، جیاوازیی تۆ و ئەوانەی کە ئەو گیان بەختکردووانەیان لێرە هەڵڕشتوون چیە؟ خۆ ئەوانیش هەر ئاوا تەرمەکانیان فڕێ داون و ڕۆیشتوون؟ ئەتۆش دەتهەوێ ئەو کارە بکەی، بڕۆ لەبەرچاوم ون بە). نێوشانی ڕاتەکاندم و گوتی تەندروستیت باشە؟ باشتر وایە کە بڕۆی وادیارە خەریکە حاڵت تیك دەچێ.

ئارەقەیەکی سارد هەموو لەشی داگرتبووم، شەرمم دەکرد، هەرچەند بەزمان هیچی نەدەگوت، بەڵام ئەو بە قووڵی بیری لێ کردبۆوە. بەڵێ چ جیاوازییەك لە نێوان من و ئەو پاسدارەی کە ئەوانەی لێرە هەڵڕشتبوون و ڕۆیشتبوو هەبوو، ئەوە نیە منیش دەمهەوێ ڕابکەم. خۆم پێ گوناحبار بوو، ڕووم نەبوو ڕوو لە دەروێش بکەم، دەور و پشتی خۆم چاولێ کرد، پێم وابێ زیاتر لە ١٥ تەرمم لە دەور و پشت بوون. کاتێك تازە لە ڕێگاوە دێی، بە تەواوی بۆت هەڵناسەنگێندرێ دەوروبەرت چ باسە. بەڵام بۆ کەسێکی وەك من کە ٣ کاتژمێر بوو لەوێ بووم، دەمزانی کە ئەوانە تەرمن و تەنیا چەند مشتە خۆڵێکیان لەسەر دەم و چاوە و ئەوەش وای کردوە کە هێندێك بە ناخۆشی دەوروبەر هەڵبسەنگێنی.



بەڵێ ئەوانە ئازیزانێك بوون کە نازانم تا چ ڕادەیەك لە ژێر ئەشکەنجەدا خۆڕاگرییان کردوە بۆ ئەوەی گیانی سەدان کەسی دیکە ڕزگار بکەن، بەڵام ئەوانە خۆیان کردە قۆچی قوربانی بۆ پاراستنی کەسانیتر و ئێرەیان هەڵبژارد. یەکەم تەرم سەرنجی ڕاکێشام، لاقەکانی بەدەرەوە بوون و هەموو بەشەکانی دیکەی لەشی لە ژێر مەترسیدا بوو، بێقسەکردن چوومە لای چەپی تەرمەکە، وەك دەرویش مەولوود دەستەکانم پاك کردنەوە و تاوم دایە پاچەکە، بەڵام دەروێش بە دەستە بەهێزەکانی پاچەکەی لە دەست دەرهێنام و بێقسەکردن دەستی بە هەڵقەندنی عەرز کرد.

ئیدی ئێستا لێی ڕوون بوو کە منیش لە لای دەمێنمەوە، دەروێش پیاوێکی ٥٠ ساڵە بوو، وەك شێر دەیگوڕاند، تەرمەکانی دەپێوان و بە قەد درێژیی تەرمەکان عەرزی هەڵدەقەند، تەنانەت کاتێك زانی کە دەستەکانم چیدی توانا و هێزی ئەوەیان نیە کە گڵ و خۆڵەکە فڕێدەنە دەر پێمەڕەکەی لێ وەرگرتم. عەرز هەڵقەندن و فڕێدانی گڵ و خۆڵەکە زۆر ئاسان بوو، گرفتی ئێمە گوازتنەوەی تەرمەکان بوو، لە کاتی هەڵگرتن دا بەشێك لە لەشیان هەڵدەوەری و بەجێ دەما، ئەوەش بەڕاستی بۆ من عەزاب هێنەر و پڕگرفت بوو. ئەو جلوبەرگەی لەبەریان دابوو جلوبەرگی ناوچەی خۆیان بوو، هیچ تەرمێکم نەدی کە جلوبەرگی تایبەتی بەندیخانەی لەبەردا بێ. دەروێش مەولوود لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەو تەرمانە ٣ ڕۆژ دوای ئێعدام کردنیان بۆ ئێرەیان ڕاگوێزتوون، لەبەر ئەوە هیچ قەترە خوێنێك لەسەر عەرز نەبوو.

لە سەر ئەو باوەڕم کە تەنیا حەیوانێکی کە هاتبێتە نێو ئەو "گۆڕستانە بە کۆمەڵە" ئەو ڕێوییە بێ کە دەروێش دیتبووی. ڕەنگ بێ ئەگەر حەیوان و پەلەوەری دیکە ئەو گۆڕستانەیان دۆزیبایەوە ئێمە چاومان بە هیچ تەرمێك نەکەوتبایە، ڕێوی هەوڵی دابوو کە گۆشتی لاق و ڕانی تەرمەکان بخوات، دەروێش دەیگوت ڕێوی لە ئینسان دەترسێ، هەر بۆیەشە نەیوێراوە تخوونی دەم و چاویان بکەوێ و چاویان لێ بکا، ئەگەریش سەر و دەم و چاوی تەرمەکان وەکوو خۆشیان نەمابن ئەوە قەلەڕەشەکان ئەو کارەیان کردوە چۆن قەلەڕەشە زۆر بێشەرمن.

هەر تەرمێك ١٠ تا ١٥ گوللەی لێ درابوو، بەشی هەرە زۆری گوللەکانیان لە سینگ و مل درابوون، هیچ کام لە تەرمەکان گوللەی کۆتاییان لە سەری نەدرابوو، ئەوەش نیشانی دەدا کە کوژراوەکان یەکجار زۆر بوون و کاتی ئەوەیان نەبووە گوللەی تەواوبوونیان لێبدەن. لە نێو تەرمەکاندا تەرمی هیچ ژنێك بەرچاو نەدەکەوت.

ئێمە بۆ ئەوەی کە ئەندامانی لەشی ئەو ئازیزانە لێك بڵاو نەبن و بە تەواوی بیاننێژین لە جلوبەرگی خۆیانمان کەڵك وەردەگرت. ئەو جلوبەرگانەی کە لەت و پەت و دڕاوبوون، لێکمان گرێ دەدان و تەنانەت جارجار بە داوە بەن و هەودای پساوی لیباسەکان کە دەمان دیتنەوە، لێکمان دەدروونەوە. لە کاتی پێچانەوە و ناشتندا بەشێك لە لەشی ئەو خۆشەویستانەمان دەدی و جێگای سووتاو و زەربەی شەلاق و قامچییان لەسەر لەش دیار بوو، هێندێك لە زامەکانیان ئی کۆن بوون و بەشێکیان لە کاتی ئێعدامدا بریندار کرابوون و جێبرینەکانیان نوێ بوون. بەشی هەرەزۆریان شوێنێکی لەشیان شکابوو یەکێك لەوان کەللەسەری بە قەوارەی یەك ئینج قووڵ ببوو، ئێسقانی دەستی زۆربەیان شکابوون، مام دەروێش دەیگوت: ئەوە لە کاتی بارکردن و هەڵڕشتندا دەستیان شکاوە. دەم و چاوی چەند کەس لەو ئازیزانە تا ڕادەیەك وەك خۆیان مابۆوە و ئەگەر لەوکاتەدا کەس و کاریان چاویان پێ کەوتبایەن بەباشی دەیان ناسینەوە.

ئەوەی کە زۆری کات گرتین لاقی لاوێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵان بوو، لاقەکانی زۆر سەیر لێك بڵاو ببوون، بە هیچ شێوەیەك لە گۆڕەکەدا جێگای نەدەبووە لەگەڵ دەروێش بە تەواوی بێدەنگ و هیوابڕ ببووین، ئێستا بە تەواوی من و دەروێش بیر و فکری یەکترمان دەخوێندەوە، چاومان لێك کرد و هەڵوێستەیەکمان کرد و جارێکیتر چاومان لە چاوی یەکتر بڕیەوە. نەمان دەتوانی هەروا بەجێی بێڵین و ببێتە خۆراکی حەیوان و پەلەوەرەکان. وەك وەحشییانمان لێ هاتبوو، بێ ئەوەی وشەیەك بڵێین، هەروەکوو ئەو کەسانەی خەڵك ئەشکەنجە دەکەن، ئامبازی تەرمەکە بووین و بە هەردووکمان هێنامانە سەر کەلەکە و ئەوجار بە هەموو هێز و توانامانەوە پاڵمان بە لاقی ڕاستییەوە نا، چەند جارێك ئەو کارەمان دووپات کردەوە تا گوێمان لە وردبوونی ئیسکی لاقی بوو، ئێستا لاقەکانی جووت ببوون و توانیمان وەك ئەوانی دیکە لە گۆڕەکەدا بینێژین. دوای ناشتنی ئەو کوڕە گەنجە تاقەت و توانامان لەلەشدا نەمابوو، بەڵام لە جێدا هیچ تەرمێکمان لە دەرەوە چاو پێ نەدەکەوت. چەند کەسێك دوای نیوەڕۆ هاتن و یارمەتییەکی کەمیان کردین و بە پەلە ڕۆیشتن، بە خۆشییەوە لەو کات و ساتەدا، سەروسەکوتی پاسدار و چەکدارەکانی حکوومەت دیار نەبوو.

ئەوەش ئێمەی زۆرتر هیوادار کردبوو بۆ کارکردن، دەتوانم ئەوە بە دڵنیاییەوە بڵێم و هیچ شتێکی بە دوور لە ڕاستیم نەگوتوە کە ئەگەر بڵێم لە پاش نیوەڕۆ ڕا دەروێش مەولوود هەر بە نیوکاتژمێر گۆڕێکی لە قەراخ تەرمەکە هەڵدەقەند و پاشان تەرمەکەی لەنێو گۆڕەکە داویشت و سەری دادەپۆشی.

چاوی بە تەرمی هەر لاوێك کەوتبایە بە شێوەیەکی کوردانە دەیگوت: دایکت بمرێ ڕۆڵەگیان، ئەوەندە لاوە پێم وانیە زەماوەندی کردبێ، هەر دوو دەستی بەرز دەکردنەوە و دەیگوت: خوایە ئەگەر ئەو زوڵمە قەبووڵ بکەی ئەمن خوایەتیی تۆ قبووڵ ناکەم.

کاتژمێر نیزیك بە ٨ی شەو بوو، ئیدی هەردووکمان ڕەزایەتمان دا کە بگەڕێینەوە. پاچ و پێمەڕەکەمان هەر لەوێ بەجێهێشتن، بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش ئەو کارە بکەن. لە کاتی گەڕانەوەدا هەوڵم دەدا کە ڕێگاکەی پێنیشان بدەم کە جارێکی دیکە چۆن بگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕستانە، مام دەروێشی دڵ بریندار، ڕووی تێ کردم و گوتی خۆت سەخڵەت مەکە، ڕەنگ بێ ڕێگای ماڵی خۆمانم لێ ون بێ، بەڵام دڵنیا بە ئەو ڕێگایە قەت ون ناکەم و لەبیرم ناچێتەوە.

لەبەر ئەوە دەزانم دایك و خوشك و ژنی ئەو ئازیزانە هەن و ڕەنگ بێ ئەو نووسراوەیە بخوێننەوە، نامهەوێ لەوە زیاتر تووشی ئازاریان بکەم و دڵیان زامدار بکەم.

لە کۆتاییدا ئەوە بەشێکی زۆر کەمە لەو ڕاستییانە کە چاوم پێیان کەوت و تا ئێستاش بەشێکی زۆرم لە مێشك دا ماوەتەوە کە قەت لەبیری ناکەم، بەڵام ناچار بووم سانسۆری بکەم.

**نووسینی: موزەفەر**

***بەرزتر بێ یادی گیان بەختکردوانی ڕێگای ئازادی***

***خەرمانانی ١٣٨٤ی هەتاوی.***

***محەممەد حوسێنی یا ڕەحمانی کوڕی مەولوود ناسراو بە حەمە مەولوود خەڵکی لۆن ساداتی ناوچەی بێڵەواری کامیاران، پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ڕێکەوتی ئێعدام خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، شوێنی ناشتن گوڵزاری خاوەران***

***٢٠٠٦/٨/١٠***

# باسێك لەسەر چەمكی هاووڵاتیبوون

## وتووێژ لەگەڵ رامین جەهانبەگلوودا

(بەشی سێهەمو كۆتایی)

وەرگێڕان: حامید ئەردەڵان

**رامین جەهانبەگلوو لە ناو كۆڕو كۆمەڵە رووناكبیرییە ئێرانیو رۆژئاواییەكاندا ناوێكی ناسراوە. جەهانبەگلوو بە روونكردنەوەی رێكوپێكو سادەی چەمكە ئاڵۆزەكان، بەناوبانگە. دەیانو بگرە سەدان وتووێژی وی لەگەڵ گەورە بیرمەندانو فیلسووفانی ناسراوی جیهانی بە زمانەكانی فەرانسەویو فارسی بڵاو بوونەتەوە. ئەم وتووێژەی لەبەر دەستتان دایە، لەمەڕ چەمكی هاووڵاتیبوون لەگەڵ جەهانبەگلوو كراوە كە بە شێوەی نامیلكەیەكی چكۆڵە، (وێڕای هێندێك نامیلكەیتر كە باسی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە چەمكە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكانیان لە خۆ گرتووەو لە بنەڕەتدا بە نیازی فێركاریی رێك خراون) لە لایەن دەزگای بڵاوكردنەوەی "اگر"ەوە چاپو بڵاو بۆتەوە.**

**پ: یانی ئەگەر ئێمە مافو بەرپرسایەتییەكانمان وەك هاووڵاتییەك لەبەرچاو نەگرین ئەو تێكنۆلۆژییەی دەتوانین كەڵكی زۆری لێوەربگرین، دەبێتە دوژمنمانو دەبێ هۆكارێك بۆ تێدا چوونمان.**

و: بەڵێ. چونكە تێكنۆلۆژی خۆ، نەفسو ئەخلاقی نیە. من پێم وایە تێكنۆلۆژی شێوەیەك ژیان لەگەڵ جیهانە. دەی ئەو شێوە ژیانە لەگەڵ جیهان خۆ ئەخلاقی نیە. بەڵكوو پێویستی بەوە هەیە كە هاووڵاتییانی كۆمەڵگا بە ئەخلاقی مەدەنیی خۆیان، بەرزەفتی بكەن. لێرەدا رۆڵی هاووڵاتیبوون، چ لە ئاستی نەتەوەییو چ لە ئاستی جیهانیدا گەلێك گرینگ تر بووە. ئێوە ناچارن كار بە تێكنۆلۆژی بكەنو نەهێڵن ببێ بە دێوەزمەیەكی ئەوتۆ كە مرۆڤ لە ناو ببا. بۆ نموونە هەر مەسەلەی خێرایی "سرعت" لەبەرچاو بگرن. تێكنۆلۆژیی نوێ، دەرەتانی خێرایی بۆ رەخساندووین، لە هەموو بوارەكاندا چ لە فڕۆكەو چ لە ئۆتۆمبیلو ...دا ئەو دەرەتانە رەخساوە بەڵام هەر ئەو خێرایییە مەترسیی مەرگو نەمانیش لەگەڵ خۆی دێنێ. كەواتە تۆ وەكوو شۆفێر، فڕۆكەوان، بەرپرسی بورجی كونترۆڵ یان شتی لەم دەستە، لەبەرانبەر خێرایی هەندێك بەرپرسایەتیی تایبەتی هاووڵاتی‌دای كە لە بەرپرسایەتییەكانی دەوڵەت لەو بوارانە گرینگ ترە. دەوڵەت ئەركی یاسادانانی لە ئەستۆیە. بەڵام هاووڵاتییان، ئەو ئەركەیان لەسەر شانە، ئەم یاسایانە بەڕێوە ببەنو رێزیان بۆ دابنێن.

**پ: ئەی ئەگەر یاساكان خۆیان گرفتیان هەبێ چی؟**

و: بەڵێ ئەو باسە كە ئەمڕۆكە لەناو بیرمەنداندا بووە بە باسێكی زۆر گرینگ. ئایا ئەگەر یاساكان دژە مرۆڤ و دژە هاووڵاتیش بن، دیسان دەبێ رێزیان لێ بگرین؟ لێرەشدا ئەركو بەرپرسایەتیی هاووڵاتیبوون، رۆڵێكی زۆر گرینگی هەیە. بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ یاسای لەم چەشنە رێگای جۆراوجۆر پێشنیار كراون. بەڵام دەبێ وریا بین رێگای توندوتیژی هەڵ نەبژێرین.

**پ: كەواتە دەكرێ بڵێین هاووڵاتیبوون لە كۆمەڵگای نائازاد دا، مومكین نیەو لەم كۆمەڵگایەدا مافو بەرپرسایەتییەكان پەروەردە نابن.**

و: بەڵێ وایە. لە كۆمەڵگایەكی داخراودا چەمكی هاووڵاتیبوون دوای ماوەیەك دەمرێو دەبێ بە كۆیلەتی. هەر بۆیەش ئەو كۆمەڵگایە ناتوانێ ببێ بە كۆمەڵگایەكی بەختەوەر. چونكە ئێوە كۆیلەتان هەیە، نەك هاووڵاتی. هاووڵاتییان ئاگاداری مافەكانی خۆیان هەن. دەزانن بۆ هاووڵاتیینو دەزانن وەكوو هاووڵاتیی چ مافێكیان هەیەو دەزانن بۆ بەرگری كردن لە مافی هاووڵاتیبوونیان دەبێ لە چ دامەزراوەگەلێك كەڵك وەربگرن.

**پ: ئێستا هەندێك پرس هەن كە هەڕەشە لە هاووڵاتیبوون دەكەن. لە جیهانی كۆندا گەورەترین بەرهەڵستكارانی مافی هاووڵاتیبوون، دەسەڵاتدارەكان بوون. بەڵام ئێستا جگە لە دەسەڵاتداران، هەندێك هۆكاری تریش دەكرێ لەگۆڕێ دابن. بۆ نموونە تەلەفیزیونو میدیاكان كە بە پڕوپاگەندەی بەربڵاوی خۆیان دەتوانن شوێن لەسەر هاووڵاتییان دابنێن.**

و: ئەمڕۆكە جیهان، هەندێك تایبەتمەندیی هەن كە بەر لەمە هەرگیز نەیبوون. ئەو تایبەتمەندییانە بریتین لەو توانستە تێكنۆلۆژیكانەی بوونەتە هۆی وەدیهاتنی گۆڕانكارییەكان. ئەمڕۆكە بە سانایی دەتوانن هاووڵاتییان بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانو مێشكیان بشۆنەوە. ئەمڕۆكە بەهۆی بە جیهانیبوونی ئابوورییەوە، دەتوانین لە شوێنە جۆراوجۆرەكانی جیهاندا شركەتی چەند میللییەتی دابمەزرێنن.

**پ: مەبەستت ئەوەیە دەتوانن مرۆڤەكان پاسیڤ تر بكەن؟**

و: بەڵێ پاسیڤیان بكەنو هەندێك داخوازییان بۆ دروست بكەن كە ئەم داخوازییانە لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاو لە ژیانی ساكاری خۆیان نەبێ. بۆ نموونە هیچ پێویستییەك لەگۆڕێدا نیە كە هەموو یەك جۆرە خواردنەوە بخۆنەوە یان هەموو بە شێوەیەك لیباس لەبەر بكەنو ... ئەوانە دەبێ بە هەڵبژاردنی تاكەكەسی مرۆڤەكانەوە ببەسرێتەوە. بەڵام دەسەڵاتی میدیا ئەو ئیمكانە بۆ ئێوە پێك دێنێ هەتا بتوانێ داخوازی وەك یەك دروست بكەن.

**پ: لەهەندێك حاڵەتدا، هاووڵاتی بە تەنیا ناتوانێ كارێك بكا و هیچی لە دەست نایە لەم كاتەدا دەبێ چ بكا؟**

و: پێكهێنانی دامەزراوەو رێكخراوەی جۆراوجۆرو ئەندامەتی لەم دامەزراوەو رێكخراوانەدا، یەكێك لەم رێگایانەیە.

**پ: كەواتە لە باسی هاووڵاتیبووندا، رۆڵی رێكخراوە نادەوڵەتییەكان گرینگە؟**

و: چاو لێبكەن، مانەوەی سیاسیی كۆمەڵگا بەستراوەیە بەم شێوە رێكخراوسازییانە. ئەگەر ئەم رێكخراوسازییانە نەبن، كۆمەڵگا ناتوانێ پەروەردە بێ. تەنانەت هەندێك لەم NGO یانە رۆڵی بان ـ نەتەوەیی و بان ـ دەوڵەتی دەگێڕن. هەندێك لەم رێكخراوانە لە ئاستی تاقە میللەتێكدا هەڵناسوورێن. ئەوانە بۆ گشت مرۆڤایەتی كار دەكەن.

**پ: جاری وا هەیە لە وڵاتێك لە چوارچێوەی نەتەوەییدا، هاووڵاتییانی ئەم وڵاتە مافو بەرپرسایەتی تایبەتیان بۆ دابین كراوە، بەڵام هەر ئەو وڵاتە هێرش دەباتە سەر شوێنێكیترو لەوانەیە مافی هاووڵاتیبونی هاووڵاتییانی ئەوی بخاتە مەترسییەوە، بەبێ ئەوەی لەناو وڵاتی خۆیدا گرفتێك ساز بێ، ئەم گرفتانە چۆن چارەسەر دەبن؟**

و: ئەوە رێك دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسایەتیی جیهانیی هاووڵاتیبون. ئێوە لەشەڕی عێراقدا بینیتان كە بزووتنەوەیەكی دژە شەڕی زۆر بەگوڕ وەڕێ خراو جڤاتە جۆراوجۆرەكانی ئورووپاییو ئەمریكایی بەشدارییان تێدا كرد.

**پ: بۆچی بزووتنەوەی لەم چەشنە ساز دەبن؟**

و: لەبەر ئەوەی تاكەكان وا هەست دەكەن بەرپرسایەتییەكان لە سنوورێكی چكۆلەو داخراوی وەك ئینگلستان یان فەڕانسە یان ئەڵمان دا كورت نابێتەوە. ئەوان بیر لەوە دەكەنەوە ئەگەر ئێستا ئەم بزاڤانە بەڕێوەنەبەن تەنانەت لەوانەیە بۆخۆشیان دواتر تووشی ئەم مەترسییانە ببنەوە. كەواتە بەرگری كردن لە هەندێك پرەنسیپی هاووڵاتیبوون گرینگە. چونكە هەر لە جێدا مانەوەی هاووڵاتی خۆی لە مەترسیدایە. واتە كاتێك هاووڵاتی ئێرانی دەكەوێتە مەترسییەوە، هاووڵاتیی ئەمریكاییش دەكەوێتە مەترسییەوەو پێچەوانەی ئەوەش هەر ڕاستە.

**پ: بەبڕوای ئێوە بۆ هاووڵاتییانی لاوی ئێرانی كە دەیانهەوێ هاوكات هاووڵاتیی جیهانیش بن، گرینگترین بەرپرسایەتییەكان كامانەن؟**

و: من پێم وایە تێگەیشتن لە میراتی نەتەوەییو تێگەیشتن لە میراتی جیهانی گرینگترین شتەو پاراستنی ژینگەش هەر لە ڕیزی ئەم باسانە دایە.

**پ: چۆن؟**

و: واتە ئێوە لە بەرانبەر شوناسی خۆتاندا خەمسارد نەبن. دەبێ تەواو ئاگاداری ئەوە بن ئێرانی بوون یانێ چی [دەبینین كە رامین جەهانبەگلووش وەك زۆربەی رووناكبیرانی ئێرانی هەر بەتەنیا باسی شوناسی هاوبەشی ئێرانییەكان دەكاو تەنانەت ئاورێكی خێراش لە شوناسی جیاوازی گەلانی ئێرانو هەر لەبنەڕەتدا ئاورێك لە بوونی ئەم گەلانە ناداتەوە. وەرگێڕ] ئاگاداری ئەوە بن كە مرۆڤ بوون لەسەدەی بیستو یەكەم دا یانێ چی؟ و هەركام لەو رۆڵانە چ بەرپرسایەتییەكمان بۆ بە دیاری دێننو ئێمە ئەركمان چیە. ئێمە دەبێ بیر لەوە بكەینەوە چۆن دەتوانین لە دنیای ئەمڕۆدا ئێرانی بین. ئێمە دەبێ هەم ئێرانی بوونی خۆمان بناسینو هەم ئەركەكانی هاووڵاتیبوونمان لە بەرانبەر چاكتر كردنی كۆمەڵگایەكی وەك ئێران بناسین. [ لە روانگەی جەهانبەگلووـ وە ئێمە دەبێ بەباشی ئاگاداری شوناسی خۆمان و شوناسی جیهانی بین بەڵام بۆ نموونە كوردێك یان توركێك كە لە ئێراندا دەژی، دەبێ چ ئاگادارییەكی لە شوناسی كوردی یان توركیی خۆی هەبێ، پرسیارێكە كە لێرەدا سڕدراوەتەوە. لەمەوە زۆر باش بەو راستییە دەزانیین كە تەنانەت جاری وایە لە وڵاتانی وەك وڵاتی ئێمەدا، قێركاری چەمكی هاووڵاتیبوونیش، هەڵگری هەندێك باسی دژی خودی چەمكی هاووڵاتیبوونە. ئێمەی كەمە نەتەوە تەنانەت لەو جێگایانەدا كە باسی بایەخەكانی هاووڵاتیش لە مافی مرۆڤ دەكرێ، بۆ بەشداربوون لەو مافانە هەڵاواردە دەكرێن. وەرگێڕ]

**پ: ئەی لەبەرانبەر كۆمەڵگای جیهانیدا؟**

و: من پێم وایە ئەو دووانە بەیەكەوە دەچنە پێش. تۆ كاتێك دەتهەوێ خۆتو بیرت لە ئاستی جیهانیدا پەروەردە بكەی، جا چ لە رێگای ئینترنێتەوە بێ، لە رێگا خوێندنەوە یان سەفەر كردنو ... هتدەوە بێ، هەرچی شوناسی قەومیی خۆت باشتر بناسی، چاكتر دەتوانی لە ئاستی جیهانیدا ڕای بنێیو بڵێی من لە ئاستی جیهانیدا نوێنەرو ناسێنەری ئەم شوناسەم. بەبڕوای من ئەوە گرینگترین ڕۆڵێكە كە هاووڵاتیی ئێرانی دەتوانێ بیگێڕێ. چۆن دەتوانێ ئەم ڕۆڵە بەڕێوە ببا؟ لە پلەی یەكەمدا دەبێ ڕێز بۆ ئەو هاووڵاتییە ئێرانییانە دانێ كە لە پاڵ ئەو دا دەژینو پێكڤە ژیانێكی ئاشتییانەی لە گەڵیاندا هەبێو هەروەها لە جیاتی ئەوەی خۆویستانە هەر بە تەنیا لە بیری بەرژەوەندییەكانی خۆیدا بێ، بەرژەوەندییە جەمعییەكانیش لەبەرچاو بگرێ.

**پ: كەواتە دەبێ لە كۆمەڵگا ئامادەبوون و بەشدارییەكی چالاكانەی هەبێ؟**

و: بەڵێ. بەبڕوای من بەشداریكردن گرینگترین هۆكارە. بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەم بەشداری كردنە، ناچارەكی هەر بەشداریكردنی سیاسی نیە بەڵكوو لەپلەی یەكەمدا بەشدارێكردنی ئەخلاقیو دوایەش بەشدارێكردنی مەدەنییە. واتە بەشداریكردنی رۆژانە لەهەموو ئاستەكانی ژیاندا وەك قوتابخانە، بنەماڵە، شوێنی كارو ...

**پ: ئێوە چۆن دەڕواننە داهاتووی چەمكی هاووڵاتیبوون ؟**

و: من پێم وایە داهاتووی هاووڵاتیبون پێوەندییەكی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ پەرەگرتوییو لەگەڵ ئەو دۆخەی كۆمەڵگا دەیبێ. ئێمە لە گوندێكی جیهانی دا دەژینو جیهانەكانمان خەریكە لێك نێزیك دەبێتەوە. نزیكبوونەوەی نەتەوەو فەرهەنگە جیاوازەكان، كاردەكاتە سەر هەموویان. ئەو كارتێكردنە لە هەندێك لایەنەوە شتێكی باشەو لە هەندێك لایەنەوە دەتوانێ خراپ بێ. داهاتووی هاووڵاتیبوون داواكاری ئەوەمان لێدەكا كە هەمووی ئەو كەسانەی لە شوێنە جۆراوجۆرەكانی جیهاندا دەژین ـ نەك هەر بە تەنیا ئێرانییەكان ـ بتوانن لە هەموو ئەزموونە ئیجابییەكانی هاووڵاتیبوونی خۆیان كەڵك وەرگرن، وێڕای ئەوە بتوانن مەدەنییەتی خۆیانو چۆنیەتی روانینیان بۆ هاووڵاتیبوون فێری یەكتر بكەن. بەبڕوای من داهاتووی هاووڵاتیبوون لەم وتووێژە جیهانییەدا بیچم دەگری. بۆ؟ چونكە هەروەكوو باسم كرد بەرپرسایەتیی ئێمە ئیتر هەر بە تەنیا بەرپرسایەتیی نەتەوەیی نیە بەڵكوو بەرپرسایەتیی جیهانیشە. لە هەندێك بابەتدا ئێمە دەبێ بەیەكەوە بڕیار بدەین، ئێمە ناتوانین پاسیڤ بین، دەبێ چالاكو هەڵسوور بین.

**پ: بەڵام وا دێتە بەرچاو بۆ ئامادە بوون لەم وتووێژە جیهانییەدا ئاگادار بوونو بەشداریی چالاكانە پێویستە.**

و: راستە لە كۆمەڵگایەكی داخراودا نە دەكرێ هاووڵاتییەكی چالاكمان هەبێو نە دەكرێ بچینە ناو وتووێژێكی جیهانیشەوە. كۆمەڵگای داخراو پەنجەرەكانی بەرەورووی جهاندا داخستوو.

**پ: بۆ ئەوەی پەنجەرەكان بكەینەوە دەبێ شتێكمان بۆ ڕانان پێ بێ؟**

و: تەواو راستە. هەروەها دەبێ وریابین تۆفانەكان خانووەكانمان هەڵنەتەكێنین.

**پ: واتە واش نەبێ كە ئیتر ئێرانی نەبین.**

و: بەڵێ. پێداویستیی ئەمە، بەهێزتر بوونی هاووڵاتیبوونی ئێمەیە.

**كاتێك دەتهەوێ خۆتو بیرت لە ئاستی جیهانیدا پەروەردە بكەی، جا چ لە رێگای ئینترنێتەوە بێ، لە رێگا خوێندنەوە یان سەفەر كردنو ... هتدەوە بێ، هەرچی شوناسی قەومیی خۆت باشتر بناسی، چاكتر دەتوانی لە ئاستی جیهانیدا رای بنێیو بڵێی من لە ئاستی جیهانیدا نوێنەرو ناسێنەری ئەم شوناسەم.**

دریژەی

# قوربانییانی جەهل و نەزانی

و لەگەڵ رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان و WHO world health organization و لە زۆر رێكخراوی ناحكوومی (NGO) و فیمینستییەكان بۆ مافی لەدەست چووی ژنانی ئەو ناوچانە دەستیان داوەتە هێندێك كاری بەپەلە. بۆ نموونە لە رێكخراوەكانی RAINBO, NOCIRC, PRB TOSTAN, FGC, WOWORC, PRB و سەدان ئورگان و رێكخراوی ناحكومیی دیكە خەبات بۆ نەمانی خەتەنەی ژنانیان كردۆتە سەرفەسڵی كاری خۆیان و، هەوڵی جیددی بۆ دەدەن. تەواوی كارناسان، كۆمەڵناسان و دەروونناسانی پسپۆر لەو بارەیەوە لەسەر ئەو باوەڕەن كە خەباتەكە نابێ تەنیا بە شێوەی فیزیكیو ترسان لە گیروگرفتی قەزاییەو بێ، بەڵكوو لەپەنا ئەو سەخت گرتنانەو بەرێوەبردنی یاسا و لەبەرچاو گرتنی سزای قورس بۆ سەرپێچیكەران و سزادانیان بە پارەیەكی زۆر، دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ گۆڕینی بیروبۆچوونی خەڵك. بە وتەی "مارتا سانتوز یاز" سەرۆكی بەشی لێكۆڵینەوەی یونیسێف، بەرەوپێش بردنی ئامانجی رێكخراو، پێویستی بە ئاگاكردنەوەی یەك یەكی ئەندامانی كۆمەڵگا هەیە. یونیسێف لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجی خۆی دا پێویستی زۆری بە هاوكاری دەوڵەتان، كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و خەڵك هەیە تا لە ریشەوە ئەو فەرهەنگە بگۆڕێ و باوەڕەو چەوتەكان لە بیرو زەینی خەڵكدا بسڕێتەوە. لەم بارەیەوەش زۆری هەوڵ داوە، بوودجەی زۆری بۆ تەرخان كردوەو رێگەچارەی پێویستی دیتۆتەوە. رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بە هاوكاری زانایانی كۆمەڵناس و پسپۆرانی زانستی كۆمەڵایەتی لەسەر بیروباوەڕی خەڵكی ئەو ناوچانە كار دەكا، لە رێگای فێركردنی ژنانەوە رادەی ئاگایییان دەباتە سەر و، بەم جۆرە شێوەی ژیان و بیركردنەوەیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. گیروگرفتی دەروونی و جیسمیی منداڵەكانیان لەدوای خەتەنە كردن ئاگاداریان دەكەنەوە و قیزەونیی ئەو كارەیان بۆ روون دەكەنەوە. بەپێی بەرنامەیەك لەسەر بیروفكری پیاوانیش كار دەكەن تا ئەوانیش بە چاوی بوونەوەرێكی گرنگ لە ژنان بڕوانن و لەگەڵ پیاوان بە یەكسانیان بزانن. هەروەها چەند ئەنجومەنێكی فیمینیستی بە هاوكاریی رێكخراوەكانی لایەنگری مافەكانی مرۆڤ گەڵاڵەیەكیان لەبەر دەست دایە كە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە، بتوانن لە تەواوی وڵاتاندا لە هەر كابینەیەك دا وەزارەتێك بەناوی وەزارەتی ژنان دامەزرێنن بۆ ئەوەی بتوانن زیاترو باشتر بە گیروگرفتەكانی ژنان رابگەن و پارێزگاری لە مافەكانیان بكەن.

*(*) بە بڕوای من ئەم بۆچوونەی نووسەر راست نیە، رەنگە ئەوە راست بێ كە پێشینەی ئەم كردەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش لە ئایینی ئیسلام، بەڵام ئەوەی راستی بێ هەتا ئێستا ئەم كردەوە دزێوە زیاتر لەناو پەیڕەوانی ئایینی ئیسلامدا هەبووەو دژایەتیی كردنیش لەلایەن گەورەكانی ئیسلامەوە یا هەر نەبووە یا زۆر بەكەمی بووە.* (وەرگێڕ)

**نووسینی: نووشین غەبرایی**

**ماڵپەری: اخبار روز**

# کێشەی کوردی باکووری کوردستان بەرەو چ ئاقارێك دەڕوا؟!

**سمایل شەرەفی**

ـ تورکیەو ئێران، بوونی هێزەکانی P.K.K یان لە ئێراق کردۆتە بیانووو بە هەموو توانایانەوە دەیانەوێ پەلاماری کوردستان بدەن.

ــ هێزەکانی P.K.K بۆ روبەروو بوونەوە لەگەڵ سوپای تورکیەو ئێران، خەریکی خۆپڕ چەك کردنن.

ــ پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوان ئێرانو تورکیە لەسەر پرسی کورد لە باکووری کوردستان رۆژ لەگەڵ رۆژ لە پەرەسەندن دایە.

ـ ژنراڵەکانی تورکیە بەردوام داوا لە دەوڵەتی وڵاتەکەیان دەکەن کێشەی P.K.K بە هێرش کردنە سەریان کۆتایی پێ بێنێن.

ئەم چەند سەردێڕەی سەرەوە کۆو پوختەی ئەو هەواڵو بابەتانەن کە لەم حەوتوویەو حەوتوی رابردوو دا، میدیاکانی کوردستان سەبارەت بە کێشەی دەوڵەتی تورکیەو پرسی کوردەکانی باکووری کوردستان بڵاویان کردونەتەوەو کەوتوونەتە بەر باسو خواس. کێشەی کوردەکانی تورکیە یان باکووری کوردستان، رۆژ لەگەڵ رۆژ بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار دەروا. بەشێوەیەك کە سەرنجی هەموو تاکێکی کوردی بۆلای خۆی ڕاکێشاوەو نیگەرانی کردوە.

دوو وڵاتی تورکیەو ئێران، هەرکام، بەشێك لە خاکی کوردستان، بە بیانووی جۆراوجۆر وەك بوونی هێزەکانی P.K.K لە نێو خاکی ئێرانو هەرێمی کوردستان بەردەوام پەرە بە دانوستاندنو دانیشتنەکانیان دەدەنو دژ بە کوردو کوردستان پیلان دارێژن. باڵوێزی ئێران لە ئانکارا دەڵێ کوردەکان پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیان لە بەردەست دایە، هاوپەیمانیی تاران ـ ئانکارا ئەم هەوڵە پووچەڵ دەکاتەوەو داوای بەرپەرچدانەوەی خێرای سەربازی دەکا.

کوردەکانی باشووری کوردستانو بەگشتی حکوومەتی هەرێمیکوردستانیش تا ئێستا وێرای مەحکوم کردنی ئەگەری هێرشی سوپای تورکیە بۆ ناو خاکی کوردستانو وێرای ئەوەیکە تا ئێستا چەندین جار گەورە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایانگەیاندوە کە بە هیچ شێوەیەك پەلاماری لایەنێك بۆ سەر خاکەکەیان قبوڵ ناکەن، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ئەو مەترسییە برەوینەوەو ئەگەری هێرشی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق بە تەاوی لە نێو بەرن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش لە لایەك وەك هاوپەیمانی سەربازی تورکیەو لە لایەکی دیکەوە وەك دۆستی کوردان تا ئێستاش جیا لە راگرتنو هێورکردنەوەی هەر دوولاو لێبڕاوانە قوڵی لە چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵنەماڵیوە.

وڵاتی تورکیە بەو تایبەتمەندییە سەربازییەوە کە هەیەتی تەنیا ئەندامی بە هێزی ناتۆیە لە ناوچەکەدا، بەلای ئامریکاییەکانەوە خاوەنی وەزنی خۆیەتیو لەولاشەوە کوردەکانیش بەو تایبەتمەندییە جوغرافیاییو حەشیمەتییەوە کە هەیانەو بەو متمانەو ئیعتمادەوە کە لە دوای شەڕی عێراق لە لایەن ئامریکاوە بۆ خۆیان وەدەستیان هێنا، لە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئامریکادا قورسایی تایبەتی خۆیان هەیە. ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئامریکاش بۆ خۆیان ئەم فورموولانە باش دەزانن هەر بۆیە تا ئێستاش بە جۆرێك لەگەڵ کێشەکان رووبەروو بوونەتەوە کە بە تەواوەتی لە قازانجی ستراتژیی خۆیان دایە. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە ئایا لە ئەنجامدا کێشەکان بەرەو چ ئاقارێك دەچنو راستیی مەسەلەکان کامانەنو نیەتە شاراوەکانی ئەم چەند لایەنەی باسمان کردن چین؟!

لە راستیدا کوردەکان بەتایبەت کە ئێستا باس لە کوردەکانی باکووری کوردستان دەکەین، لەوانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان ـ بە قەولی ئامریکاییەکان ـ هێندێك رێکاریناپەسەندیان رەچاو کردبێ، بەڵام کێشەکەیان کێشەیەکی رەوایە. کوردەکانیش بەپێی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بێئەملاو ئەولای خۆیانە نیشتمانی خۆیان هەبێو چارەنووسی سیاسیو نەتەوەیی خۆیان دیاری کەنو تەنانەت دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆشیان هەبێ. پوختەی کێشەی کوردو داواکانیان بەدەر لەمە نیە، تەنانەت ئەگەر باس لە نییەتی شاراوەی کورەکان بکەین، جیا لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی شتێکی دیکە نیە. ئەگەر بە نییەتی شاراوەی کوردەکانی دابنێن جیا لەوە شتێکی دیکە نیە کە بە هیچ شێوەیەکێش داوایەکی ناڕەواو نابەجێ نیە. بەڵام لایەنەکانی بەرانبەری کێشەکە، کە تورکیاو ئێران بن. نە تەنیا سیاسەتی ئاشکرایان دوژمنکارانەیە، بەڵکوو نییەتیشاراوەیان جیا لە پاکتاو وئاسمیلەکردنی کورد شتێکی دیکە نیە. بوونی هێزەکانی P.K.K بۆ تورکیەو ئێران ـ تەنیا بیانوویەکە بۆ کۆسپ خستنە بەردەم ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان. تورکیەو ئێران چاویان بەرایی دیتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نادا و پێیان قبول ناکرێ کە خاوەن دەسەڵاتی خۆی بێ.

ئەوان ترسی ئەوەیان رێ نیشتوە کە کوردەکانی باکوورو رۆژهەڵات ئەزموونی باشووری کوردستان بگوازنەوەو خۆیان چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرنو هەرشە بن لە سیاسەتی وڵاتەکەیان. دەرەنجامەکانی ئەم کێشەیەش بەستراونەتەوە بە فورموولە ناوچەییو نێونەتەوەییەکان:

دەوڵەتی تورکیە هەوڵی چوونە ناو یەکیەتیی ئوروپا دەدا، لە مەرجەکانی وەرگرتنیش باش ئاگادارە. هێندێك لە کاربەدەستانی دەوڵەتیش بەورد بوونەوە لە واقعیەکان لە بروایەدان کە تا ئێستا بە هەڵە رووبەرووی کێشەی کورد بوونەتەوەو پێویستیان بە بەخۆدا چوونەوەو رەخنە لە خۆ گرتنە، بەڵام سیستمی بەرێوەبەری وڵات لە تورکیە ئەو ئیزنە بە دەوڵەت نادا.

ئامریکاییەکانیش تا سەر ناتوانن لە سەفحەی شەترەنجەکە رامێننو بیر لە حەرەکەت دانی مۆرەکان بکەنەوە. لە وانەیە کات ئیزنی پێنەدا. چونکی لایەنگەلی بەدرەوشتی وەك ئێرانو سووریە لە پشت کێشەکانەوە خۆیان مڵاس داوە.

کەوابوو لایەنە پێوەندیدارەکانی ئامریکاو حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە رێگا چارەسەرێکی گونجاو بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشانە بدۆزنەوە. ئەم چارەسریەش تەنیا بە دانپێدانان بە واقیعەکانی هەرکام لە دوو لایەنی سەرەکی مسۆگەر دەبێ. واقیعیەتێك کە کورد لەم بەشە لە کوردستان کێشەی خۆی هەیەو ئیزنی پێبدرێ لە بەرێوەبردنی وڵاتو کاروباری ناوخۆیی خۆیدا بەشدار بێو بە هاووڵاتیی پلە دوو چاوی لێنەکرێ.

> **کوردەکانیش بەپێی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بێئەملاو ئەولای خۆیانە نیشتمانی خۆیان هەبێو چارەنووسی سیاسیو نەتەوەیی خۆیان دیاری کەنو تەنانەت دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆشیان هەبێ.**

# چیدی ناتوانین لە هەمبەر کێشەکانی هیچ گۆشەیەك لە جیهان، بێدەنگ بین

**سامان کۆنەپۆشی**




زۆربەی ئەو کاتانەی باس دێتە سەر هاتنی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناڤینو هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر دوو وڵاتی ئەفغانستانو عێراق، هۆکاری ئەم کارانەی ئەمریکا دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەم وڵاتە، یان بە واتایەکی دیکە بوونی نەوتێکی یەکجار زۆر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین دا. ئەوە کێشەیەکی لەسەر نیە کە یەکێك لە هۆکارەکانی هاتنی ئەمریکا بۆ ئەم دەڤەرە، راست بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەو وڵاتەیە. بەڵام وەك ئاماژەی پێکرا یەکێك لە هۆکارەکانە، نەك تاقە هۆکار.

ئەگر ئاورێك لە رابردوو بدەینەوە دەبینین کە، مێژووی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێك لەم چەشنە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، ئەگەڕێتەوە بۆ رووداوی یازدەی سێپتامبر. لە راستیدا رووداوی یازدەی سێپتامبرو هاتنە خوارەوەی بورجە دوانەکانی ئەمریکا وەرچەرخانێکی قووڵی لە ئیستراتژیی ئەم وڵاتەداو بە شوێن ئەویشدا سیاسەت و ستراتژیی وڵاتانی دیکەی دنیادا پێك هێنا، چونکا وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسیو ئابووریەکانی خۆیان، هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدان کە سیاسەتێکی هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی زلهێزەکان دا بگرنەبەر.

یازدەی سێپتامبر بوو بە هۆی راچەنینو بەخۆداهاتنەوەی جیهانی رۆژئاوا، کە لە نێو دنیای خۆشگوزەرانی خۆیدا ون ببووو چاوی توانای بینینی کێشەکانی شوێنەکانی دیکەی جیهانی نەبوو، لە هەمبەر ئەوەدا کە چیدی کاتێك جیهان بووە بە گوندێکی بچووكو مەسافەتەکان سڕاونەتەوە، ناتوانین چاومان لە هەمبەر کێشەکانی دراوسێکانمان دا ببەستین، چونکا ئەگەر هاتو ئەم کارەمان کرد رۆژێك لە رۆژان ئەم کێشانە دەبنە کێشەی ئێمەشو رووبەڕوومان دەبنەوە. تەقینەوەکانی ئەمریکا نیشانیان دا کە "لەدوای یازدەی سێپتامبرەوە جیهان لە هەموو کات بچووکتر"ەو ناشیرینییەکانی گۆشەیەك لە جیهان هەموو جیهان ناشیرین دەکاو دزێویی قوژبنێکی ئەم دونیایە هێمایە لە دزێویی هەموو دنیاو بوونی کێشەیەك لە هەرکام لە وڵاتەکانی ئەم عەرزەدا، کێشەی هەموو جیهانە. لە سەردەمی بەجیهانیبووندا چیدی کەس ناتوانێ لە ناو دنیای خۆیدا نوقم بێو کاری بە شوێنەکانی دیکەی جیهان نەبێ. چیدی هیچ کێشەیەك بە تەنیا کێشەی نێوخۆی وڵاتەکان نیە، بەڵکوو هەموو کێشەکان، کێشەیەکی جیهانینو بۆ چارەسەرو بەرەنگاربوونەوەیان پێویستیمان بە یەکگرتوویییەکی جیهانیو هەڵوێستێکی گشتیی جیهانی هەیە.

یازدەی سێپتامبری ٢٠٠١ بە هەموو جیهانی سەلماند کە ناتوانن لەهەمبەر کێشەی تێرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناڤین دا بێدەنگ بن، چونکا ئامادەیی تێرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناڤین دا هێمایە لە ئامادەیی ئەم دیاردەیە لە هەموو جیهان داو هەڕەشەکانی تێرۆریزم سنوورە وڵاتەکان دەبڕێتو هەموو جیهان ئەگرێتەوە. چونکا راستە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان لە باری فیکرییەوە لە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەو پێش دا ئەژین، بەڵام ئەوان توانای کەڵك وەرگرتن لە پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژییەکانیان هەیە، لە راستیدا بناژۆخوازە ئیسلامییەکان تووشی جۆرێك لە"دوگانگی شخصیتی" هاتوون، واتە لەباری فیکرییەوە لە سەدەی حەوتو هەشتی زایینیدا دەژینو هاوکات لەگەڵ فکری سەردەم دا ئاشنانو لە پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژییەکانی سەردەم کەڵك وەردەگرنو لەباری رێکخستنەوە لە یەکێك لە پێشکەوتووترین شێوەکانی رێکخستن کەڵکە وەردەگرنو...

ئەمریکا لەبەر ئەوە کە خۆی گەورەترین قوربانیی تێرۆریزم لە نێو وڵاتانی رۆژئاواییدا بووو لەگەڵ زامەکانی ئەم دیاردە دزێوەدا ئاشنا بوو، یەکەمین وڵاتی رۆژئاوایی بوو کە لەم راستییە تێگەیشتو هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەریدا دەربڕی، وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا بە تایبەتی ئورووپاییەکان، تا ماوەیەك هەر لە ناو جیهانی خۆیان دا نوقم ببوونو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان چاویانی لە هەمبەر ئەم راستییەدا بەستبوو، هەر بۆیە ئورووپاییەکان، تا لێدانی عێراقیش هەوڵیان دا لەبەرامبەر سیاسەتو ستراتژیی نوێی ئەمریکادا راوەستن، بەڵام تەقینەوەکانی لەندەنو ئیسپانیاو شوێنەکانی دیکە بوونە هۆی بەخۆدا هاتنەوەی ئەوانیشو پێیانی سەلماند کە چیدی تەنیا بەرژەوەندییە ئابوورییەکان نین کە بڕیاردەرن. بەڵکوو فاکتەرگەلێکی دیکەو لەوانەیە ئەمنییەتی نەتەوەیی کاریگەریی خۆیان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان بەجێدێڵنو ناتوانن حاشا لەم راستییە بکەن. هەر بۆیە دەبینین کە ئەمرۆکە ئەوانیش سیاسەتێکی ئاراستە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکایان هەڵبژاردوەو لەگەڵیدا یەکگرتوو بوون.

هەر لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتو ستراتژیی وڵاتە زلهێزەکان دا ناچارییەکی مێژوویی بووو ئەوان ناچار بوون کە لە دنیای خۆیان بێنەدەرێو دنیای خەڵکی شوێنەکانی دیکەی جیهانیش بە دنیای خۆیانو کێشەکانیان بە کێشەی خۆیان بزانن.

و لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان راستە یەکێك لە هۆکارەکان بن. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمنییەتی نەتەوەیی وڵاتە رۆژئاواییەکان، کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ئابووریی ئەوانیش بە جێهێشتو ناچاری کردن کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئابووریی خۆیان دا پێك بێننو پێکەوەو یەکگرتووانە بەرەنگاری تیرۆریزم ببنەوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە ئەمرۆ کە داڕشتنی سیاسەتی ئابووریی وڵاتانیش لە ژێر کاریگەری ئەمنییەتی نەتەوەیی ئەم وڵاتانە دایەو ئەمنییەتی نەتەوەیی قسەی یەکەم لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا دەکاو رۆژئاواییەکان لە پلەی یەکەم دا بۆ پاراستنی ئەمنییەتی نەتەوەیی خۆیان ناچار بوون بەرەنگاری دیاردەی تیرۆریزمو ئیسلامی سیاسی ببنەوە، و ئەم راستییەش ئاشکرا لە وتەکانی ئەواندا بەدیدەکرێ.

کەس ناتوانێ نکولی لە دزێوی کارە تیرۆریستییەکان بکا. بەڵام ئایا بە راستی دژایەتی لەگەڵ دیاردەی تیرۆریزم تەنیا لە رێگای نیزامییەوە دەکرێ؟ یان دەبێ لەگەڵی پشت بەستنی بە هێزە نیزامیو هاوکات لە بواری ئابووری، سیاسی، فەرهەنگیو...، بە جیددی لەو ناوچانە کە تووشی پەتای تیرۆریزم بوونەتەوە بە جیدی هەوڵ بدرێ پلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە نیشانە بۆچوونێك لەو بابەتەیە. بەڵام ئایا ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەبێ؟ ئایا بە راستی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ بەسەرچاوەی رێزگرتنی لە مافی مرۆڤ؟ ئایا دێموکراسیو ئازادی باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشن؟ ئەگەر دابین کرانی بەرژەوەندی ئابووری بۆ وڵاتانی رۆژئاوایی لەگەڵ سەقامگیریی ئازادی، دێموکراسی، خۆشگوزەرانیی خەڵك، ئارامیو ئاسایش، گەشەو پەرەگرتن لە بواری ئابووری، فەرهەنگی سیاسیدا بێ بەڵێ ، دەنا بە داخەوە سێبەری رەشی تیرۆریزم لەسەر ناوچەکە لاناچێ .

سەرچاوە: وریا قانێع، مەریوان. شوناسو ئاڵۆزی.

# قوربانییانی جەهل و نەزانی

وەرگێڕانی: کوێستان فتووحی

بە بڕوای زۆربەی خەڵکی ئەم سەردەمە، ڕێکخراوە فیمینیستییەکان و پەرەگرتنی مافی ژنان و خەبات بۆ نەهێشتنی توند و تیژی دژی ئەم توێژە، مەیدان لە پیاوان تەسك بۆتەوە، بۆیە ئەم بارودۆخە بۆ هێندێکیان خۆش نیە. پرسی خەتەنەی ژنان هەموو ئەو دەنگۆیانی پووچەڵ کردۆتەوەو هەموو دنیای لە خەمی قوربانییانی جەهل و نەزانی وە گریان خستوە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا پرسی خەتەنەی ژنان یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی زۆربەی کۆمەڵە و ناوەندەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ هەروەها زۆربەی ئەنجومەنە پزیشکییەکان و هەروەها دەروونناسان بووە. تەواوی لێکۆڵینەوەکان لە خاڵێك دا بە یەك دەگەنەوە، ئەویش قەڵتوبڕ کردنی ئەندامی زاوزێی ژنان تەنیا بە مەبەستی پێشگیری لە چێژ وەرگرتنی جینسیی‌و لە ئاکامدا بە نیازی پاراستنی داوێن پاکیی ئو توێژە.

ئەم نەریتە لە ئەفریقا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ریشەیەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر کۆن. دیارە ئەم دیاردەیە مێژوویەکی روونی نیە. ئەم میراتە نا مرۆڤانەیە، نەوە لە دوای نەوەو سینگ بە سینگ بەبێ هیچ کەموکوورِی یا گۆڕانێك گەیوەتە ئەم سەردەمە و هەروا درێژەی هەیە. بەجۆرێك کە لەم ساڵانەی دواییدا، ساڵانە سێ میلیۆن کچی بێ تاوان دەبنە قوربانیی ئەم جینایەتە. خەتەنەی ژنان چوار شێوازی جیاوازی هەیە کە بەپێی نەژاد و میللییەتی کەسەکە دەگۆڕێ. ئەم کارە نامرۆڤانەیە لە خراپترین هەلومەرج و لەو شوێنانەدا کە لە هەر جۆرە پاکوخاوێنی، دەرمانی بێهۆشی یا کەلوپەلی پێویستی نەشتەرگەری بێبەشن، بەڕێوە دەچێ. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە ڕێورەسمێك بەڕێوە دەچێ کە تێیدا ژنێکی بە تەمەن کە لە قەڵتوبڕکردنی ئەندامی جینسیی کچاندا پسپۆرە، هەندێك جاریش دایکی منداڵەکە بە چەقۆیەك یا تیغ (مووس)ێك کە زۆرجار بەهۆی زۆر بەکار هێنران، کول و قایروساوییەوە، بە دڵڕەقییەکی تەواوەوە لە گیانی ئەو منداڵە بێتاوانە بەردەبن و کە لە ترسان وەك مێژووەکە دەلەرزێ، تێکەڵ بە کۆمەڵی کەمئەندامانی دەکەن. دوایەش بە دەرزییەکی زۆر ئەستوور و دەزوویەکی ناخاوێن برینەکە دەدوورنەوەو تەنیا کۆنێکی زۆر چووك ئەویش بۆ مێزکردن دەهێڵنەوە. دوای تەواو کردنی کارەکەیان



کەمێك خۆڵەمێش بە برینەکەیدا دەکەن و پاشان لاقەکانی منداڵەکە توند بە پەکەوە دەبەستنەوە بۆ ئەوەی خوێنرێژی نەکا دوایەش منداڵە بێچارەکە لە گۆشەیەك فڕێ دەدرێ تا بۆ خۆی چاك بێتەوە، جاری وایە ئەو منداڵە تا ٤٠ ڕۆژ هێزی ڕێگا ڕۆیشتنی نیە. ئەوجار دایك و باوك بە شانازییەوە، لەناو خزم و تایفەدا دێن و دەچن و فەخر دەفرۆشن کە بەم کارە، ئامادەیی بۆ زەماوەند، پێگەی کۆمەڵایەی و داوێن پاکیی کچەکەیان دەستەبەر کردوە.

ڕیما سەلاح سەرۆکی بەشی بەربەرەکانی دژی خەتەنەی ژنان لە یونیسێف دەڵێ: بە جێبەجێکردنی ئەم کارە، دایك و باوك دەتوانن منداڵە مێینەکەی خۆیان بنێرنە ناو کۆمەڵگەو بە مایەی شانازیی خۆیانی بزانن. بەڵام گیروگرفتی ئەو قوربانییانەی جەهل و نەزانی بەوەندە تەواو نابێ. تەمەنی جێبەجێ کردنی ئەم کارە چوار تا ١٢ ساڵە، زۆر منداڵ بەهۆی ئازاری زۆرەوە هەر لەکاتی جێبەجێ کردنی کارەکەدا گیان لەدەست دەدەن. خوێنرێژیش یەکێکی تر لە هۆیەکانی مردنی ئەو قوربانییانەی نەزانی و دڵڕەقیی مرۆڤە.

ئەوانەی تریش دەمێننەوە تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵ گیروگرفتی زۆری فیزیکیو دەروونی بەرەوروو دەبن. بەپێی ڕاپۆرتی کارناسانی بەشی بەربەرەکانی بۆ نەهێشتنی خەتەنەی ژنان زۆر جار برینی چەقۆ یا تیغ تا نزیك کۆم دەڕوا، دوور نیە و تەنانەت ڕێگاڕۆیشتنیش بۆ ئەو ژنانە بە زەحمەت دەبێ. ئەم کارە هێندێك جار دەبێتە هۆی هەوکردنێکی زۆر لە ئەندامی زاوزێ و شوێنی میز و ئەو چڵکە لە هەموو لەشیدا بڵاو دەبێتەوە. بەشێك لەو ژنانە تووشی نەزۆکی دەبن و ئەوانەی دووگیانیش دەبن لەکاتی منداڵبووندا لەگەڵ زۆر مەترسیی گیانی بەرەوروو دەبنەوەو لەگەڵ ئەمانەشدا، سلامەتیی کۆرپەکەشیان دەکەوێتە مەترسییەوە. لە هەندێك شوێن کە ئیمکانی زیاتر هەیە، ناچار دەبن نەشتەرگەریی "سیزاریەن" بکەن، جیا لەوە منداڵ یا دایکەکە لەناو دەچێ یا هەردووکیان نوقسان دەبن و تا کۆتایی تەمەن لە گێژاوی نەفامی مرۆڤایەتیدا دەبێ بسووتێن.

بە وتەی دوکتور لاریس ئەلمورس پسپۆری منداڵان ولێکۆڵەر لە زانستگەی کارولینسکا، لە شاری ستوکهوڵمی سوئێد، لەنێوان ١٨٠ ژنی سوودانیی خەتەنەکراو دا ٩٩ کەس نازا "عقیم"ن و زۆربەیان بەدەست چڵك کردنەوە ئازار دەکێشن. پسپۆران لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم کارە دەبێتە هۆی گرتنەوەی خێرای نەخۆشییەکانی جینسی وەك ئەیدز و بۆ ژنان گیرگرفتی زۆر دەخولقێنێ. لێکۆڵینەوەی گۆڤاری لەنسێت (Lancet) لە مانگی ژوئەن دەری خست کە خەتەنەی ژنان هۆیەکی گرنگ بووە بۆ پەرەسەندنی ئەیدز و هەروەها هۆیەك بووە بۆ چێژ وەرنەگرتنی جینسی لە دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش.

ئەو گۆڤارە لەگەڵ چەند ژن کە خەتەنە کراون وتووێژی کردوە. بەشی زۆری لەو ژنانە بەدەست ئازاری زۆر، مێزبەخۆدا کردن، نەزۆکی، سەرهەڵدانی برینی قووڵ لەناوەوە و گیروگرفتی دەروونی دەناڵێنن. ئەو گۆڤارە ماوەیەکە خەباتی جیددی لەگەڵ دیاردەی خەتەنەی ژنان دەست پێ کردوە و خوازیاری بەڕێوەچوونی یاسای توندە لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەم کارە دەکەن.

لە روانگەی ئەو کەسانەوە ژن بوونەوەرێکی ناپاك و هەڵخەڵەتێنەرە کە بە چاولێکردنی هەر بێگانەیەك لە ڕێگەی لادەدا و تووشی لارێی دەبێ. بۆیە ئەم خودای پاکی و سەرچاوەی عەشقی خوداییە، سەختترین توند و تیژی لە دژی ئەنجام دەدرێ تا عەشقێك کە خودا پێی بەخشیوە لێی بسێنرێتەوە. لایەنگری خەتەنەکردنی ژنان سەرەڕای قامکدانان لەسەر لایەنی لەشساغیی خەتەنە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەهێشتن یا کەمکردنەوەی مەیلی جینسی شوورەیەك بەدەوری پاکیو پاکداوێنیی ژنان دا دەکێشێ. ئایا ئەو کەسانە ژن وەك مرۆڤ چاو لێ دەکەن یا لە ریزی ئاژەڵاندا دەبینن کە پێویستیان بە چاودێریو نیگابانی هەیە؟ خۆزگە ئەم کردەوەیە کۆتایی بە ناپاکییەکان هێنابا. چ زۆرن ئەو کچە زۆر لێکراوانەی بەهۆی توندوتیژیی لەم جۆرە، ماڵ و حاڵ و تەنانەت وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتوەو، ڕۆژبەڕۆژ دولاری زیاتر دەخەنە گیرفانی بازرگانانی سەنعەتی سێکسەوە. هەر ئێستا لە جیهاندا ١٣٥ میلیۆن ژن و کچی خەتەنەکراو هەیە کە ٨٥٪ یان ئەفریقایین. لە زۆر بارەوە کچان ئەو کارە سەخت و پڕ لە مەترسییە بە بەشێك لە پێویستییەکانی ژیانی خۆیان دەزانن، چونکە بڕوای گشتیی خەڵك لەو کۆمەڵگایانەدا ئەوەیە ئەو کچانەی کە خەتەنە ناکرێن، بە داوین پاکیان نازانن و کەس مەیلی ئەوەی نیە لەگەڵ ئەوانەدا ژیانی هاوبەش پێك بێنێ. بۆیە کچانی مەزلووم لە پێناوی مانەوەی خۆیان و خستنەوەی نەوەکان بۆ ئەم پێویستی (کەمئەندامی)یە مل ڕادەکێشن. لە وڵاتانی بۆرکینا فاسۆ، ساحلی عاج، غەنا، سیرالیئۆن، بنین، کامیرون، سوودان، ئیتیۆپی، کنیا، چاد، عەرەبستان، ئوردۆن، عێراق، سووریە، ئێران، هیند، ئەندۆنیزی، مالزی و سریلانکا، خەتەنەی ژنان پێشینەی مێژوویی هەیە و لە هێندێك ناوچەی ئەو وڵاتانە ئەو کردەوەیە هەر درێژەی هەیە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانە کردەوەی خەتەنەی ژنان نایاسایی ڕاگەیەندراوە، بەڵام خەڵك لە ناوچە دوور دەستەکان، بە نهێنی و دوور لە چاوی مەئموورانی منداڵەکانیان خەتەنە دەکەن. دەمارگرژی و ورد بوونەوەی لەرادەبەدەری خەڵکی ئەو ناوچانە لەسەر خەتەنەکردنی ژنان ریشەی لە بارودۆخی فەرهەنگی، سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەوان دا هەیەو، ڕۆچۆتە نێو بیر و زەینیانەوە، بەجۆرێك کە بە هەر شێوەیەك کە بۆیان بکرێ دوور لە چاوی پۆلیس ئەم کارە دەکەن. پێویستە بگوترێ لە هەندێك لە وڵاتان بۆ نموونە میسر، ئەو تاوانە نامرۆییەیان تێکەڵاوی تێکنۆلۆژی کردوەو کچان لە نەخۆشخانە دەخەوێنن و ئەم نەشتەرگەرییەیان بۆ دەکەن. لە دوای وڵاتانی ئەفریقایی، کوردستانی عێراق زۆرترین ژمارەی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی لێ بەڕێوە دەچێ. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی جیهانیی لەشساغی ٦٠٪ی ژنانی ئەو ناوچەیە (کوردستانی عێراق) خەتەنە کراون. بەڵام ئەوەیان بە شێوەی رازێك لە دەروونیان دا شاردۆتەوەو لەم بارەیەوە لەگەڵ کەس قسە ناکەن. بەپێی ئامارێك کە وەدەست کەوتوە لە یەکێك لە ئاواییەکانی کوردستانی عێراق لە ١٥٤٤ ژن و کچ ٩٠٧کەسیان ئەم جینایەتەیان لەسەر بەڕێوە چوون. لەو ناوچەیە ژنان مافی دەربڕینی هیچ بیرو بۆچوونێکیان نیەو وەك بونەوەرێکی ناپاك چاویان لێ دەکرێ کە مێردەکانیان لوتفیان کردوە پارەو نانێکیان لەبەردەم دادەنێن. کردەوەی توند و تیژانەی پیاوان، نەخوێندەواری، کار نەکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ، کەمپی ئیمکاناتی لەشساغی، کەمپی زانیاری، دەستدرێژی کردنە سەر منداڵان، قاچاغی منداڵان و شووکردنی پێشوەختی کچان لەو ناوچەیە، ئاماری خۆکوژی ژنانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترکردوە.

ڕێکخراوی یونیسێف ڕایگەیاندوە ئاماری ژنانی خەتەنەکراو لە وڵاتانی سەنعەتییش دا کەم نیە. تا ئێستا لە ئەمریکا ١٦٨هەزار، لە فەڕانسە ٤٢هەزار، لە ئینگلستان ١٠هەزار ژنی خەتەنەکراو ناسراون. لە وڵاتانی ئوستڕالیا، کانادا، دانیمارك، ئیتالیا، هولەند و سوئێدیش ژمارەی ئەم ژنانە کەم نین. ئەو ژنانە کۆچەرانی وڵاتانی ناوچەی ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە چوونەتە ئەو وڵاتانە. سەیر لەوەدایە زۆربەی ئەو ژنانە سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆیان لە هەلومەرجێکی خراپی دەروونیو جەستەیی دان، بە توندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کچەکانیشیان دەبێ خەتەنە بکرێن. بەپێی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ١٤ ژنی ئەفریقایی نیشتەجێی وڵاتی فەڕانسە کراوە، ١١ کەسیان کچەکانی خۆیان بۆ پشوو (تعطیلات) ناردۆتەوە بۆ ئەفریقا تا لەوێ خەتەنە بکرێن. ئەوەش لەحاڵێك دایە کە بۆخۆشیان قوربانیی ئەو کردەوە کۆمەڵایەتی‌یە نا دادپەروەرانە بوون.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ باس بکرێ مەسەلەی دژایەتیی ئایینی ئیسلامە لەگەڵ ئەو کردەوە نائینسانییەدا. زۆر کەس دەیانەوێ ئەو کردەوەیە بە ئیسلامەوە بچەسپێنن و روخساری ئەو دینەی پێ خەوشەدار بکەن، بەڵام تەواوی زانایان و گەورەکان بە سوننی و شیعەوە زۆر فەتوایان لەدژی ئەو ستەمە مرۆییە داوە.

ماوەیەك لەمەوبەر خوێندنگەی ئایینی "ئەلئەزهەر" بەیاننامەیەکی توندی دژی ئەو کردەوەیە دەرکردو بەدوای ئەودا قوتابخانە ئایینییەکانیش هەوڵی رەتکردنەوەی خەتەنەیان دا. دوژمنانی ئایین ئەم کردەوەیە بە موسوڵمانانەوە دەبەستنەوە، لەحاڵێك دا نە لە قورئاندا ئیشارەی پێ کراوە نە لە مێژووی ژیانی پێغەمبەردا، ژنان و کەسوکاری بۆ ئەم کردارە ڕێنوێنی کراون. (*)

بەپێی ڕاپۆرتی سایتی WACC لە ٢٦ی ئاوریلی ئەمساڵدا، نیل فورد سەرۆکی بەشی خەبات بۆ نەهێشتنی خەتەنەی ژنان لە ئەفریقا لە ڕێکخراوی یونیسێف سیاسەتێکی تازەو سەختی بۆ خەبات دژی ئەو کردەوەیە، گرتۆتە پێش

بۆ لاپەڕی٩

# لە قامووسی فیمینیزمدا

وەرگێڕانی: ب.هانا

(١٨)

**بەرەوژوور بردنی ئاگایی:**
Consiousess- Raising (CR)

لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا، گرووپە بچووکەکانی ژنانی ئاسایی، ئەزموونە کەسی‌یەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر هێنایە بەرباسو، بۆیان دەرکەوت کە ئەزموونەکانی هەر تاکێك لەوان لە پێکهاتەی گشتیی سەرکوتە گشتی‌یەکاندا جێگای دەبێتەوە: بەم واتایە کە هەر شتێکی کەسی (شخصی)، سیاسی‌یە. گرووپی ئەمریکایی "ڕێدستاگینگز" (گۆرەوی سوورەکان) کە بەرەوژوور بردنی ئاگایی، لەگەڵ تاکتیکی چینیی "لە تاڵی‌یەکان بدوێ" تێکەڵاوکرد، لەم بڕوایەدا بوو کە بەرەوژووربردنی ئاگایی تەنیا ڕێگای رزگاریی ژنانە، چونکە سەرنج دەداتە راستی‌یە هەست پێکراوەو بابەتی‌یەکانی ژنان (Redstocking , 1978). جۆی فریمان بانگەشەی ئەمە دەکا کە بەرەوژوور بردنی ئاگایی یا گرووپە "ڕەپەکان" بەنرخترین یارمەتیی بزووتنەوەی ئازادیی ژنان بە دروستبوونی ئامرازی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌یە (Freeman,1973). کاترین مەك کینویش دەڵێ بەرەو ژووربردنی ئاگایی ئەو پرۆسەیە کە بناغەی شیکردنەوەی فیمینیستیی رادیکاڵی هاوچەرخە (Mackinnon,1989). بەڵام بەرەو ژووربردنی ئاگایی لە سەر بناغەی چڕکردنەوەی لە ئەزموونە هاوبەشەکانی ژناندا، جیاوازی‌یەکانی ئەوانی نەدیو کرد. لە دەیەی ١٩٧٠دا، ژنانی رەشو چینی کرێکار بە توندی بە دژی تێگەیشتنەکانی ژنانی سپی لە بارەی خوشکایەتی‌یەوە، وەستانەوەو، تیۆریی فیمینیستییان دەوڵەمەندترو جۆراوجۆرتر کرد (Lorde,1984b). بیردۆزە فیمینیستی‌یەکان لە بارەی هەستە جینسی‌یەکان، هۆکارێتی (عاملیت)و لەشەوە، هەم لەو جۆراجۆری‌یەو هەم لە بە رەسمی ناسرانی ئەزموونی کەسی‌یەوە سەرچاوەی گرت.

قسەو باسی زۆر لە بارەی پۆرنۆگرافی لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ١٩٨٠دا، وەبیر هێنەرەوەی ساڵانی بەرەوسەرهەڵکشانی چوونەسەری ئاگایی بوو؛ چونکە ئەم قسەوباسانە بە هۆی لێکگرێدانی کاروباری کەسی (شخصی) بە کاروباری سیاسی‌یەوە، ئەم باسەی



هێنایە گۆڕێ کە هەستە جینسی‌یە تایبەتی (خصوصی)یەکان، خاوەنی رەهەندێکی سیاسین. تیۆریی لیزبینی، پرۆسەی بەرەو ژووربردنی ئاگایی بە کەڵکوەرگرتن لە ئایدیای ( Lesbin Continuum)ی ژنتەوەر، قۆناغێك بردە پێشتر (Rich,1980)؛ بۆ وێنە "ژن/ ئیکۆلۆژی"ی ماری دەیلی نموونەی زماننناسانەی بەرەوژوورچوونی ئاگایی‌یە. لە لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا، باسەکانی بەرەوژووربردنی ئاگایی، میتۆدەکانی ڕێکخستنی بە گرووپو، گیانی هاوکاریی فیمینیستیی لێکەوتەوە. کاتێك لە پۆلی وانە وتنەوەدا مامۆستایانو خوێندکاران بە هاوبەشی، واتایەکی روون دەدەن بەو ئەزموونە کۆمەڵایەتییانەی بەسەریان هاتوە، [لە راستی‌دا] کەلك لە میتۆدی بەرەو ژووربردنی ئاگایی لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ژناندا، وەردەگرن. بەرەو ژووربردنی ئاگایی، وەك جۆرێك لە پێوەندی پێکهێنانی لە نێوان ئەزموونی تاکەکەسیو بابەتە ئێکۆلوژیو ئاشتیخوازی‌یەکان لە تێکۆشانی ئاشتیخوازانەشدا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە (Gatlin,1987).

لە ئیتالیا، بەرەوژوور بردنی ئاگایی بە هەوڵێکی فیکری گەورەی فیمینیستی دادەنرێ. بەرەوژوور بردنی ئاگایی ئیتالیایی کە بە ناوی autocoscienza (خۆئاگایی) ناسراوە، پرۆسەیەکی بە کۆمەڵی هاوشێوەیە بۆ خۆناسی (کشف نفس)و بنیاتنانەوە، بەڵام فیمینیستە ئیتالیایی‌یەکان، سەرنجی خۆیان لە جیاتی ئەوەی لەسەر ستەمی پیاوان چڕبکەنەوە، بۆ پێوەندیی نێوان ژنان، تەرخانیان کردوە (Bono&Kemp,1991).

جین فلاکس دەڵێ هەرچەشنە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە بارەی رەوشی ژیان کە ئاکامەکەی [بەرەوژوورچوونی] ئاگایی بێ، سەرەنجامەکەی سیاسیو مێژوویی دەبێ (Flax,1983). هەربەم هۆیانەوە مەك کینۆن لە باسەکەی خۆیدا، بەرەوژوور بردنی ئاگایی بە باشترین شێوەی سەرهەڵدانی فیمینیزم دەزانێ. چونکە "لە روانگەی فیمینیزمەوە، هەر شتێکی کەسی (شحصی)، لە باری ماریفەتناسی (Epistemology)یەوە، سیاسی‌یەو، ماریفەتناسی‌یەکەشی، هەمان سیاسەتەکەیەتی (Mackinnon,1989,p.120).

ئامانجی گرووپەکانی بەرەوژووربردنی ئاگایی، بردنەسری [پێوەندی‌یەکانی] نێو گرووپ نەبوو، بەڵکوو دۆزینەوەی ئەو ڕێچارەو ڕێوشوێنانە بوو کە لە ڕێگای گێڕانەوە کەسی (روایت شخصی)یەکان، بایەخ بە کێشەی سەرکوت بدەن. لە وتاری کارۆڵ ویلیامز پێندا بە ناوی "بەرەوژووربردنی ئاگایی: بنبەستێك؟" (١٩٧١) گوتراوە کە هەلومەرجێکی ئەوتۆ هەمیشە روو نادا. لەم وتارەدا، ئەو لە "سستیو نەجوولان" وەك هەستێك لە نێو "گرووپێکی بچووك‌دا کە تەنیا قسان دەکەنو لەگەڵ پاشمای بزووتنەوە، پێوەندی‌یەکیان نیە" دەدوێ.

*سەرچاوە:*
*کتێبی: "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"، نووسینی مەگی هامو سارا گەمبل*
*وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، فرخ قرەداغی، نوشین احمدی خراسانی*
*ناوەندی چاپەمەنیی "توسعە"، تاران، ١٣٨٢*
*لاپەرەکانی ٩٣ و ٩٤*

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 444   6 Sep 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom

## چیاکانی کوردستان

# شانشین SHaneshin

شانشین، کە بەرزاییەکەی ٢٨٨٥ میترە، لە باکووری ڕۆژئاوای گوندی "شیان" سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی ڕۆژئاوا، هەڵ کەوتوە. ئەم چیایە هەموو تایبەتمەندییەکانی بەرزاییەکانی زاگرۆسی ڕۆژئاوای تێدایە.

"بەرزایی شانشین" ئێستاش وەك ڕابردوو لە چەشنی ئەفسانە لە ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراوی هەورامانی تەخت دا ریشەی هەیە. "هوویە، سەرهوویە، بێساران، تەنگیسەر، میراو، تەوریوەر، هەشەمێز، گەلێن و شیان" لە گرنگترین ئاواییەکانی دەوروبەری ئەم چیایەن.

زۆر کانیی جۆراوجۆر بە ئاوی زوڵاڵەوە کە زۆربەشیان لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا ئاویان هەیە، لە داوێن و بەرزاییەکانی شانشینەوە سەرچاوە دەگرن. کانی پلوور، کانی چەرمگ، کانیکەریم، کانی شێخ و... کە ئاوەڕۆی زۆربەیان دەچێتەوە نێو سیروانی گەورە، لەم کانیاوانەن. بەرزاییەکانی دەوروبەری شانشین بریتین لە: زریا، ئاڵامەردە، گڕن، شێخ حاجی، گوڵەزەرد، کوچکەقوت، ئاوەسیا و... کە لە بەرزاییدا کەم و زۆر لێك جیاوازن، دەڕواننە زەحمەتکێشانی هەورامانی کۆن.

شانشین، دەرگای سەرەکیی یەکێك لە هێڵە سەرەکییەکانی ژاوەرۆی ڕۆژئاوایە. زۆر دیمەنی سەرنجڕاکێش هەیە، "قوڵیقاورمە"، یەکێك لە لەوەڕگە و کوێستانە گەورەکانی گوندنشینانی ئەم ناوچەیە، یەك لەوانە. ئەم چیایە لە کۆتایی خاکەلێوە نێوەڕاستەکانی پووشپەڕ، سەیرانگەی لاوان، شاخەوانان و ئۆگرانیسروشتە. لۆ، کەما، بەنا، بەڕەزا، قازیاخە، گەزنە، گێلاخە، کافە، شنگ، پیچك، هەروەها دارەگوێز، داربەڕوو، سێو و هەرمێی وەحشی (پائیزە)، تایلە (تاوگ)، گوێز و تووەدڕك، ڕووەك و دارودرەختی ئەم چیایە پێك دێنن.

لەم چیایە هەروەها ئاژەڵی وەك بزنەکێوی، مار، کەروێشك، بەراز، ڕێوی، ورچی قاوەیی، گورگ، چەقەڵ و باڵندەی وەك: هەڵۆ، کەو، ژووشك، کۆتر، قاژوو دەژین. چەند جارێکیش پڵینگ لەم چیایە بینراوە.

زۆر دۆڵی قوول لە دەوروبەری داوێنەکانی شانشین دا هەن کە گرنگترینیان بریتین لە: پاڵەوان، شێخ حاجی، گڕن و.... بۆ سەرکەوتن لە شانشین ڕێگای زۆر و جۆراوجۆر هەن کە لە هەمووان بەناوبانگتر بریتین لە: شیان (ڕێگای گێسار) کە لە داوێنەکانی "قازیبەکر"ەوە تێپەڕ دەبێ و پاشان دەگاتە "گێسار" و لەوێوە دەچێتە سەر ترۆپکی چیاکە. (لەنێو گوندەکەوە تا ترۆپکی چیا ٣ سەعات و نیو دەخایەنێ).

کانیاوەکانی عەودە، هانەبەها و گوێزەکوێر، لەسەر ئەم ڕێگایە هەڵکەوتوون. ڕێگای دیکەی سەرکەوتن لەم چیایە "سەرهوویە" کە لە دۆڵی "وێم"ەوە دەست پێ دەکا و بەدوای بڕینی لەوەڕگەو داوێنە پڕ نشێو و هەڵدێرەکانی بەدوای دووسەعات دەگاتە ترۆپکی چیا.

چوون و گەڕانەوە لەم دوندە ٥ کاتژمێر دەخایەنێت. شانشین حەشارگەی زستانی تێدا نیە. بەڵام هیندێك ئەشکەوت و قەڵشتی گەورە لە چیایەکەدا هەن کە دەکرێ وەك پەناگە بەکار بهێنرێن. "بلەحاجی"، "مێرگەڕەش"، "خڕەسوور"، "هێلانە حەش" و هتد لەم تاقمەن.



**سەرچاوە: جلوەهای طبیعی کردستان دفتر اول: کوهها**

**ئامادە کردنی ئەکبەر وەلەدبەیگی**

# نۆهەمین دەورەی گەڕان و پشکنین لە پێتەختی ماناکان لە قەڵایچی بۆکان دەستی پێکرد



بەپێی هەواڵی هەواڵنێریی شوێنەوارناسیی ئێران، لە نۆهەمین قۆناغی پشکنین دا شوێنەوارناسان توانیان لە گردی سێ هەزارساڵەی قەڵاپچیی بۆکان دیوارێك بدۆزنەوە کە بەشی ئایینی لە نائایینی جیا دەکاتەوە. شوێنەوارناسان پێیان وایە کە ئەم دیوارە لەلایەن ئاشوورییەکانەوە دوای شکست دانی ماناکان و داگیرکردنی پێتەختەکەیان لەم شوێنە دروست کرابێ.

لەگردی قەڵایچی بۆکان چاخی دووی ئاسن (١٢٠٠ ـ ٨٥٠ی پێش زایینی) و چاخی سێی ئاسن (٨٥٠ ـ ٥٥٠ی پێش زایین) بیندراوە.

ڕەزا حەیدەری شوێنەوارناس لە سەنتەری شوێنەواری کولتووریی ئێران کە ئەندامی وەفدی شوێنەوارناسیی قەڵایچیی بۆکانیشە بە هەواڵنێرەکانی گوت: شوێنەوارناسان لە درێژەی گەڕان و دۆزینەوەکانیان داو هەروەها بەپێی ئەو بەردنووسە گرینگەی کە بە بەردنووسی بۆکان ناسراوەو لە قەڵایچی دۆزراوەتەوە، بەوە گەیشتوون کە قەڵایچی هەمان زیرتوو، پێتەختی دەوڵەتی ماناکان بووە. هەروەها حەیدەری ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆ دروست کردنی دیوارو خانووبەرەکانی شاری زیرتوو کە لە خشتی تایبەت کە هونەرمەندانی ئەوکات وێنەی هونەرییان لەسەر کێشاوەتەوە کەلك وەرگیراوەو کارخانەی دروست کردنی ئەو خشتانەش لە کەنارماڵەکانی شاری بۆکان کە ٨ کیلۆمیتر لە قەڵایچی دوورە دۆزراوەتەوە.

شارستانیەتی ماناکان دەوڵەتێکی بەهێزی پێش مێژوو بووە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و هاوکات بووە لەگەڵ ئاشووری و ئۆرارتوەکان. لە شوێنە گرینگەکانی دیکەی دەوڵەتی ماناکان قەڵای زێویە لەسەقزو حەسەنلو لە نەغەدەو شاری هەتاو لە ڕەبەتە.

هەروەك زۆربەی شوێنەکانی دیکەی کوردستان تا ئێستا زۆر شوێنەواری دەگمەن و تایبەت لە قەڵایچی دۆزراوەتەوە کە براونەتە مۆزەخانەکانی ورمێ و میاندواو و تاران و ٣٠٠ خشتیش کە بە ئاژەڵی باڵداری ئوستوورەیی نەخشێندراوە گەیندراوەتە مۆزەخانەکانی تۆکیۆ. بەشێکی زۆریش لە شوێنەوارەکان لەلایەن هەلپەرستانی هاودەستی کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران ماوەی ٢٨ ساڵە تالان دەکرێن.

شایانی باسە کە ماوەیەك لەوەپێش مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ سەبارەت بەم هەواڵە گوتبووی کە کوردەکان دەیانەوێ مێژوو بۆ خۆیان دروست بکەن و ئازەربایجان داگیر بکەن!




## سڕینەوەی ناوەندگەرێتی یا دەوڵەتی یەکپارچە

دوکتور محەممەد عومەر مەولوود لە لێکۆڵینەوەیەکی بەریندا کە لەبارەی ئیمکانی جێگیرکردنی ڕێژیمی فیدراڵی لە عێراقدا ئەنجامی داوە، گەیشتۆتە ئەم ئاکامە کە: "فیدراڵیزم بریتییە لە پێکهێنانی بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش لەنێوان چەند نەتەوەدا لە ڕێگای ڕێککەوتن لە پێناوی پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکپارچەی بەهێزو بەربڵاو کە حکوومەتی ناوەندی ـ واتە دەوڵەتی یەکپارچەی ناوەندی ـ بەرپرسایەتیو نوێنەرایەتیی ئەو حکوومەتەی لەسەر شانەو دەسەڵاتی خۆی لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی خۆیدا، بەڕێوە دەباو بەسەر هۆکارەکانی دەوڵەتی یەکپارچەدا واتە بەسەر ویلایەتەکان و کەسانی دانیشتووی ئەیالەتەکاندا، فەرمانڕەوایی دەکا. هەروەها کەسایەتیی مەعنەویی دەوڵەتانی هەموو ئەیالەتەکان لە کەسایەتیی دەوڵەتی مەرکەزی و یەکپارچەدا تێکەڵ دەبێ.

بەمجۆرە "دەوڵەتی یەکپارچەی فیدراڵ" ڕێککەوتنێکی قانوونمەندی سیاسی لە نێوان چەند دەوڵەتی سەربەخۆیە یا لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێکی لێکدراودا [ئەیالەتەکان] سەرەنجام لەژێر دەواری دەوڵەتێکی یەکپارچەدا کۆدەبنەوەو بەپێی ڕێککەوتن، چاوپۆشی لە بەشێکی دیاریکراو لە دەسەڵاتی خۆیان بە قازانجی دەوڵەتی یەکپارچە دەکەن.

وەرزنامەی سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتیی "ڕاڤە"، ژمارەی دوو، بەهاری ١٣٨١

وتاری "سەربەخۆیی، فیدراڵیزم، خودموختاری"، ڕزگار فەتاح (لەفارسییەوە کراوەتە کوردی)

## مرواریی دەریای وشە

مەزنی و گەورەیی مرۆڤ لەوە دانیە کە هیچکات نەکەوێ، بەڵکوو لەوە دایە کە کەوت، دیسان هەستێتەوە. **(ئۆلیڤێر گۆڵدسمیت)**

ئەگەر خەڵك بزانن ئازادی چ نێعمەتێکی گەورەیە، هیچکات ڕازی نابن لەدەستی بدەن. **(محەممەد حیجازی)**

ئەوە کە ویژدان لۆمەو سەرکۆنەمان دەکا، سزای تاوانەکانمانەو، پەشیمانییش جەریمە (غرامە)یەکە دەبێ لەم پێوەندییەدا، بیدەین. **(لۆرد ئێڤیبێری)**

گەورەیی و مەزنیی نەتەوەیەك بە پان و بەرینیی خاکەکەی نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو پێوەندیی بە ئەخلاق و ڕەوشت و خوو و خدەو تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەوانەوە هەیە.

**(کالیبێر، وەزیری لویی چاردەیەم)**

## بەر لەماڵاوایی

# کوشتاری هاوینی ٦٧ی

# زیندانییە سیاسییەکانی ئێران

ع.وریا

خومەینی و ڕێبەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، ٨ ساڵ بوو تەندووری شەڕ لەگەڵ عێراقیان گەرم ڕاگرتبوو و هەموو هەوڵ و دەرفەتێکیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ، ڕەت کردبۆوە. ئەوان، مانەوەی ڕێژیمەکەیان و، دەرباز کردنی لە قەیرانە جۆراوجۆرەکانی سەر ڕێگایان لە درێژەپێدانی شەڕ و گەیشتن بە قودس لە ڕێگای کەربەلاوە دەدی. بەڵام کاتێك دیتیان لە بەرەکانی شەڕدا، شکست بە دوای شکست بە نسیبی هێزەکانیان دەبێ و، هەلومەرجی ناوچەیی و نێونەتەوەییش لە خزمەت سیاسەتی شەڕخوازانەیاندا نیەو وەزعی نێوخۆیی ئێران بە تەواوی شپرزەیە، ملیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ دا. ڕێژیم بە هەموو حیسابێك خۆی لەگەڵ مەترسیی تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان دا، بەرەورووو دەدەی. بۆیە لە هەر بیانوویەك دەگەڕا بۆ زەبرو زەنگ نواندن و چاوترساندنی خەڵك بەگشتی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان بە تایبەتی.

هێرشی "ئەرتەشی ڕزگاریدەری نەتەوەیی"ی ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێرانەوە، لە سەرەتاکانی مانگی گەلاوێژی ٦٧ و لە ژێر ناوی "فروغ جاویدان"دا ـ کە لە سەرەتادا پێشڕەوییەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی ـ بوو بەو بیانوویە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ یەکلاکردنەوەی حیسێبی ڕێژیمەکەیان لەگەڵ تێکۆشەرانی بەندکراو، لێی دەگەڕان. ئەوان لەگەڵ ڕێکخستنی دژە هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر موجاهیدین و تێك شکاندنی هێرشەکەیان و، هاوکات لەگەڵ ئێعدامی دیلەکانی ئەو شەڕە لەبەر چاوی خەڵك، بەڕێوەبردنی پیلانی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانیشیان دەست پێ کرد. ئەو پیلانە، ئەگەر لە نێوەڕۆك و ئاکام و ئەنجامە خوێناوییەکانیدا، گەورەو بەربڵاوو بێوێنە بووو لە ماوەی چەند مانگدا، ئەرکی خۆی کە لە نێوبردنی چەند هەزار زیندانیی سیاسی بوو، "بەسەرکەوتنەوە" بەجێ گەیاند! لە ڕوانگەی ئیداری، "قانوونی" و "قەزایی" و تێکنیکی جێبەجێکردنەوە، سادەو هاسان و بێدەردەسەر بوو.

بەمجۆرە لە چەند مانگی هاوین و پاییزی ١٣٦٧دا، کە خەرمانان گەرمەی تاوان و جینایەتەکە بوو، هەزاران زیندانیی سیاسی، هەزاران ئینسانی شەریف و ئازادیخواز کە "تاوان"یان تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و بەختیاریی هاونیشتمانانیان دابوو، گیانیان لێ ئەستێندرا. هەزاران ژن و پیاوی دڵ پڕ لە ئەوین بە گەل و زەحمەتکێشان، هەزاران ڕۆڵەی خەباتگێڕ، بە میللییەت و بیروباوەڕی سیاسی و بەستراوەیی ڕێکخراوەیی جیاوازەوە، بە فەرمانی خومەینی و هاودەستەکانی ـ کە تا ئەمڕۆش جڵەوی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیان بە دەستەوەیە ـ مەزلوومانە شەهید کران. لە هەمووی تاڵتر ئەوەیە بەشێك لەو زیندانییانە دوامانگ و ڕۆژەکانی مەحکوومییەتی خۆیان تێپەڕ دەکرد، هێندێك لەوانیش بەشێك لە تەمەنی خۆیان لە زیندانەکانی ڕێژیمی شادا بردبووە سەر.

لەو کاتەوە تا ئێستا زۆر لەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕەوت و ڕەهەندو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵە بووە، هەر لە پاشماوەی زیندانییە سیاسییەکانەوە تا دەگاتە کەسوکاری قوربانییەکان، هەوڵیان داوە بەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان و بڵاوکردنەوەی زانیارییە بەنرخەکانیان، ئەو تاوانە گەورەیەی کۆماری ئیسلامی، هەرچی پتر لەقاوبدەن. لەونێوەدا نابێ کاری پڕبایەخی ئەو ناوەند، کۆمەڵە، ڕێکخراو، گۆڤارو ماڵپەڕە سیاسی، فەرهەنگی و مرۆڤدۆستانەش لەبیر بکەین کە کۆکردنەوەی وێنەو بەسەرهات و ناوی قوربانییەکان و، بیرەوەریی شاهیدان و، بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بەو کوشتارە بە کۆمەڵەیان کردوە بە ئەرکی خۆیان و لەم ڕێگایەوە هەوڵیان داوە بیروڕای گشتی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات لەم تاوانە سامناکەی کۆماری ئیسلامی لە نێو بەندیخانەکانیدا، ئاگادار بکەنەوە.

کۆماری ئیسلامی لە هاوین و پاییزی ١٣٦٧دا، هەزاران زیندانیی سیاسیی خۆڕاگرو بەچۆكدانەهاتووی بەم شێوەیە لەنێو برد تا بە خەیاڵی خۆی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی ناڕازیی ئێران چاوترسێن بکا و بیری وەرێخستنی جموجۆڵی شۆڕشگێڕانەو بەرهەڵستی و ڕاپەڕین لە دژی ئەو ڕێژیمە لە مێشکی خۆیان دەربکەن. بەڵام ئەو تاوانە گەورەو کەم وێنەیەش نەیتوانی کۆمەڵگەی ئێران بکا بەو گۆمە بێدەنگەی کە خومەینی، خامەنەیی، ڕەفسەنجانی و بەڕێوەبەرانی دیکەی ڕێژیم دەیانەویست. بۆیە لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا خەبات و بەربەرەکانیی کاریگەر بە دژی کۆماری ئیسلامی هەر لە بازنەی تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆندا نەمایەوەو، چووە نێو قووڵایی کۆمەڵ و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك. حەرەکەتە ڕۆشنگەرانەو ئازایانەکانی توێژە ڕووناکبیرەکان و، ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە شارە جیاوازەکانی ئێران، ئەویش لە سەردەمێکدا کە ئێعدامی تاق تاق و پۆل پۆلی خەباتگێڕان و تیرۆرو ڕەشەکوژیی ئازادیخوازان لە پەرەگرتن دابوو، نیشانی دا کە جینایەت، سەرکوت و زەبروزەنگ چارەساز نین. چونکە لە جیاتی ترساندنی خەڵك و دەستەمۆکردنی ئەوان بۆ دەسەڵاتدارەتیی ئاخوندەکان، ڕق و نەفرەتێکی بێسنوور لەو دەسەڵاتدارەتییە خوێنڕێژو ئازادیکوژەی لە دڵی داکۆکردوونەوەو لە دەرفەتێك دەگەڕێن تا ئەم ڕق و نەفرەتە بەگژ دەسەڵاتداراندا بکەنەوە.

ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی جارێکی دیکە دەریان خست کە نە کۆماری ئیسلامی بێ زیندان و ئەشکەنجەو کوشتن دەتوانێ حکوومەت بکا، نە خەڵکی خەباتگێڕی ئێران و ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان ئامادەن سەبارەت بە سەرکوت و کوشتارو چوونە زیندان و قوربانیدان لە پێناوی ستاندنی هەق و ئازادیدا، گۆشەی عافییەت هەڵبژێرن و تەسلیمی ئەو ڕێژیمە بن. هەر ئێستاش زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە خوێندکارانی ئاگاو ئازا، لە ڕۆژنامەنووسانی بوێرو ڕاستوێژ، لە وەکیلان و حوقووقزانە نەترس و هەقپارێزەکان، لە لاوانی داواکاری ئازادی و دیموکراسی و لە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوە خەباتگێڕەکان، جمەیان دێ. هەر ئێستاش بێدادگاکانی ئەو ڕێژیمە لە ژووری دەرگا داخراودا، لە دەرکردنی توندترین و دژی ئینسانیترین سزاکان بە تایبەتی سزای ئێعدام لە دژی خەباتکارانی گەلی کورد، غافڵ نین. بەڵام هەروا کە یادو ناوی هەزاران شەهیدی هاوین و پاییزی ١٣٦٧، هاوبیروباوەڕانیئەوان و ئازادیخوازانی ئێرانی لە سەر خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە، شێلگیرتر کرد، ئەمڕۆش هەر تاوان و جینایەت و ڕەفتارێکی وەحشیانەی دەسەڵاتداران لە زیندان و دەرەوەی زینداندا بە دژی ئازادیخوازان و خەباتکارانی کۆڵنەدەر، گیانی بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و دیکتاتوری لە نێوخەڵکدا بەهێز دەکا.

ئەمڕۆ "خاوەران" و ئەو گۆڕستانانەی بەڕێوەبران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ژێرخاك کرانی ئازادیخوازان لەواندا ناوی "لەعنەتئاباد"یان لەسەر داناون، بوون بە زیارەتگەی کۆمەڵانی میلیونیی خەڵکی ئێران. ئەمڕۆ، کوشتاری بەکۆمەلی هەزاران تێکۆشەری بەندکراو، بووە بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری تاوانی ئەم ڕێژیمە لە دژی مرۆڤایەتی. ئەمڕۆ، خەڵکی ئێران جگە لە ڕووخان و لەنێوچوون هیچ چارەنووسێکی دیکە بە ڕێژیمێکەوە ڕەوا نابینن کە بەم چەشنە ئازیزان و جگەرگۆشەکانی قەڵاچۆکردوون.